# 19

تشرینی یەکەمی ٢٠١٦

# بڕوا

گۆڤارێکی بواری پەروەردەو گەشەپێدانی مرۆیی گشتییە


**خاوەنی ئیمتیاز و سەرنووسەر**

یاسین ئەحمەد زەنگەنە

٠٧٥٠٤٣٣٨٥٨٧ - ٠٧٧٠١٤٨٨٩٦٢

yaseenzangana@yahoo.com

**ڕاوێژکاران**

د.کەریم ئەحمەد    د. ئەحمەد وەرتی

**دەستەی نوسەران**

ئاراس حەمە ئەمین

ئەمیر ئەحمەد کۆیی

ڕابەر ئەحمەد وەرتی

ابراهیم برهان

نەرمین مستەفا

**تایپ**

هاوڕێ یاسین



2


10


14


18


25


28


32


38





دیزاین گۆڤاری بڕیار

ناردنی ڕیکلامو بابەت و پەیوەندییەکان لەڕێگای سەرنووسەرەوە دەبێت

نرخی 2000 دینارە


## مجلة بروو

مجلة تعنى بمجالات التربية والتنمية البشرية

## Braw magazine

amagazine in the scope education and public humanistic development


ئەم گۆڤارە بە سپۆنسەری تۆڕی دەروازەی چاکە بۆ بانگەواز و هوشیاریی کۆمەڵایەتی دەردەچێت



بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان



# با دڵو دەروونمان خاوێنکەینەوە!

خاوێنکردنەوەی دڵ و دەرون پێداویستیەکی مرۆڤی مسوڵمانە لە هەموو کات و ساتێکدا بە تایبەت لەم قۆناغ و سەردەمەدا کە لادان و خراپەکاری و تاوان لە ئاستێکی زۆر بەرزدایە.

- پێناسەی (تزکیە):

بریتیە لە خاوێنکردنەوەی دڵ و دەرون لە سیفات و ئاکاری ناشیرین و ناڕەواو ڤێزەون و خراپەکاری، وە رازاندنەوەی دڵ و دەرون بە سیفات و کاری چاك و رەوشتی جوان و پەسەند و خوازراو، وە پەروەردەکردنی دڵ و دەرون لەسەر هەموو ئاکار و رەوشت و هەڵسوکەوتێکی جوان.

بە واتایەکی تر تزکیە بریتیە لە خاوێنکردنەوەی دڵ و دەرون لە بەڵاو نەخۆشی هەڵسوکەوت رەفتار.....

لاشەی مرۆڤ چۆن نەخۆش دەکەوێت بەهەمان شێوە دڵ و دەرونی مرۆڤیش نەخۆش دەکەوێت، چارەسەری لاشە بە خۆپاراستن و بەکارهێنانی داودەرمانە، چارەسەری نەخۆشی دڵ و دەرونیش بە ئەنجامدانی کاری چاکەو خواپەرستی و خۆپاراستن لە گوناهو تاوان و خراپەکاری و لادان.

- دڵ و دەرونی مرۆڤ پێویستی بە پەروەردەو گەشەکردن و خاوێنکردنەوە هەیە تا کامڵ و چوست و چالاك بێت، هەروەك چۆن لاشە پێویستی بە خواردن وخواردنەوە هەیە.

- تزکیە بەو شێوازە دەبێت کە لە قورئان و فەرمودەدا هاتووە بە واتای تزکیە لەسەر رێباز و بەرنامەی پێغەمبەران دەبێت، چونکە پێغەمبەران پزیشکی پسپۆڕی خاوێن کردنەوەی دڵ و دەرونن، ئەمەش قورس و گرانترە لە چارەسەری نەخۆشیەکانی لاشە، هەر بۆیە خوای گەورە ئەم کارە گەورەیی بە پێغەمبەران سپاردووە.

- بە کورتی دەکرێت بوترێت تزکیە بریتیە لەوەی ئەو راستیە بزانی خوات لەگەڵدایە لە هەر کات و شوێنێکدا بیت.

- بۆ تزکیە گرنگە؟

١- چەندین دەقی قورئان و فەرمودەی پێغەمبەر (ﷺ) هەن باس لە گرنگی و پێویستی تزکیە دەکەن وەك:

(قَدْ أَفْلَحَ مَن زَكَّاهَا. وَقَدْ خَابَ مَن دَسَّاهَا) الشمس ٩-١٠

هەروەها (قَدْ أَفْلَحَ مَن تَزَكَّى. وَذَكَرَ اسْمَ رَبِّهِ فَصَلَّى) الاعلى ١٤-١٥

پێغەمبەری خوا فەرمویەتی (اللَّهُمَّ آتِ نَفْسِي تَقْوَاهَا وَزَكِّهَا أَنتَ خَيْرُ مَنْ زَكَّاهَا أَنتَ وَلِيُّهَا وَمَوْلاهَا). مسلم

٢- ئەرکی سەرەکی پێغەمبەران بریتی بوە لە تزکیە (هُوَ الَّذِي بَعَثَ فِي الْأُمِّيِّينَ رَسُولًا مِنْهُمْ يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِه وَيُزَكِّيهِمْ وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَإِنْ كَانُوا مِنْ قَبْلُ لَفِي ضَلَالٍ مُبِينٍ) الجمعە٢.

٣- پێشینی ئەم ئومەتەو زانایان و خواناسان بایەخی تایبەتیان بە تزکیە داوەو بە ناوەڕۆك و کاکڵەی دینداریان زانیوە.



ئاراس حمە أمین

# پێشەنگی پیاو چاك (القدوة الحسنة) لای زانایانی موسوڵمان -نورسی بەنمونە-

دەستەواژەی (القدوة الحسنة) کەلەزمانی کوردیدا بەواتای پێشەنگی پیاو چاك یاخود پێشەوای پیاو چاك دێت، گرنگییەکی بەرچاوی هەیە لەئایینی پیرۆزی ئیسلامداو بەتایبەت لەبواری کاری بانگەوازدا، دەتوانین بڵێین خوای پەروەردگار هەر لەسەر ئەم بنەمایەوە پێغەمبەرانی هەڵبژاردووەو کردوونی بەنیشاندەری رێی یەکتاپەرستی و خواناسی بۆ گەلەکانیان، تێکڕای پێغەمبەران پێش پێغەمبەرایەتیش پێشەنگ و نمونەی کەسانی رەوشت بەرزو چاکەخوازو دادپەروەر بوون، هەر لە پێشەوای پێغەمبەرانەوە (محمدﷺ) تا دەگاتە پێغەمبەر (نوح و ابراهیم و موسا و عیسا و یوسف.. هتد) سەلامی خوایان لەسەربێت، ئەوانەی بەڕوونی لەقورئانی پیرۆزدا چیرۆکی ژیانیان باسکراوە.

ئەوەی زانایان جەختیان لەسەر کردووەتەوە ئەوەیە کە کەسی پێشەنگ و رێنیشاندەری چاکە ئەو کەسەیە کردارو گوفتاری لەگەڵ یەك هاوسەنگبن و داوای ئەنجامدانی هەرشتێك بکات لەخەڵکی خۆی پێشەنگبێت لەئەنجامدانی و هەرشتێکیش لەخەڵکی قەدەغەبکات خۆی پێشەنگبێت لە نەکردنی و بەرەنگاربوونەوەی، بۆیە ئەگەر کەسێك خۆی کردار بەوتەکانی خۆی نەکات نەك هەر ناتوانێت چاکسازی بکات، بەڵکو وەك کوردەواری دەڵێت: (ریسەکەی دەبێتەوە بەخوری) و ئەنجامی کارەکەی پێچەوانە دەبێتەوەو دەبێتە گومراکەری خەڵکی و سەرلێتێکدەر بۆیان.

بێگومان خوای پەروەردگار لەقورئانی پیرۆزدا بەڕوونی باسی لەم بابەتە گرنگە کردووەو باوەڕدارانی لێ ئاگادار کردووەتەوە، وەك دەفەرموێت: ﴿ أَتَأۡمُرُونَ ٱلنَّاسَ بِٱلۡبِرِّ وَتَنسَوۡنَ أَنفُسَكُمۡ ﴾ (البقرة:٤٤)، واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە ئایا فەرمان بەخەڵکی دەکەن بەچاکەو خۆتان لەبیردەکەن؟.

هەروەها لە ئایەتێکی پیرۆزی دیکەدا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لِمَ تَقُولُونَ مَا لَا تَفۡعَلُونَ $ كَبُرَ مَقۡتًا عِندَ ٱللَّهِ أَن تَقُولُواْ مَا لَا تَفۡعَلُونَ ﴾(الصف:٢—٣)، واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە بەخواو پێغەمبەرەکەی بۆچی شتانێك دەڵێن کە خۆتان کاری پێناکەن، ئێوە بەو کارەتان گوناهێکی گەورە دەکەن و لای خوای گەورە سزاو تۆڵەیەکی توند بۆخۆتان مسۆگەر دەکەن.

بۆیە پێشەنگی پیاوچاك لە ئیسلامدا کە لەدوای پێغەمبەران زانایان و خواناسان و بانگخوازان رێنموییکاران وێنای دەکەن بابەتێکی زۆر هەستیارەو تەنها خۆی لە گوفتاردا نابینێتەوە، بەڵکو دەتوانین بڵێین لەم بابەتەدا کردار رۆڵی زیاتر دەبینێت و راڤەکاری راستەقینەی گوفتارەو بەبێ کردار گوفتار جگە لەکۆمەڵە رستەو دەستەواژەیەکی وشك و بێ گیان هیچی دیکە نییە، کەواتە ئەوەی کە گیان دەکات بەبەری گوفتاردا و وادەکات هەمووان بەباشی لێی تێبگەن و کاریگەری ئیجابی دروستبکات، خستنەبواری کرداریی وتەکانە، کاری بانگەوازی ئیسلامیش هەر لەم رێیەوە

دەتوانێت بگات بە ئامانجەكانی و سەركەوتن بەدەستبهێنێت.

یەكێك لـەو زانـاو پێشەوایانەی لەسەر ئەم بابەتە قسەو ئامۆژگاری بەپێزی هەیە و ڕۆڵی گەورەو بەرچاوی هـەبـووە لـە نـیـشـانـدانـی وێنەیەكی راستەقینەی (پێشەنگی پیاوچاك)، زانـاو مامۆستاو خواناسی بەناوبانگی كورد مامۆستا (سعید نورسی)یە كە لەژیانی ڕۆژانـەی خۆیدا بەشاهیدی هـاوڕێ و قوتابی و ئـەو كەسانەی بینیویانە پێشەنگ بووە لە زانست و خواپەرستی و هەمیشە وتەكانی گـرێدراوی كـارو كـردەوەكـانـی بـووە، ئەم زانا پایە بەرزە خاوەنی كۆمەڵە كتێبێكە بەناوی (پەیامەكانی نوور) كە ژمارەیان (٩) نۆ كتێبەو پڕن لە وانەو ئامۆژگاریی بەپێزو كاریگەر، فەلسەفەی بانگەواز لای ئەم زانا بەرێزە بنیاتنراوە لەسەر ئاوێتەكردنی گوفتارو نوسین و كـردار بەیەكتری، لەقوتابخانەكەی نـورسـیـدا كـردار پشتراستی هەموو وتـەو نوسینەكان دەكـاتـەوە، بەواتای ئـەوەی وتەو نوسینەكان لەگەڵ كارو كردەوەكان تەعبیر لەیەكتری دەكەن و راڤەكاری یەكترن.

بـۆیـە بـەبـۆچـوونـی تـوێـژەران و شـارەزایـان ئـەم خـاڵـە هـۆكـاری سەرەكی سەركەوتن و بڵاوبوونەوەی پـەیـامـەكـانـی نـووره بەشێوەیەكی بەرفراوان، چونكە وتەو نوسراوێك كە زادەی كارو كردەوەبێت زۆر بەئاسانی دەچێتە ناو دڵ و دەرون و جێی خۆی لەناو هەست و ویـژدانـی مرۆڤەكان دەكـاتـەوەو كاریگەریی درێژخایەن لەسەریان دروست دەكات.

لەپێشترین مەبەست لای پێشەوا نـورسـی بـۆ دروسـتـكـردنـی كەسی پێشەنگ لەچاكەو چاكەكاریدا بریتیە لـە پـەروەدەكـردنـی مـرۆڤ سـەرەتـا لەسەر (تـەقـوا) و چاكسازیكردن و بەرەنگاربوونەوەی خراپەكانی ناو ناخی خۆی، لەم چوارچێوەیەدا و لە كتێبی (الكلمات لاپەڕەی ٢٩٧) دەڵێت: (ما دامت نفسي التي بين جنبي أمارة بالسوء فلابد أن أبدأ بها أولا، لأن من عجز عن إصلاح نفسه فهو عن غيرها أعجز)، واتە: مادام دەرونم هەمیشە فەرمانم بەخراپە پێدەكات و حەزی بـەلادان و دوركەوتنەوەیە لەچاكە، كـەواتـە پێویستە سـەرەتـا لـەوەوە دەستپێبكەم بەچاكسازی، لەبەر ئەوەی كـەسێك كـە چاكـسازی لـەخۆیـەوە پێنەكرێت و توانای زاڵبوونی نەبێت بەسەر خراپەكاریەكانی ناو دەرونی خۆیدا، بەهیچ شێوەیەك ناتوانێت چاكـسازی لـەكـەسانی دیـكـەی نـاو كۆمەڵگەكەی خـۆیـدا بـكـات، یاخود كاریگەریی باش لەسەریان دروستبكات.

هـاوكـات لـە شوێنێكی دیكەو لە كتێبی (المكتوبات لاپەڕەی ٩١) دەڵێت: (إن الحقائق الإيمانية التي كتبتها، خاطبت بها نفسي مباشرة، ولا أدعو إليها الناس جميعا، بل الذين أرواحهم محتاجة وقلوبهم مجروحة يتحرون عن تلك الأدوية القرآنية، فيجدونها)، واتە: ئەو راستیانەی دەربارەی بیروباوەڕی ئیسلامی نووسیومە، سەرەتا داومن بەگوێی خـۆمـداو مەبەستم نەفسی خۆم بـووە، هەروەها داوام لەهەمووخەڵكی بەشێوەیەكی گشتی نەكردووە بە پابەندبوون بەو ڕاستیانە، بەڵكو دەیدەم بەگوێی ئەو كەسانەی دەرونیان پێویستی پێیەتی و دڵیان برینداره بە تیری گومان و گرفتارن بە نەخۆشی دودڵی و تامەزرۆی دۆزینـەوەی ئەو دەرمـانـەن كە چارەی دەردەكانیانی پێبكەن، ئـەو دەرمـانـەش بریتیە لەو راستیە ئیمانیانەی لەقورئانی پیرۆز وەرگیراون و بەڕوونكراوەیی لەپەیامەكانی نوردا دەیدۆزنە.

هەر بۆیە كاتێك پەیامەكانی نور دەخوێنینەوە دەبینین لەزۆر شوێندا نووسەر كاتێك دەیەوێت ئامۆژگارییەك بگەیەنێت یان گومانێك برەوێنێتەوە بەشێوەی گفتوگۆ لەگەڵ خۆكردن (أسلوب مخاطبة النفس) دەنوسێت و ئاماژە بۆ دەروونی خۆی دەكات و ڕوی ئامۆژگاریەكان دەكاتە نەفسی خۆی، وەك ئەوەی بیەوێت بەخوێنەر بڵێت: من ئەم گفتوگۆیە لەگەڵ خۆم دەكەم و پێش هـەمـوو كـەس پـەروەردەی نەفسی خۆم دەكـەم، دەتـۆش كاتێك ئـەم پـەیـامـانـە دەخـوێـنـیـتـەوە وا هەست مەكە كەسێك ئامۆژگاریت دەكـات و دەرس و وانـەت پێدەدات، بـەڵـكو وابـزانـە خـۆت نووسیوتن و هـەر خۆیشتیت ئـەم ڕاستیانە لەناخی خۆتدا هەڵدەسەنگێنیت و بـەدامـەزراوی بـاوەڕیـان پێدەهێنیت، هەروەك لە كتێبی (الملاحق لاپەڕەی ٩٩) دەڵێت: (ان رسائل النور تحاول اولا اقناع نفس مؤلفها ثم تخاطب الآخرين؛ لذا فالدرس الذي أقنع نفس المؤلف الأمارة بالسوء إقناعا كافيا و تمكن من إزالة وساوسها وشبهاتها إزالة تامة، لهو درس قوي بلاشك، وخالص أيضا بحيث يتمكن وحده من أن يصد تيار الضلالة الحاضرة التي اتخذت شخصية معنوية رهيبة -بتشكيلاتها الجماعية المنظمة- بل أن يجابهها و يتغلب عليها)، واتە: پەیامەكانی نور مەبەستی یەكەم و لەپێشینەی ئەوەیە سـەرەتـا بـاوەڕی نـووسـەرەكـەی بە ڕاستییەكان بچەسپێنێت و دواتر ڕوو بكاتە كەسانی دیكە بە باوەڕهێنیان بـەو ڕاستییانە، بۆیە وانـەیـەك لەم پـەیـامـانـە كـە توانیبێتی بـاوەڕی -نـەفـسی فـەرمـانـكـەر بـەخـراپـەی- نووسەرەكەی دامەزرێنێت بەتەواوی

و گومان و دودڵیەکانی بەیەکجاری بسڕێتەوە، بێگومان لەتوانایدایە ببێتە وانەیەکی بەهێزی وا کە بەتەنها خۆی ڕوو بە تەوژمێکی گەورەی گومڕایی ئەم سەردەمە بگرێت کە لەشێوەی کەسایەتیەکی مەعنەوی سامناکدا خۆی دەنوێنێت، بەڵکو بەرەنگاری بوەستێت و زاڵیشبێت بەسەریدا.

ئەگەر بمانەوێت بەتەواوی مافی ئەم بابەتە بدەین و بەوردی تیشك بخەینە سەر تێڕوانینی پێشەوا نورسی بۆ بابەتی پێشەنگی پیاو چاك لەبواری بانگەوازی ئیسلامیدا بێگومان بە بابەتگەلێکی لەم شێوەیە ناتوانین خۆمان لەقەرەی کارێکی وا گەورە بدەین، بەڵکو پێویستمان بە ئەنجامدانی چەندین توێژینەوەی زانستی و ورد هەیە تا بگەین بەو ئامانجە، بۆیە لەم چوارچێوە دیاریکراوەدا دەتوانین هەر ئەوەندە بڵێین کە زانایەکی گەورەی وەك (سعید نورسی) هەموو ژیان و نووسراوەکانی بەڵگەن لەسەر پێشەوایەتی و پێشەنگی لەکاری چاکەو بانگەوازی ئیسلامی سەرکەوتوودا کە دەکرێت هەموو لایەك پەندی بەهێزی لێوەربگرن لەکاری بانگردن بۆ دینی ئیسلامدا.

بۆیە ئەوەی بەڕوونی لەم سەردەمەدا دەیبینین و کاری بانگەوازی ئیسلامی و موسوڵمانانی دوچاری قەیران کردووە کاڵبوونەوەو نەمانی (القدوة الحسنة) یان ئەو پێشەنگ و پێشەوانەیە لەشێوەی نورسی کە دین و ژینیان تەواوکەری یەکتربن، لەوەش خراپتر تێبینی دەکرێت زۆرێك لەوانەی ئاڵای بانگەوازیان بەرزکردووەتەوە و ئامۆژگاری خەڵکی دەکەن بەچاکە کارو کردەوەیان پێچەوانەی وتەو ئامۆژگاریەکانیانە، هەمانە داوای سادەیی و دونیا نەویستی و ژیانی صەحابە ئاسا لەخەڵکی دەکات بەڵام خۆی بەخۆشیەکانی دونیاو لەناو نازو نیعمەتی تەکنەلۆجیای سەردەم و گەشت و گوزاری وڵاتان ژیان دەگوزەرێنێت! بەشێکیتر فەرمان بە توندکردنەوەی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان و پاراستنی خێزان دەکەین بەڵام خۆمان گیرۆدەی گرفتی خێزانی و کۆمەڵایەتین توانای چارەسەرمان نییە! تیاماندا هەیە پەندو ئامۆژگاریی هەیبەت و نەفس بەرزی پێغەمبەر و هاوەڵانی دەدات بەگوێی خەڵکی بەڵام خۆی لەبەردەم بێ نرخترین شتی دونیایی و ماڵ و سامان و پۆست و پلەو پایەی کاتیدا چۆك دادەدات!

ئەوەی پێویستە هەموو لایەك بە زانایان و بانگخوازان و ڕێنموییکاران و چاکەخوازان بەگشتی لێی بەئاگابن ئەوەیە کە ئەم شتە دژبەیەکانە بەربەستێکی گەورەن لەبەردەم بەرەوپێشچوونی کاری بانگەواز، بگرە هۆکاری لاوازبوونی ڕۆڵی کەسانی پاك و چاکیشن، دەبێت هەریەك لای خۆیەوە کاربکات بۆ زیندوکردنەوەو گەڕاندنەوەی ڕۆڵی پێشەنگی چاکەکار لەکاری بانگەوازی ئیسلامیدا کە کردارو گوفتاری هاوتەریببن لەسەر چاکەو دژایەتی خراپە، چونکە یەکێك لە جیاوازیەکانی ئەم سەردەمەو مرۆڤەکانی ئەوەیە کە زۆر بە وردی چاودێری لەسەر کارو کردەوەی ئەو کەسانە دادەنرێت کە ئامۆژگاری بەچاکە دەکەن و بانگەواز دەکەن بۆ ئیسلام، لەلایەك هەندێك کەس و لایەن کردەوەی بەشێك لە بانگخوازان دەکەن بەچەکی بەرەنگاربوونەوەی ئیسلام و پەشیمانکردنەوەی خەڵکی و دورخستنەوەیان لەئیسلام، لەلایەکی تر بوونی خاڵی لاوازی لەو شێوەیە لەکەسایەتی بانگخوازدا لەڕووی دەروونیەوە خۆی بۆخۆی بەسە بۆ نەمانی سەنگ و کاریگەریی وتەکانی لەسەر خەڵکی.

لەکۆتاییدا دەمەوێت یەکێك لەهەڵوێستە جوامێرانەکانی پێشەوا نورسی بەبیربخەمەوە کە مامۆستا (احسان قاسم الصالحي) -وەرگێڕی پەیامەکانی نور لەزمانی تورکیەوە بۆ عەرەبی- لەکتێبی (نظرة عامة عن حياة بديع الزمان سعيد النورسي، لاپەڕە ٢١) باسیدەکات و دەڵێت: کاتێك لەسەردەمی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمی خەلیفەی عوسمانیدا لە ساڵی (١٩٠٩ز) مامۆستا نورسی لەلایەن وەزیری ناوخۆی دەوڵەتی عوسمانیەوە بانگ کرا بۆ وەزارەت، مامۆستا چووەلای وەزیری ناوخۆ، وەزیر ڕوتێکرد و پێیوت: سوڵتان ڕێزو سەلامی تایبەتی بەمندا بۆ ناردویت و لەگەڵ ئەوەش بڕیاریداوە موچەی مانگانەت بەبڕی (١٠٠٠ هەزار قرش) بۆ ببڕێتەوەو کاتێك گەڕایتەوە شارو گوندەکەی خۆت موچەکەت بۆ دەکرێت بە (٣٠ سی لیرە مانگانە)، هاوکات ئەمەش (٨٠) هەشتا لیرەیە کە دیاری و بەخششی سوڵتانە بۆت، مامۆستا زۆر بەتوندی وەڵامی دایەوەو پێیوت: من هەرگیز داوای موچەم لەکەس نەکردووەو ڕازی نیم پێی ئەگەر (١٠٠٠) هەزار لیرەش بێت، لەبەر ئەوەی من ئێستا بۆ کارێکی شەخسی و تایبەتی نەهاتووم، بەڵکو لەپێناو بەرژەوەندی گەل و وڵاتدا ئامادەبووم، ئەمەش کە ئێستا ئێوە دەیخەنە بەردەمم لە تەماعی دونیا جگە لەدەمچەورکردن و بەرتیلێك بۆ بێدەنگ کردنم لەوتنی حەق بەهیچی تری نابینم.



# چۆن پەرە بە عەقڵت دەدەیت؟

د. ئەحمەد وەرتی

عەقڵ نیعمەتێکی گەورەیە کە خودا بە مرۆڤی بەخشیوە، کە داینەمۆو جوڵێنەری بنەڕەتی مرۆڤە کە بە هۆیەوە دەتوانێ بەرخورد لەگەڵ هەڵوێست و پێدراوەکان یاخود رووداوەکاندا بکات و بە بەرچاو روونییەوە هەنگاو بنێت.

ئایا مرۆڤ دەتوانێ پەرە بە عەقڵی خۆی بدات و زیاتر بزانێت و زانست و زانیاری پتر لەوەی هەیەتی وەدەست بخات؟ بە دەربڕینێکی تر ئایا دەکرێ تۆ زیرەکتر بیت و ئاقڵمەندتر و هۆشمەندتر بیت؟ ئەگەر وایە چۆن و بە چ ڕێگایەك؟

بەڵێ، مرۆڤ دەتوانێ ئەو کارە بکات.. ئێستا تۆ دەتوانی پەرە بە عەقڵی خۆت بدەیت و توانا عەقڵییەکانت بەرەو پێش ببەیت، زانستی نوێ سەلماندوویەتی ئێمە هێشتا زۆرێك لە توانا عەقڵی و هۆشییەکانی خۆمان بە کار نەهێناوە، بەمەش گەنجینەیەکی پڕ بەهامان کە خودای گەورە پێی بەخشیوین بە هەدەر داوە.

ئایا دەزانی مێشکی مرۆڤ (٢٠٠) دووسەد ملیۆن خانە لە خۆدەگرێت؟ عەقڵی مرۆڤ توانای ئەزبەرکردن و پاراستنی (١٠٠) سەد بلیۆن زانیاری هەیە.

ئێمە بەشێکی کەم لە توانا عەقڵییەکانمان بەکار دێنین کە (١٠) دە لە سەدی تێپەڕ ناکات. ئەگەر هەوڵ بدەین و دەرگا لەبەردەم عەقڵەکانمانا بکەینەوە بێ کێشەو بەربەست ئەوا بێگومان بەرهەم و دەسکەوتەکانمان سەدان ئەوەندەی ئێستا زیاد دەکات.

جاری وا هەیە مرۆڤ وادەیەکی گرنگی هەیە و لە بیری دەکات، دەیەوێت کارێك ئەنجام بدات و فەرامۆشی دەکات، یان ناوی کەسێك لە بیر دەکات کە پێشترناسیویەتی، کە ئەمەش دەبێتە هۆی شەرمەزاری و ناڕەحەتی بۆی، ئەم جۆرە هەڵوێستانە نیشانەی نەخۆشی و جێی مەترسی نین، دەکرێ بۆ هەر یەکێك لە ئێمە روو بدەن، سەرقاڵی و جەنجاڵی و گرفت و کێشەو ئاریشەی ژیان و ئیش و کاری جۆراو جۆر هۆکارن و ئەم حاڵەتانەش راگوزەرن و بەردەوام نابن، بۆیە جێی مەترسی و دڵەڕاوکێ نین.

بۆ دەرچوون لەم حاڵەتانەو بۆ پەرەدان بە توانا عەقڵییەکانت بە

شێوەیەکی گشتی، چەند ڕێنماییەك هەیە پێویستە بیان گریتە بەر، لەوانە:
زاڵ بوون بەسەر ئەو کۆسپ و لەمپەرانەی دەبنە بەربەست لە بەردەم فێربوون و وەرگرتنی زانیاری نوێ، چونکە فێربوون و وەرگرتنی زانست و زانیاری سنووری بۆ نییەو لە بێشکەوە تا گۆڕ بەردەوامی هەیە.

هەڵبژاردنی باشترین بابەت بۆ فێر بوونت لە وانەی خولیاو ئارەزووتن لە ژیاندا.

بەکارهێنانی باشترین کات وشێواز بۆ فێر بوون و خوێنەواری جیاواز لەوەی خەڵکانی تر بەکاری دێنن، کە ببێتە پاڵپشت ویارمەتیدەر لە بەدەستهێنانی زانست و فێربوونی شتی نوێدا.

بەکارهێنانی باشترینی هەستەکانت کە لە پرۆسەی فێربووندا پتر لەوانی دیکە بەکاریان دێنیت.

چالاککردنی زەین و هۆشت، ئەمەش بە ڕاهێنان و ئەنجامدانی چەند چالاکییەك کە دەبێتە هۆی گەشەی زیاتری مێشکت، لەوانە خوێندنەوەو موتاڵاکردنی کتێب و گۆڤارو ڕۆژنامەو یاداشتکردنی خاڵە گرنگەکان لە پرۆسەی فێربوون و خوێندنەوەدا و ئەزبەرکردنی پوختەی بابەتە خوێنراوەکان.

پشوودانی کورت، دوای ماندوو بوون و ئەنجامدانی هەر کارێك باشتر وایە پشوو بدەیت گەر پشوودانێکی کورتیش بێت بۆ پاریزگاری کردن لە تەندروستیت و چالاکی و بەردەوامیت.

خەوتن، خەوتنێکی تەندروست کە کاتی پێویستی لە خۆگرتبێت بۆ حەوانەوەی مێشك و جەستە، دەبێتە هۆی ئەوەی کە جەستەت هاوسەنگی خۆی بپارێزێت و دووری بخاتەوە لە هەر ماندووبوونێك و توانا عەقڵی و هۆشییەکان بەگەڕ دەخاتەوە و کاریگەرییە نەرێنییەکان لە سەر ئەنجامدانی ئەرك و کارەکانی مێشك دوور دەخاتەوە.

دوور کەوتنەوە لەو شتانەی دەبنە هۆی دڵەڕاوکێ و نیگەرانی یان خەم و خەفەت لەوانەی فشار لەسەر دەروون و مێشك دروست دەکەن و کاریگەری نەرێنییان دەبێت لە سەرچالاکی عەقڵ و زیرەکیت بە تایبەت تووڕە بوون و هەڵچوونی لە ڕادەبەدەر.

بوونی پلان و ڕێکخستنی کاری ڕۆژانە، پێویستە هەوڵ بدەیت ئیش و کاری ڕۆژانەت ڕێك بخەیت و پلانت هەبێت بۆ کاروبارەکانی ئێستا و ئایندەت، دەتوانی بە پێی ئەولوویەت و لە پێشینەییان خاڵبەند و ریزبەندیان بکەیت وبە قەڵەم لە سەر کاغەز یاخود لە سەر کۆمپیۆتەرەکەت تۆماریان بکەیت، سەرکەوتنی هەر کارێك بەندە بە بوونی نەخشەو پلانی تۆکمە و بەکارهێنانی میکانیزمی گونجاو وشێوازی تەریب لەگەڵ کارەکە.

خواردنی باش و خاوێن و تەندروست و ئەنجامدانی وەرزش، ئەمانەش بەشێکن لە هۆکارەکانی بەردەوامی چالاکی جەستەو مێشك.

هەموو ئەمانە، دەبنە هۆی پەرەدان بە عەقڵ و زەین و زیریت، ئەو نیعمەتە مەزنەی بە هۆیەوە مرۆڤ جیابۆتەوە لە هەموو بوونەوەرەکانی ترو زۆر تواناو نهێنی گەورەو شاراوە هەیە بە هۆی بەگەڕ خستنی عەقڵ و پەرەپێدانی، دەردەکەون و دەبنە مایەی زێتر بوونی زانست و زانیاری و بەهرەی زیاتر بۆ خودی مرۆڤەکە و سوود گەیاندن بەوانی تریش.

دەجا ڕابەو دەرفەتی ژیان بقۆزەوەو پەرە بە عەقڵت بدە تا لە ژیان بەهرەمەند بیت.

ئێمە بەشێکی کەم لە توانا عەقڵییەکانمان بەکار دێنین کە (١٠) دە لە سەدی تێپەڕ ناکات. ئەگەر هەوڵ بدەین و دەرگا لەبەردەم عەقڵەکانمانا بکەینەوە بێ کێشەو بەربەست ئەوا بێگومان بەرهەم و دەسکەوتەکانمان سەدان ئەوەندەی ئێستا زیاد دەکات.

چالاککردنی زەین و هۆشت، ئەمەش بە ڕاهێنان و ئەنجامدانی چەند چالاکییەك کە دەبێتە هۆی گەشەی زیاتری مێشکت، لەوانە خوێندنەوەو موتاڵاکردنی کتێب و گۆڤارو ڕۆژنامەو یاداشتکردنی خاڵە گرنگەکان لە پرۆسەی فێربوون و خوێندنەوەدا و ئەزبەرکردنی پوختەی بابەتە خوێنراوەکان.

دوور کەوتنەوە لەو شتانەی دەبنە هۆی دڵەڕاوکێ و نیگەرانی یان خەم و خەفەت لەوانەی فشار لەسەر دەروون و مێشك دروست دەکەن و کاریگەری نەرێنییان دەبێت لە سەرچالاکی عەقڵ و زیرەکیت بە تایبەت تووڕە بوون و هەڵچوونی لە ڕادەبەدەر.

خواردنی باش و خاوێن و تەندروست و ئەنجامدانی وەرزش، ئەمانەش بەشێکن لە هۆکارەکانی بەردەوامی چالاکی جەستەو مێشك.



# پەیوەندی نێوان زمان و دەروونی مرۆڤ

نووسینی: ئاسۆس ئەنوەر سلێمان

زمان وەك دراوێكی دوو ڕوو وایە، ڕووێكی دەنگییەو بەرجەستەیە، كە بریتییە لە پێكهاتەی قسەو نووسین كە تاكە دەنگەكانی زمان دروستیان دەكەن، ڕووی دیكەی بریتییە لە لایەنی دەرجەستە «معنوی» زمان، كە لەناخی مرۆڤدایە، بەر هیچ كام لە پێنج هەستەكەی مرۆڤ ناكەوێت و لەناخدا هەستپێكراوە، ناخی مرۆڤیش كە دەروون و مێشكی مرۆڤ دەگرێتەوە، لایەنی دەروونی مرۆڤ كاریگەری بەسەریانەوە هەیە، كەواتە زمان دیوی شاراوەی مرۆڤ دەخاتەڕوو و دەری دەبڕێت، جۆر و شێوازی قسەكردن یاخود نووسین و تەنانەت زمانی جەستەش لەلای مرۆڤ لەژێر كاریگەری زماندان و بەهەمان شێوەش دەروونی مرۆڤ دەكەوێتە ژێر كاریگەرییەكانی زمانەوە.

بۆیە زمانناس و دەروونناسەكان گرنگییان بەم كاریگەرییە ئاڵۆگۆڕەی هەریەك لە زمان و دەروون داوەو، هەریەك بەجۆرێك بۆ باسەكە چوون، هەر بۆ ئەمە زانستێكی تایبەتیان لەو نێوەندە دانا لەژێر ناوی «زمانەوانی دەروونی» كە كار لەسەر چۆنییەتی پەیدابوون و فێربوونی زمان دەكات، چ شێوازێكی زمان لەگەڵ هەر قۆناغێكی تەمەن دەگونجێ ؟ چ شێوازێكی ڕستە كار لە دەروونی مرۆڤ دەكا، بەپێی ئەو دۆخە دەروونییەی كە تیایدایە؟ چ جۆرە ڕستەیەك وروژێنەرەو هەڵوێست دەگۆڕێ؟ كامە ڕستە هاندەرەو ورە بەرزدەكاتەوە یان ڕوخێنەرە، بۆیە زمانەوانان لەڕێگەی شێوازی قسەكردنی بەرامبەر بۆیان دەردەكەوێت بەرانبەر چ جۆرە كەسایەتییەكی هەیە، وەك ئەوەی باوەو دەوترێت «قسە بكە تا بتناسم».

بۆیە گرنگی ئەم بوارە لەوەدایە كە ڕوونی دەكاتەوە چۆن قسە بكەین، بەلەبەرچاوگرتن و خوێندنەوەی ناخی بەرامبەر بۆ ئەوەی بگەینە ئامانجی دیاریكراوی قسەكردنی خۆمان لەگەڵ بەرانبەر، بەشێوەی لای خوارەوە:

لەبواری پەروەردەدا دەبێ بزانین چۆن وشەو ڕستەكانمان ڕێكدەخەین بەر لەوەی دەریانببڕین، تا بەئامانجی گونجاوی پەروەردەكردنی خۆمان بگەین، بۆ نموونە:

دایك و باوك دەبێ قسەكانی ئامانجی پەروەردەیی تێدا پەیڕەو كرابێت و ڕەچاوی لایەنی دەروونی بەرانبەری تێدا كرابێت، كاتێك لەگەڵ منداڵەكەی قسەدەكات، كاریگەریی و ڕەنگدانەوەی قسەكانی لەبەرچاوبگرێت، سەیری ئەم دەستەواژەو ڕستانەی خوارەوە بكە:

كوڕم تۆ قەت هیچ فێرنابیت!! سەیری براكەت بكە، ئافەرین بۆ ئەو، خۆ وەك تۆ دەبەنگ نییە!!!

ئەم دەربڕینەی سەرەوە كاریگەری ڕۆخێنەری لەسەر دەروونی بەرانبەر هەیە. كەچی لە هەمان كاتدا دەربڕینێكی تری وەك:

كوڕی خۆم دڵتەنگ مەبە كەمێك هەوڵ و كۆششی پێویستە و منیش هاوكارت دەبم و بەباشی فێردەبیت، من دڵنیام تۆ زیرەكی.

ئەو دەربڕینەی سەرەوە كاریگەری ئەرێنی دەبێت لەسەر منداڵەكەی وە شێوازێكی هاندانی تێدایەو ڕووخێنەر نییە وەك دەربڕینی یەكەم.

زمان ڕۆڵێكی گەورە دەبینێت بۆ ڕازیكردنی بەرانبەر، وەك چۆن سیاسییەكان توانیویانە جەماوەرێكی زۆر بۆخۆیان كێش بكەن لەڕێگەی زمانەوە و شارەزاییان لە وتاردان و خوێندنەوەی ئەو كەسانەی كە قسەیان بۆ دەكەن، تا بزانن چ جۆرە قسەو گوتنێك هەڵدەبژێرن.

هەندێك نموونە، كە كاریگەرییەكانی زمان دەردەخەن، لەوانە وەك لەپەند و ئیدیەمی كوردیدا دەردەكەون:

«مار بە قسەی خۆش لەكون دێتەدەرەوە»

«زمان بەڵای سەرە»

«زمانی بگەڕێ ڕەشت لێدەكاتە سپی»

«زمانی شرە، قسەی ڕەقە، زمانی

لوسه.....هتد»

جگه لـەوە ئەگەر لەقسەی ڕۆژانـەی خەڵك وردبینەوە كاریگەرییەكانی زمانمان بەشێوەی جۆراوجۆر بۆ دەردەكەوێت لەسەر لایەنی دەروون، بۆ نموونە:

ئـەو كەسانەی ئەرێنین، هەموكات خەڵكی پێیان دڵخۆش دەبێت و بە خەمرەوێن لەقەڵەم دەدرێن، بۆیە تەنانەت ئەگەر دڵیشت تەنگ بێت خوازیاری گوێ بۆ قسەی ئەو كەسانە بگریت، تا كەمێك لە ئازارەكانت كەمكاتەوە، بۆیە دەگوترێت «باش بوو هاتی وەڵاهی خەریكبوو دڵم دەتەقی».

یان بۆ ئارامكردنەوەی كەسانێك لەكاتی تووڕەبووندا، قسە ڕۆڵێكی وا دەبینێت كە بەرامبەر ئارامبكاتەوە، بۆیە هەندێكجار لەو جۆرە كەسانە دەبیستین و دەوترێت «بەڕاستی بە قسەكانت ئارامت كردمەوە، ئەگەرنا خەریكبوو دۆ و دۆشاوم تێكەڵ دەكرد».

بـۆیـە دەبـیـنـیـن لـەكـاتـی دژواری پـەیـوەنـدی نـێـوان دوو خـێـزان، وە بۆ ئارامكردنەوەیان، كەسانێك دەنێردرێن كە قسە زان بن و بزانن ئەو بارودۆخە چ جۆرە قسەیەك هەڵدەگرێت و چۆن كاریگەری ئەرێنی دروست بكەن و دوبەرەكی نێوانیان كەمبكەنەوە نەیهێڵن.

هەروەها بۆ ژن و ژنخوازی بەهەمانشێوە دەبێ بەرپرێزێكی زۆرەوە خەڵكانێك بنێردرێن بۆ ماڵی بووك و قسەی كاریگەرو دلخۆشكەر و جـوان بكەن تـا دوو خـێـزان بەیەكتر بگەیەنن.

وەك لەم نموونانەی سەرەوە و چەندین نموونەی بێ ژمـارەدا دەردەكەوێت، زمان ڕۆڵـێـكـی زۆر كـاریـگـەری هـەیـە لـەسـەر دەروونی مرۆڤ، بەهەردوو ڕووی ئەرێنی نەرێنی، ئێمەی مرۆڤ لە تەواوی ژیانماندا پێویستە بزانین چۆن و بـەچ شێوازێك قسە لەگەڵ بەرانبەر دەكەین، بۆ ئەوەی بتوانین دەروونی بەرامبەر لەبەرچاوبگرین و نەهێڵین قسەكانمان كاریكەری دەروونی خراپیان لەسەر بەرامبەر هەبێت.



بــــرەو

# تۆبەم پێناكرێت!

دەڵێن پیاوێك هاتە لای ئیبراهیمی كوڕی ئەدهەم (رەحمەتی خوای لێبێت) وتـی: ئـەی ئیمام، دەمەوێت تۆبە بكەم و واز لــە گوناهو تاوان بهێنم، بەڵام بۆم ناكرێت و دووبارە دەگەڕێمەوە سەری، شتانێكم نیشان بدە بمپارێزێت و چیتر لەخوا یاخی نەبم و تاوان و گوناه ئەنجام نەدەم.

ئیبراهـیـم پێی وت: ئەگەر ویـسـتـت لەخوا یاخی بـیـت ئەوا یاخی مەبە لەسەر زەمینەكەیدا؟ پیاوەكە وتی: ئەی لەكوێ یاخی بم؟! ئەویش پێی وت: لـە دەرەوەی موڵك و زەمینی خوادا! پیاوەكە وتی: چۆن دەبێت ئەی ئیمام؟! زەوی هەمــوو موڵكـی خوایە! ئیبراهیم پێی وت: ئایا شـەرم ناكەیت، دەڵێی زەوی هەموو موڵكی خوایەو لەسەر زەوی خوادا تاوان و گوناە دەكەیت؟

هەروەها بە پیاوەكەی وت: ئەگەر ویستت یاخی بیت و تاوان بكەیت، ئەوا رزق و رۆزی خـوا مەخۆ! پیاوەكە وتـی: ئەی چۆن بژیم؟ ئەویش پێی وت: ئایا شەرم ناتگرێت، رزق و رۆزی خوا دەخۆیت و دواتر لێی یاخی دەبیت؟!

ئینجا پێی وت: گەر وازت نەهێناو هەر ویـسـتـت یاخی بیت، لە شوێنێكدا لێی یاخی بە كە نەتبینێت! پیاوەكە وتی: ئەوە چۆن دەبێت، لە هەر كوێیەك بین خوای گەورە لەگەڵماندایە ؟! ئەویش پێی وت: ئایا شەرم ناكەیت خوات لەگەڵدایەو لێشت نزیكە، كەچی هەر یاخی دەبیت؟

ئینجـا پێـی وت: گـەر وازت نەهێناو هـەر یاخی بوویت، ئـەوكات گەر فریشـتـەی گیانكێشـان هات بۆ گیانكێشـانت، پێی بڵێ مۆڵەتم بدە تا تۆبە دەكـەم! پیاوەكـە وتی: كێ دەتوانـێ ئەوە بكات؟! ئەویش وتی: ئایا شـەرم ناكەیت فریشـتـەی گیان كێشـان بێت و گیانت بكێشێت، تۆش لەنێو تاوان و یاخیبووندا بیت؟!

دواتر پێی وت: گەر وازت نەهێناو هەر ویستت یاخی بیت و گوناە بكەیت، ئـەوا گـەر كارگوزاری دۆزەخ هاتن و پەلكێشـیان كردیت بۆ نێو ئاگر، پێیان بڵێ: لەگەڵتاندا نایەم. پیاوەكە وتی: ئەوە چۆن دەبێت ئەی ئیمام؟! ئیبراهیم پێی وت: ئایا شەرم لەخوا ناكەیت، دواى رونكردنەوەی هەموو ئەم راستیانە.



ئا: یاسین زەنگەنە

# باشەرم لە خوای گەورە بکەین!!!

شەرم کردن لە خوای گەورە بەگەورەترین جۆری شەرم دێتە ئەژماردن، ئەمەش بەوە دەبێت ناکرێت بەندەکان چاکەو فەزڵ و نیعمەتەکانی خوای گەورە بە سەریانەوە بە خراپەو کوفرو ستەم و نکۆڵی کردن وەڵام بدەنەوە، لەکاتی بەڵاو گرفت و تاقی کردنەوەدا ناکرێت بەندەکان هاواریان لێ هەڵسێ و چاکەو منەت و رەحمەتی خوای گەورە بەسەریانەوە لە بیربکەن، ئەمەو دەبێت بەندەکان پابەندبن بە بڕیار و فەرمانەکان و نەرێیەکانی خوای گەورەو بەراستی لە خوای گەورە بترسن.

ئەم جۆرە شەرمە بەوە دێتەدی بەندەکان بیر لە نیعمەتەکانی خوای گەورە بکەنەوە، کە نیعمەت گەلێکی فراوان و گشتگیرە، دواتر بەندەکان بەخۆداچونەوەی دەرونی خۆیان بکەن و لێپرسینەوەی هەڵەو کەموکورتی و کەمتەرخەمیەکانیان بکەن. لەمبارەیەوە هەندێ لە زانایانی پێشین فەرمویانە (خف الله على قدر قدرته عليك، واستح منه على قدر قربه منك).

بەواتای لە خوا بترسە بە پێی توانای خوای گەورە بەسەرتەوە، لە خوا شەرم کە بە ئەندازەی نزیکی خوا لێتەوە. هەروەها خوای گەورە فەرمویەتی ﴿ أَلَمْ يَعْلَم بِأَنَّ ٱللَّهَ يَرَىٰ ﴿١٤﴾ ﴾ العلق: ١٤. بە واتای: ئایا نەیزانیوە کە خوا دەیبینێت و ئاگای (لەگوفتار و کرداریەتی).

هەروەها فەرمویەتی ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا ﴿١﴾ ﴾ النساء: ١. بەواتای: خوای گەورە چاودێرە بەسەرتانەوە.

جورئەت و بوێری بەندەکان لەسەر گوناهو تاوان و بەسوك تەماشا کردنی فەرمان و نەهیە شەرعیەکان بەڵگەیە لەسەر رێز نەگرتنی پەروەردگارو بەگەورە نەگرتنی. بوشری کوڕی حارسی حافی فەرمویەتی (لو تفكر الناس في عظمة الله تعالى لما عصوه) بەواتای گەر خەڵکی بیریان کردایەتەوە لە گەورەیی خوای گەورە هەرگیز لێی یاخی نەدەبوون.

شەرم کردن لە خوای گەورە واتە پابەندبوون بە فەرمانەکان و دوور کەوتنەوە لەو کارو گوفتارانەی خوای گەورە نەهی لێکردووە بۆ ئەم مەبەستەش پێغەمبەری ئازیز ﷺ فەرمویەتی (استحيوا من الله حق الحياء) قال قلنا: يا نبي الله انا لنستحي والحمد الله، قال (ليس ذاك

ولكن الاستحياء من الله حق الحياء: ان تحفظ الراس وما وعى، وتحفظ البطن وما حوى، ولتذكر الموت والبلى، ومن اراد الاخرة ترك زينة الدنيا، فمن فعل ذلك فقد استحيا من الله حق الحياء) ١

ماناى (استحيوا من الله حق الحياء) يانى لە خوا شەرم بكەن بە ئەندازەى وزەو تواناتان، هەروەك زانراوە مرۆڤ ناتوانێت هەستێت بە ئەنجامدانى هەموو كارەكانى سەرشانى بە شێوەيەكى كامڵ و تەواو، بەڵكو هەريەكە بە پێى وزەو تواناى خۆى كارەكانى خۆى ئەنجام دەدات هەروەك خواى گەورە فەرمويەتى ﴿فَاتَّقُوا اللَّهَ مَا اسْتَطَعْتُمْ وَاسْمَعُوا وَأَطِيعُوا وَأَنفِقُوا خَيْرًا لِّأَنفُسِكُمْ ۗ وَمَن يُوقَ شُحَّ نَفْسِهِ فَأُولَٰئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ ﴿١٦﴾﴾ التغابن: ١٦. بەواتاى هەتا دەتوانن بەتەقواو خواناس بن، گوێرايەڵ و فەرمان بەردار بن، خێر و چاكە بكەن، ئەوانە هەمووى بۆ خۆتان چاكە، جا ئەوەى خۆى بپارێزێت لە رەزيلى و رژدى و نەفسى خۆى، ئا ئەوانە هەر خۆيان سەرفرازن.

(قال قلنا: انا نستحى والحمد الله) بەم شێويە وەلاميان دايەوە لە بەرئەوەى مەبەستيان ئەوە بوو كە ئەوان كارى چاك دەكەن و خۆدەپارێزن لە كارى خراپ بە پێى توانايان، پێغەمبەرى خوا (ﷺ) وەلامى دانەوە كە ئەمەبە تەنها مەبەست و داواكراو نيە، لە بەرئەوەى چەند مەرجێك هەيە بۆ بوونى شەرم بە مانا فراوان و تەواوەكەى بەم شێوەيەى خوارەوە:

(ان يحفظ الراس وما وعى) واتە پاراستنى سەرو پاراستنى ژێرى و چاوو گوێ و زمان. هەروەك خواى گەورە فەرمويەتى ﴿وَلَا تَقْفُ مَا لَيْسَ لَكَ بِهِ عِلْمٌ ۚ إِنَّ السَّمْعَ وَالْبَصَرَ وَالْفُؤَادَ كُلُّ أُولَٰئِكَ كَانَ عَنْهُ مَسْئُولًا ﴿٣٦﴾﴾ الإسراء:٣٦. بەواتاى لە شتێك مەدوێ و شوێنى شتێك مەكەوە كەزانست و زانياريت دەربارەى نيە، چونكە بەراستى دەزگاكانى بيستن و بينين و تێگەيشتن، هەر هەمووى بەرپرسيارە لە بەرامبەريەوە.

(وليحفظ البطن وما حوى) بەواتاى پاراستنى سك و ئەوانەى پێوەى بەندن وەك پاراستنى داوێن لە حەرام هەروەها پاراستنى سك لەخواردنى حەرام، يان خواردنێك بە ماڵى حەرام كرابێت. لەبەرئەوەى لاشە گەشە دەكاو بەهێز دەبێت بە هۆى خواردنەوە، خواى گەورە لە بەندەكانى قبوڵ ناكا خواردن و خواردنەوەى حەرام بخۆن لاشەيان پێى گەشە بكات، لەبەرئەوەى خواى گەورە خاوێنە و بەس خاوێن قبوڵ دەكات.

(وليذكر الموت والبلى) واتە بەردەوام يادى مردن بكەن لەبەرئەوەى مرۆڤ لە دونيادا نەمر نيەو دەمرێت وە رادەگيرێت لە بەردەستى خواى گەورە دا هەروەك پێغەمبەرى خوا (ﷺ) فەرمويەتى (فاكثروا من ذكر هادم اللذات الموت)٢.

(ومن اراد الاخرة ترك زينة الدنيا) ئەمەش واتاى زوهدو بەكەم گرتنى دونيا دەگرێت و وازهێنانە لەو شتانەى كە لە رۆژى دواييدا سودى نيە هەروەك خواى گەورە فەرمويەتى ﴿تِلْكَ الدَّارُ الْآخِرَةُ نَجْعَلُهَا لِلَّذِينَ لَا يُرِيدُونَ عُلُوًّا فِي الْأَرْضِ وَلَا فَسَادًا ۚ وَالْعَاقِبَةُ لِلْمُتَّقِينَ ﴿٨٣﴾﴾ القصص: ٨٣. بەواتاى ئەو ماڵى قيامەتەو ئەو بەهەشتە بەرينەمان ئامادە كردووە بۆ ئەو كەسانەى كە نەلوت بەرزى و گەورەييان دەوێت لە زەويدا، نە فەسادو گوناهو خراپە، سەرەنجام و سەرفرازيش هەر بۆ پارێزكاران وخواناسەكانە.

چەند نمونەيەك سەبارەت بە شەرم كردن لە خواى گەورە:

شەرم لەوەى خواى گەورە بە شێوەيەكى ناشايستە بتبينێت وەك رووتى وەك لەم فەرمودەيەدا هاتووە عن بهز بن حكيم عن ابيه عن جده: قال قلت يا رسول الله ﷺ: (عوراتنا ما نأتي منها وما نذر؟)، قال: (احفظ عورتك الا من زوجتك او ماملكت يمينك)... (يا نبي الله إذا كان أحدنا خاليا؟)، قال (فالله أحق ان يستحيا منه الناس) ٣.

واتا: وتم ئەى پێغەمبەرى خوا (ﷺ) داوێنمان چى پێبكەين و لە چى بيپارێزين. فەرمووى داوێنت بپارێزە جگە لە خێزانت و كەنيزەكانت... وتم ئەى پێغەمبەرى خوا گەر هاتوو كەسێكمان بەتەنها بووَ؟ فەرمووى خواى گەورە لە پێشترە كە خەڵكى شەرمى لێبكات.

٢- هەروەها ئەبوبەكرى صديق (خواى لێ رازى بێت) فەرمويەتى: (يا معشر المسلمين استحيوا من الله. فوالذي نفسي بيده اني لاظل حين اذهب الى الغائط في الفضاء مغطي راسي، استحياء من ربي)٤

بەواتاى ئەى كۆمەڵى مسوڵمانان شەرم لە خوا بكەن، سوێند بەو كەسەى گيانى منى بەدەستە كاتێك لەدەشت و دەردا دەچمە سەرئاو سەرم دادەپۆشم لە بەر شەرم كردنم لە پەروەردگار.

٣- هەروەها عوسمانى كورى عەفان (خواى لێ رازى بێت) لە بەر شەرم كردنى لە خواى گەورە، لە ماڵەكەى خۆى داو بەدەرگا داخراوى، كاتێك ئاوى بەخۆيدا دەكرد، جلەكانى دانەدەكەند.

---

١- رواه الترمذي.

٢- رواه الترمذى ٢٤٦٨ ص ٧١١ برقم ٢٤٦٠ كتاب صفة القيامة والرقائق والورع

٣- رواه ابو داود برقم ٤٠١٧ ص ٧٥٤ كتاب الحمام و ابن ماجة برقم ١٩٢٠ ص ٣٣٢ كتاب النكاح باب التستر عند الجماع

٤- بڕوانە الحياء في الحياة المسلم لاپەرە ٢١



# چۆنیەتی گەشەپێدانی داهێنان لای منداڵان

ئەمیرئەحمدعبدالقادر
ڕاهێنەری بواری پەرەپێدانی مرۆیی

لەم بەشەدا باسی ڕێگاکانی گەشەپێدانی بیرکردنەوەی داهێنان لای منداڵ دەکەین، کە ئەمانەن:

**ژینگەی یاری کردن:**

پێویستە لەسەرمان ژینگەیەکی باش بۆ منداڵەکانمان بدۆزینەوە، کە هاوکاریان بکات بۆ دۆزینەوەی شوێنێك بۆ یاری کردن بەبێ هیچ کۆت و بەربەستێك و، ترس لەتێکدانی شتومەکی ناو ماڵ، و ئەگەر لەماڵێکی داخراویشدابێت، ژوورێکیان بۆ ئامادەبکەین، بۆ یاری و داهێنانەکانیان.

**خۆگونجاندن لەگەڵ بیرکردنەوەیان:**

وەرگرتنی ڕای منداڵ بێ بەکەم زانین و دانەنانی کۆت و بەربەست لەسەریان، هەوڵی تێکەڵ بوون و نزیك بوونەوە لە ڕاکانیان بدەین، تا فێری لەدایك بوونی بیر و ڕایان بکەین، ئەمەش لەگرنگترین داهێنانەکانە،ئەمەش ئەوەناگەیێنێ کە هەندێك لەبیر و بۆچوونەهەڵەکانیان چاك بکەین، بەنەرمی و لێزانی و بەبێ توندوتیژی، ئەمە دەبێتە بەربەست لەبەردەم داهێنانەکانیاندا، ئەمەش وا پێویست دەکات بەڵگەو هۆکاری بەهێزمان پێببێت، بۆ ڕاست کردنەوەی

بیرو را هەڵەکانیان.

شیکارکردنی داهێنانەکان:

بەهێزکردنی داهێنان لەلای منداڵان پێویستی بەداهێنانی گەورەتر هەیە، لەلای گەورەکاندا، ئەمەش وامان لێدەکات چارەسەری پێش وەختمان لابێت بۆ ئەو کێشانەی کە ڕۆژانە ڕوودەدەن و بیان کەین، بەبەشێکی سەرەکی پەیڕەوو پەروەردەکردنی منداڵەکانمان، داهێنانەکانمان دەبینین و پێوەی کاریگەر دەبن، بەشدارییان پێبکەین لە داهێنانەکانماندا و بەبێ هۆباسیان بکەین و هەلیان بۆ بینینیان برەخسێنین.

ئامادەکردنی شیکارکراوەکان:

کاتی تەواو بدە بە منداڵەکەت بۆ ئەوەی هەموو تواناو داهێنان بۆ شیکارەکان ئامادەبکات، وای لێبکە بجوڵێت، لەشتە گشتییەکان بۆ بیرو را سەرەکییەکان، شیکاری ئامادەکراوی نەدەیتێ پێش پێدانی کات بۆ شیکارکردنی، هەندێك لە باوکان وادەزانن، ئەگەر وەڵامی ئامادەکراو بدەنە منداڵەکانیان هاوکاریان دەکات بۆ گەشەکردنی بیریان، کەچی ئەمە پێچەوانەی ڕاستییە، ئەمە توانای بیرکرنەوەی لەشیکارکردنی نوێ دەکوژێ و توانای بیرکردنەوەشی لەشیکارکردن ناهێڵێت.

ڕێگاکانی بیرکردنەوە:

چەسپاوی لەسەر ڕێگاکانی بیرکردنەوە نەوەك لە سەر ئامانج، گرنگ نییەپێشبرکێیەکە ببەیتەوە، یاخود یەکەم ببیت، هێندەی ئەوەی هەڵساوی بە ڕێگاکانی بیرکردنەوە بۆ شیکارکردن، ئەمەش سوپاس کردنی و باسکردنی لەبەر چاوی خەڵك و پێدانی دیاری لە سەرشیکارکردنی ڕاستدا.

پێدانی کات بۆ جەربەزەیی

(سەرکێشی) بە منداڵەکەت:

بواری ئەوە بەمنداڵەکەت بدە بۆ بەرهەڵستی کردنو جەربەزەیی لەرێگای هەندێك یاری و کێبەرکێ لە گەڵ هاوڕێکانی دا، یان یاری ئەلکترۆنی، ئە مەش هاوکاری دەکات بۆ پێشبینی کردنی لە ڕێگای بیرکردنەوەی نوێ، گەلێك لە یاریەکان هانی دەدات، بۆ گەشەکردنی گیانی داهێنان و شیکارکرن،بە تایبەت یاری پێکەوەبەستن (میکانۆ) و ڕێکخستن.

بەشداری لە خۆشیەکانیاندا بکە:

بیر و هۆشی منداڵ بۆ ئەوەی پێش بکەوێتو گەشەبکات پێویستی بە تێکەڵاوی لە گەڵا گەورەکاندا هەیە،کەسی تریش جگە لە دایك و باوك دەتوانێت بەم کارە هەڵسێت، لەکاتی گەشەکردنی بیریاندا پێویستە دایك و باوك گرنگیان پێبدەن، لات سەیرنەبێت هیچ گرنگیو سۆزێکیان بۆ دایك و باوکیان نەبێت، ئەگەر بەمنداڵی گرنگیان پێنەدرابێت، لەبەر ئەوەی چۆن دایك و باوك مافیان بەسەر منداڵەکانیانەوە هەیە بەهەمان شێوە منداڵەکانیش مافیان بەسەر ئەوانەوە هەیە. کاتێك دایکان و باوکان بە ڕاسگۆیی لەگەڵ منداڵەکانیان تێکەڵا دەبن هەست بەخۆشی و شادییەکی زۆر دەکەنو کەشێکی ئارام و ئاسوودە درووست دەکەن هەتا وشە دەستەوەستانە لەبەردەم وێناکردنی ئەم خۆشییە.

گفتووگۆ لەگەڵ کردن و ئاوێتە بوونیان:

بەلایەنی کەم وەکو چالاکی ڕۆژانە یەك کاتژمێر گفتوگۆیان لەگەڵدا بکەیت، چۆنیەتی بەسەربردنی کاتەکانیان،لەباخچەی ساوایان و لەگەڵ مامۆستایان و لەگەڵ هاوڕێکانی لە قوتابخانەو چالاکیەکانی ماڵەوەیان لەگەڵ کەسە نزیکەکانی و یان لە دەرەوەی ماڵ لەگەڵ برادەرانی داو کێشەکانیان و چۆنیەتی چارەسەرکردنیان و پەیوەندیان لەگەڵ مامۆستایانیادا بەم شێوەیە، قسەکردن لەگەڵ منداڵاندا سوودی زۆرە لەم سوودانەش ئەمانەن:

١. فێری بیرکردنەوەی نوێی بکە:.

منداڵان وەکو گەورەکان مێشکیان پێنەگەیشتووەو قالبێکی دیاری کراوی وەر گرتووەو تاکو ئێستا مێشکیان تەواو نییە، لەبەر ئەوە قسەکردن لەگەڵیاندا گرنگە چونکە گەشەیان پێدەدات و پێشیان دەخات، ئەمەش بۆ گەورەکان بەسوود ترە، چونکە شتی زۆریان لێ فێردەبێت، لەبیر کردنەوەی نوێ و لەو داهێنانانەی کە هەر بەبیرت دانەهاتبوو، لێیان فێردەبین منداڵ چۆن بیر دەکاتەوە ئەمەش سوودی هەیە بۆ شیکارکردن و زۆر لە پرۆژەکانیان تێدەگەین.

٢. گەشەکردنی سۆز و خۆشەویستی:.

دیاری کردنی کاتێك بۆ قسەکردن لەگەڵ منداڵاندا دوور لە کاری ڕۆژانە (ئاوابکە، ئاوامەکە، ئەمە نەنگییە، ئەمە هەڵەیە) ئەمەش هۆکاری سەرەکییە بۆ گەشەکردنی سۆز و خۆشەویستی، زۆر پێویستە بۆچاندنی چاکەکاری و پێگەیاندنیان، بەمەش لەگەڵ گەشەکردنی سۆز و خۆشەویستی لە گەڵ دایك و باوکیاندا زیاتر ئامادەدەبن بۆ وەرگرتنو ئاراستەکردنی ئەم چاکەکارییە، جگە لەمانە هیچ ڕێگایەکی تر پێش بینی ناکرێت بۆ گەشەکردنی بیروهۆشیان.

٣. ئاشکراکردنی بیرە هەڵەکانیان:.

ڕۆژانە بیرە هەڵەکانیان ئاشکرابکە، لەو ژینگەیەی تێیدا تێکەڵ بوونە، ئاسانی چاککردنی ئەو بیرانە، ئەگەر ئەم وتووێژانە نەبوونایە ئەم هەڵانە ئاشکرا نەدەبوون و چارەسەر نەدەکران.

# با شکستەکان نەتوەستێنن!!!

محەمەد عیزەت عەبدولقادر

ئایا ڕۆژێك لە ڕۆژان تووشی شکست بوویتە؟ ئایا شکستت خواردووە لە بەدەستهێنانی شتێکی گرنگ لە ژیانتدا؟ ئایا هیواکانت بیرچووەتەوە بەهۆی زۆری شکستەکانتەوە؟ کاریگەری شکستەکانت لەسەر بیر و هۆش و جەستە و کردارت چۆن بوون؟ ئەم پرسیارانە و چەندینی تریش کۆمەڵێك پرسیارن کە ڕووبەڕوومان دەبێتەوە.

دەزانیت بەدەستهێنانی شکست کارێکی ئاسانە و هەموو مرۆڤێك دەتوانێت تامی بنۆشێت، دەرگاکانی شکست زۆرن بەڵام دەرگای سەرکەوتن تەنها یەك دەرگایە، گرنگی بەوە مەدە کە لە ڕابردوودا چیت پێ ووتراوە گرنگی بەوە بدە کە پێویستە ئێستا چی بکەیت، هەروەك ووتراوە (ترست لە شکست هێنان پێش دەسپێکردنی کارەکەت ئەوا بزانە یەکەمین هەنگاوت ناوە بەرەو شکستهێنان) مەترسە و هەموو هەوڵێکی خۆت بخە کار و مرۆڤ ئەگەر بیەوێت بە ئامانجی گەورە بگات پێویستە بەردەوام لە هەوڵ و ماندوو بوون و کۆششی نەبڕاوەدا بێت بۆ گەیشتن بە هیواکەی و بەدەست هێنانی حەز و خولیاکانی، لەوانەیە لەم ڕێگایەدا تووشی ناخۆشی و کەوتن و شکست ببیت بەڵام بزانە تۆ هەر لەسەر ڕێگای سەرکەوتنیت و بەردەوامبە و هەرگیز مەوەستە.

ئێمەی مرۆڤ هەندێ کات تووشی نائومێدی دەبین کە ئەمەش لەوانەیە وامان لێبکات بیرمان بەلای شکستدا بڕوات ئەمەش ئاساییە، لەوانەشە زۆر جار بیر بکەیتەوە کە ببیتە کەسێکی سەرکەوتوو یان کەسێکی دەوڵەمەند بەڵام کاتێك تەماشا دەکەیت کە خاوەنی هیچ نیت نە پارەیەکی زۆر نە ئۆتۆمبیلێکی گرانبەها نە ژیانێك بەدڵی خۆت بێت، بێزار مەبە لە کاتێدا تۆ خاوەنی بیر و بیرۆکە بیت و هەوڵ بدەیت ئەمانە و چەندینی تر بەدەست بهێنیت ئەوا بزانە ئاسانە و هیچ کەسێك لە خۆیەوە دەوڵەمەند نەبووە یاخود کەسێکی سەرکەوتوو نەبووە بەڵکو پێویستی بە هەوڵدان بووە تا گەیشتە بە ئامانجەکەی خۆی تۆش هەوڵ بدە و ئامانجەکەت بەدی بهێنە.

ئەوە بزانە لە کاتی شکست هێناندا تۆ لەسەر ڕێگای خۆت ماویت و لەسەر بەدیهێنانی ئامانجەکەت بەردەوامبە چونکە هیچ کەسێك نیە ١٠٠٪ هەموو ئەو کارانەی ئەنجامی



دەدات سەرکەوتووبێت تێیدا بەڵکو تووشی کۆسپ و ناخۆشی دەبێت و پێویستە ئاراممان هەبێت پەلە پەل لە شتەکاندا نەکەین و خەم دامان نەگرێت هەروەکو خودای گەورە دەرفەموویێت: (ان مَع العُسرِ يُسرا) هەروەها پێغەمبەری خۆشەویست ئەفەرموویێت:- (واعلم ان النصر مع الصبر)، ئەو کەسە سەرکەوتووە لەکاتی تووشبوون بە شکست و لەکاتی کەوتندا هەستێتەوە خۆی بتەکێنێت و بە هێز و هزرێکی نوێوە دەست پێبکات.

(دانا ئەو کەسە نیە کە نایەڵێت شکست بهێنێت و بکەوێت، بەڵکو ئەو کەسەیە کە شکست دەهێنێت و دەکەوێت هەڵدەستێتەوە و بەردەوام دەبێت لە رۆیشتن)

شکست بە واتای ئەوە نایەت کە تۆ هیچ فێر نەبوویتە بەڵکو بەواتای ئەوە دێت شتێکی نوێ فێر بوویت و پێویستە سوودی لێوەربگریت.

شکست وا تەماشا مەکە و هەرگیز وامەزانە بە واتای ئەوە بێت کە تۆ کەسێکی نەزانیت بەڵکو بەواتای ئەوە دێت کە تۆ تواناتت هەیە بۆ ئەنجامدانی کارەکان.

شکست بە واتای ئەوە نایەت کە تۆ هەرگیز ناگەیت بە ئامانجەکەت بەڵکو بە واتای ئەوە دێت کە پێویستە لەسەرت رێگایەکی نوێ بگریتە بەر بەرەو ئامانجەکەت.

شکست بە واتای ئەوە نایەت کە کارەکەت بێبایەخ و بێسوودە بەڵکو بە واتای ئەوە دێت کە هێشتا نەگەیشتوویت بە خولیاکەت.

شکست بە واتای کۆتایی ژیانت نایەت بەڵکو بە واتایەك دێت کە پەنا ببەی بۆ رێگای نوێ.

شکست بە واتای خۆبەدەستەوەدان نایەت بەڵکو ئەوەمان پێدەگەیەنێت کە هەوڵبدە بەبێ نائومێد بوون.

(ئەبراهام لینکۆلن) لەسەرەتای ژیانیدا و لە تەمەنی ٢١ ساڵیدا لە دوکانێکدا کار دەکات بەڵام پاش ماوەیەکی کەم خاوەنەکەی ناچار دەبێت دوکانەکەی دابخات و ئەمیش بێکار دەمێنێتەوە، لە تەمەنی ٣١ ساڵیدا چووە بواری بازرگانیەوە و شکستی تێدا هێنا و پاش سێ ساڵی تریش لە هەمان بواردا شکستێکی تری هێنا، لە تەمەنی ٣٢ ساڵیدا چووە پێشبڕکێی هەڵبژاردنەوە و شکستی هێنا و لە تەمەنی ٣٥ هاوسەرەکەی کۆچی دوایی دەکات و پاش ساڵێك لەم رووداوە تووشی تێکچوونی دەماری دەبێت، لە تەمەنی ٤٣ دا خۆی کاندید دەکات بۆ کۆنگرێسی ئەمریکی و شکستی تێدا دەهێنێت و پاش ئەمەش دوو جاری تریش شکست ئەهێنێت لەچوون بۆ کۆنگرێس، چەندین جاری تریش تووشی شکست دەبێت لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پیراندا و لە هەڵبژاردنی جێگری سەرۆك کۆمار و پاشان جارێکی تر لە ئەنجومەنی پیران تووشی شکست دەبێت واتا چەندین شکستی گەورەی یەك لە دوای یەك تووشی دەبێت بەڵام لە تەمەنی ٦٠ ساڵیدا خۆی کاندید دەکات بۆ سەرۆکایەتی و سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت و دەبێتە یەکێك لە بەهێزترین سەرکردەکانی ئەمریکا لە مێژوودا؟!.

هەروەکو ووتراوە کە (شکست بەواتای ئەوە نایەت کە تۆ هەمیشە و هەتا هەتایە کەسێکی شکست خواردووی بەڵکو بەواتای ئەوە دێت کە تۆ لەم کاتەدا سەرکەوتوو نەبوویتە) بۆیە پێویستە بەردەوامبیت و بەرەو سەرکەوتن برۆیت، ئەگەر بیانووی ئەوە بێنینەوە کە کارمان گرانە و ژیان قورس بووە و تەمەنمان کەمە و ئەزموونمان نیە و شکستمان هێناوە ئەوا بزانە بێگومان هەڵەیت چونکە دەیان و سەدانی تر سەرکەوتنی سەرسوڕهێنەریان تۆمار کردووە و تووشی دەیان و سەدان شکست بوونە بەڵام هەرگیز نەوەستاون بەڵکو هەمیشە بەردەوام بوونە.

ئەگەر تۆ کەسێك بیت هیچ ئامانج و هیوایەکت نەبێت و هەموو شتەکان بدەیتە دەستی کات و خاوەنی خولیای خۆت نەبیت ئەوا بزانە خۆت لەناوبەری خۆتیت، چونکە هیچ کام لەکەسانی سەرکەوتوو بێ ئامانج و خولیا نەبوونە بەڵکو هەمیشە بەرەو ئامانجەکەیان هەنگاویان ناوە هەرچەندە تووشی دەیان ناخۆشی و حاڵەتی لەناکاو و مەترسیدار بوونەتەوە تەنانەت لەسەر ژیانیشیان، بەردەوام بەرەو ئامانجەکەیان چوونە و لەکۆتاییدا گەیشتوون بەوەی کە ویستیانە و تام و چێژێکی تایبەتیان لێی وەرگرتووە.

تۆماس ئەدیسۆن ئەو کەسە بوو لە تەمەنی منداڵیدا لە قوتابخانە دەرکرا بەهۆی تەمبەڵی و پێی وترا کە کەسێکی ناسروشتی و دواکەوتووە، لەسەرەتای تەمەنیدا سەوزەی دەفرۆشت و پاشانیش رۆژنامەی دەفرۆشت، ئایا دەزانی ئەدیسون گوێیەکی بە تەواوی نەیدەبیست و گوێیەکەی تریشی ٨٠٪ ی بیستنی لەدەست دابوو ئەمیش بەهۆی لێدانێکی بەهێزی پاسەوانی شەمەندەفەرێکەوە کە کاری تێدا دەکرد، پاشان لێکۆڵینەوەی لەسەر تەلەگراف دەکرد لەکاتی ئەمجامدانی ئەم کارەیدا ترشی نیتریك تەقییەوە بە دەم و چاویدا نزیك بوو چاوەکانی لەدەست بدات، لە تەمەنی ١٥ ساڵیدا باوکی ئیفلاسی کرد و دایکیشی نەخۆش کەوت بۆیە ئەرکێکی زۆر سەخت کەوتە سەر شانی ئەدیسۆن، دایکی تووشی ئازارێکی زۆر دەبێت و پزیشکەکە دەڵێت پێویستە نەشتەرگەری بکەین بەڵام شەو دەبێت و ناشتوانن نەشتەرگەری ئەنجام بدەین پێویستیان بە رووناکییە، لێرەوە بیرۆکەی دۆزینەوەی گڵۆپ لەلای دروست دەبێت و چەندین داهێنانی تریشی هەیە وەکو ئامێری

نووسین و ئامێری وێنەی سینەمایی و بۆڕی ئەلیکترۆنی و چاوی کارەبایی و تیشکی ئێکس و تەلەگراف و چەندینی تریش لە تەمەنی٢٣ ساڵیدا ١٢٢ داهێنان بەناوییەوە تۆمار کرا.

ئەوەش بزانن کە ئەدیسۆن لەلایەن دایکییەوە دروست کرا دایکێکی نایاب و خەمخۆر و ماندوو نەبوو و ئەدیسۆن خۆی دەڵێت دایکم نەبووایە من نەدەبوومە داهێنەر.

مادام خاوەنی بیر و باوەڕێکی ڕاست و دروست بیت و بەرەو ئامانجی گەورە بڕوانیت پێویستە هیچ کات لە هیچ شتێك نەترسیت بەڵکو هەموو هەوڵێکی خۆت بدەیت و بەرەو پێشەوە هەنگاو بنێیت.

قازی محەمەد ئەو نموونە ناوازەیەیە کە توانیتی زۆر شت بۆ کوردستان بکات و ئامانجەکەی بپێکێت و خاوەنی بوێرییەکی کەم وێنە بوو هەر بۆیەش لە ماوەیەکی کەمدا کاری زۆر جوانی ئەنجام داوە، بڕیاری زۆر زۆر جوان و نموونەییان دەرکرد، لە ساڵی ١٩٤٥ دا ئاڵای کوردستانیان لە هەموو فەرمانگە و قوتابخانەکان هەڵکرد، قازی محەمەد کرا بە یەکەم سەرۆك کۆمار لە کوردستاندا کە گەورەترین گۆڕانێك بوو لە مێژووی نوێی گەلی کورددا و هەر لەم پێناوەشدا گیانی پیرۆزی سپارد و بۆ هەتا هەتایە ناوی شیرینی بە جوانی و گەورەییەوە بمێنێتەوە ئەمانەش هەمووی بەهۆی هەوڵدانی بێشومار و شەونخونی و نەترسان و مەردایەتییەوە دروست بوون و لە کۆتاییدا توانیان سەرکەوتووبن لە هێنانەدی خەونەکەیان و دروستکردنی یەکەمین کۆماری کوردستان.

ئەوەش بزانە کە سەرکەوتووەکان دوژمنیان زۆر و بوێریش باجدانی دەوێت، ئەوانەی ڕێگریت لێدەکەن و بەربەستت بۆ دروست دەکەن زۆر زیاترن لەوانەی دەستی یارمەتیت بۆ درێژدەکەن بەڵام گەورەیی و بەتوانایی تۆ لەم کاتانەدا دەرکەوێت و هەرگیز مەوەستە بەڵکو ئەو کۆسپ و ناخۆشی و دەردەسەرییانەی دێنە ڕێت مەچۆ ژێرییەوە بەڵکو بیانخە ژێر پێت و بەسەریاندا سەربکەوە و خۆتی پێ نزیك بخەرەوە لە لوتکە، یەکێك لە سەرکردە بەناوبانگەکان پاش ئەوەی چەندین کاری ناوازە ئەنجام دەدات لەلایەن نەیارانییەوە دەخرێتە بەندیخانەوە و لەکاتی چوونە بەندیخانەدا ئەمە دەڵێت:- (من لە ماوەی ئەم چەند مانگەدا لە بەندیخانە کاتەکانم بەسەر دەبەم لە توێژینەوەی ئەو پرۆژانەی وڵاتەکەم پێی دەگاتە هەزارەی سێیەم، پشت بەخوا ساتانێکی جوان دەبێت و من لێبڕاوانە کار دەکەم و ئێوەش چەند لە تواناتاندایە کار بکەن و ببنە ئەندازیاری بەتوانا و پزیشکی باش و مافناسی زیرەك، من دەڕۆم بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکەم و ئێوەش بڕۆن بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکانتان).

هەمیشە لە هەوڵ و تێکۆشاندا بیت بێگومان بەرهەمەکەی دەبینیت و سوودێکی زۆرت پێدەگەیەنێت، لەوانە دوای مردنیشت خەڵکی سوودمەند بن لێت، ئەمیش بەهۆی وریای و زیتەڵییەوە بەدەست دێت، ئەتوانیت کەسێك بیت کە هەتا هەتا ناوت لەناو ناواندا بێت و مێژوویەکی پرشنگدارت هەبێت، هەرگیز وابیر مەکەرەوە تۆ کوڕی یان کچ، بچووکیت یاخود گەورە، دەسەڵاتداریت یاخود بێ دەسەڵات، بەڵکو تۆ کەسێکی توانایەکت تێدایە دەتوانیت بەکاری بێنیت.

جوانترین نموونە بۆ ئەمەش نموونەی دایکی ئیماندارانە (عائیشەی کچی ئەبوبەکر) کە زاناترین ئافرەتی ئوممەتی ئیسلامە، وەکو دەگێڕنەوە (چوار یەکی ئەحکامە شەرعیەکان لە خاتوو عائیشەوە وەرگیراوە کە سەدان ساڵە ئێمەی مسوڵمان کاری پێدەکەین، خاتوو عائیشە لەسەردەمی هەردوو خەلیفەی یەکەمدا ڕاستەوخۆ فەتوای بۆ خەڵکی داوە).

کاتێك تووشی شکست و کەوتن دەبیت بێگومان تووشی نائومێدی و بێزار بوون دەبیت بەڵام گرنگە ئەوەیە کە نەهێڵیت ئەمانە بەسەرتتدا زاڵ بن و ببنە کۆسپ لە بەردەمتدا و پێویستە بە هەنگاوەکانتدا بچیتەوە.

وا لە شکستەکان مەڕوانە کە تۆ شایستەی ئەو کارە نیت و ناتوانیت لە داهاتوودا سەرکەوتووبیت تێیدا یاخود ئەم کارە بۆ تۆ باش نیە و لە تواناتدا نیە، نەخێر بەڵکو شکست هێنانت لەم کارەتدا دەبێتە هۆی ئەوەی کە تۆ زیاتر هۆشیار بیت لە کاتی دووبارە ئەنجامدانەوەی هەمان کاردا و ئەگەری تووشبوونت بەهەڵە کەمدەکاتەوە بە مەرجێك لە هەڵەکانی پێشووت سوودت وەرگرتبێت.

زۆر گرنگە جیاوازی بکەیت لە نێوان شکست هێنانت لە هەڵبژاردنی ڕێگاکەت وە شکست هێنانت لە بەدەستهێنانی ئامانجەکەت، تۆ لەوانەیە ڕێگای چوونت بەرەو ئامانجەکەت هەڵە بووبێت نەك خودی ئامانجەکەت.

شکست بە واتای کۆتایی نایەت چونکە تۆ دوای ئەم کەوتنە هەڵدەسیتەوە بە هێزێکی زۆر زیاترەوە بەڵام ئەگەر تۆ بەئەنجامەکەی ڕازی بیت و هیچ نەکەیت و تەنها خەم بخۆیت و هەوڵی نوێ نەدەیت ئەوکاتە شکستت هێناوە و بەرەو شکستی نوێتر دەچیت.

کاتێك شکستت هێنا وامەزانە کە تەمەنت بە فیڕۆ چووە، بزانە بەهۆی ئەم شکستەوە ئەزموونێکی نوێت زیاد کرد و ژیانیش پێك هاتووە لە کۆمەڵێك ئەزموون، ئەوە بزانە ئەگەر سوود لەم ئەزموونانە وەربگریت ئەوا تۆ براوەیت چونکە کاتێکی کەمترت پێویستە لە کاتی هەوڵدانی دووبارەدا.

لە حەزە گشتیەکانت سوود

وەربگـرە، ئەگەر کەسـێکی ئارەزووی مەلەوانـی دەکەیت لێوەی فێر ببە کە چۆن و چ هێزێك بەرەو پێش بڕوێت، ئەگەر کەسێکی خولیات ئەسپ سوارییە لێوەی فێرببە کـە چۆن خۆڕاگر بیت و بـەرز و نزمییـەکان ببڕیت، ئەگەر کەسـێکی حەز و خولیـات تۆپی پێیە ئـەوا بزانە ئەو تۆپەی لەژێر پێتدایە بیکە بە مووشەکێك ئامانجەکانتی پێ بپێکـە و هەر لە تۆپی پێوە فێربە بە گیانی تیم و گروپ هەوڵبدە.

لەکاتـی پێویسـتدا داوای یارمەتی بکـە، ئەمـە نیشـانەی لاوازی تـۆ ناگەیەنێت بەڵکو ئەمە سەرەتایەکە بۆ چوون بەرەو سـەرەوە، چونکە مرۆڤ زۆر کات هەنـدێ کار هەیە پێویسـتی بە یارمەتی کەسانی دەوروبەرییەتی.

بزانـە کـە شکسـت بەشـێکە لە سەرکەوتن بەڵام لەکاتێکدا تۆ بەردەوام بیت لەسـەر هەنگاوەکان و پێشـکەوتن هەرکاتێـك تووشـی شکسـت بوویـت ئەوا پێویستە تەماشـای هەنگاوەکانی رابـردووت بکەیتـەوە و سـوود لـە هەڵەکانت وەربگریت.

زۆر گرنگە هاوڕێی باش هەڵبژێریت، ئەگەر لەمەدا سـەرکەوتووبوویت ئەوا هاوڕێکانت لەکاتی شکستدا پشتگیریت دەکەن و یارمەتی دەرت دەبن و لەکاتی سـەرکەوتندا پیرۆزبایـت لێدەکەن و پێویستە خۆت لە ئەو کەسانە بەدوور بگریت کە بەردەوام تووشی نائومێدیت دەکەن.

به سەرکەوتنی کەسانی دەوروبەرت دڵخۆشـبە، هەرگیـز وا بیرمەکەرەوە کەسانی دەوروبـەرت سـەرکەوتوون ئـەوا مانای ئـەوە بێت تۆ کەسـێکی شکسـت خـوارد و دۆڕاویـت، نەخێر بەڵکو دڵخۆشبە بە سەرکەوتنی ئەوانی ترو دەسـت خۆشیان لێبکە و سوود لە هەنگاوەکانیان وەربگرە.

خاوەنی هەسـت و سۆز و بەزەیی ببـە، چونکـە ئەمانـە وات لێدەکات هەنـگاوی گـەورە بنێیت و هەمیشـە کەسـانی دەوروبـەرت خـۆش بوێت، لەوانـە رۆژێـك هەسـتت بەرامبـەر کەسـێك یاخود شـتێك ببێتـە هۆی دروسـتکردنی هەوڵێکـی گـەورە و لەکۆتاییشـدا گەیشـتن بـە ئامانجی گەورە.

هەرگیـز مەبـە بـە زەحیـە و قبوڵکەری هەڵە و شکستی کەسانی تر لەسـەر خۆت، ئەوەش بزانە هەمیشە ژیـان بـە دەمتـەوە پێناکەنێـت و بەهەمان ئاراستەی تۆ نایەت و بەجێت دەهێڵێت بەڵام ئەمانـە هەمووی بکە بـە وانە و شـارەزایی و زانیارییەکانی خۆتی پێ زیاد بکە.

تۆ کە دەسـتت کرد بـە کارێك و ویسـتت ئەنجامی بدەیت ئـەوا بێزار مەبـە و هەرگیـز بیر لـە گەڕانەوە مەکـەوە بـەرەو دواوە چونکـە تـۆ نزیکتری لە سەرکەوتن نەك گەڕانەوە.

ئـەو کەسـە شکسـت خـواردووە کە هیچ فێـر نابێت لە شکسـتەکانی رابـردووی نـەك ئەو کەسـەی وانەی لێوەرگرتـووە و بە شـێوازێکی نوێوە هەوڵ دەدات.

گرنگی بە قسە و قسەلۆکی خەڵکی مـەدە و لەسـەر رێگای راسـتی خۆت بەردەوام بە، چونکـە باش بزانە ئەو کەسـانە زیاترن کە ئەیانەوێت بتخەن و شکستت پێبهێنن.

دوورکەوەرەوە لە بیر و بۆچوونی روخێنـەر و ئـەو شـتانە لە مێشـك لابدە کە بێ هیـوات ئەکەن و دوورت ئەخەنەوە لە ئامانجەکەت.

خوێندنەوە بۆ مێشك وەکو وەرزش وایە بۆ لەش چونکە تەندروسـتی بە عەقڵ دەدات و دەیبوژێنێتەوە.

هەرگیـز لـەو رێگایـەی بـەرەو سـەرکەوتن گرتووتـە مەوەسـتە و مەگەڕێـوە چونکـە بـەرەو شکسـت دەچیت.

هەمـوو رێگایەکی هەڵـە کە لێی رزگار دەبیت بەرەو سەرکەوتن دەچیت. دوودڵی و ناجێگیـری گەورەترین شکستی سروشتی مرۆڤن.

کەسانی باش و سەرکەوتوو بکە بە پێشـەنگی خۆت چونکە شوێنکەوتنی هەر کەسـێك مانای بە راسـت زانینی ئەو کەسەیە.

زۆر گرنگە ئاراسـتەیەکی دروست هەڵبژێریـت گرنگتـرە لـەوەی کـە بەخێرایی هەنگاو بنێیت.

وردە وردە هەنگاوەکانـت بنـێ و دڵنیابـە لـە راسـت و دروسـتی هەنگاوەکانـت، هەنـگاوی گەورەی بێ تەرکیز و بێ دڵنیا بوون مەنێ چونکە دەکەویتـە چاڵـەوە و بەرەو شکسـت دەتبات.

کام کارت گرنگترە ئەوەیان پێشبخە و ریزبەنـدی بکـە بـۆ ئەنجامدانـی کارەکانت.

سـیفەتی جوان و رەوشـتی بەرز ئەمانـە یارمەتیدەرتـن و هێـزت پێدەبەخشن.

دڵخۆشـبە، ئەگەر توانیت دڵخۆش بیت بەکارەکانت و لەناوەوە هەست بە خۆشـحاڵی بکەیت ئەوانە بزانە ئەمە لوتکەی سەرکەوتنە هەنگاو بنێ بەرەو لوتکەکانی تر.

لـە کۆتایی ژیانیدا پرسـیاریان لە ئەدیسۆن کرد سەبارەت بە هۆکارەکانی سەرکەوتنی لە ژیانیدا:- (خوێندنەوەی بەردەوام بـێ دابڕان و کاری بەردەوام بێ بێزار بوون)

سەرچاوەکان:-
- قورئانـی پیـرۆز و فەرمـوودەی خۆشەویست.
- زانیاری تایبەت.
- رێگا بەرەو یەکەمین.
- نحن كبشر قد نشعر باليأس.
توماس اديسـون فى ويكيبيديا الموسـعة الحرة.
- اجعل فشلك بداية نجاحك.
- اجعل شـيء فى الحياة هو الفشل... هل تعلم لماذا؟؟
- الفشل ليس نهاية الطريق.
- هكذا علمني الفشل.



# شیردانی تەواو لە نێوان زانست و ئایندا

شوکریە شێخانی

زانایان لەم دوایەدا بۆیان دەرکەوت کە خۆراکی تەواو کامل بۆ شیرەخۆر بریتی یە لە شیری دایك، ئەم خۆراکەش کاتێك تەواو دەبێت کە دایکەکە دوو ساڵی تەواو شیری خۆی بدات بە کۆرپەکەی. ئەم راستی یەش رێکخراوی تەندروستی جیهانی رایگەیاند لە سەدەی بیست ویەك دا.پزیشکان پێشتر واگومانیان دەبرد کەوا شیردانی دایك بە کۆرپەکەی تەنها دەبێتە هۆی پتەوکردنی پەیوەندی نێوان دایك و کۆرپەکە، وەهیچ سوودێکی تری نی یە، بەڵام دوای نیوسەدە لە لێکۆڵینەوە وردەوردە سوودە گرینگەکانی ئەم شیردانە سروشتی‌یە دەرکەوت، بەڵکو زانایان رۆژانە سوودی تازەی شیری دایك بۆ کۆرپەکەی دەدۆزنەوە.

دژەتەنەکان ناسراو بە immunoglobulin یەکەم جار لە شیری دایك دۆزرایەوە، ئەم دژەتەنانە کۆرپە دەپارێزن لە زۆر جۆری بەکتریا و ڤایرۆس کە هێرش دەکەنە سەر کۆرپە لە سەرەتای ژیانیدا. هەروەها زانایان ئەوەیان دۆزیوە کە رێژەی بوونی بەکتریا لە ریخۆڵەی ئە کۆرپانەی کەشیری دایکیان دەخۆن زۆر کەمترە لە رێژەی بوونیان لە ریخۆڵەی ئەو کۆرپانەی کە شیری دەستکرد دەخۆن، بەم شێوەش ئەو کۆرپەی کە شیری دایکی دەخوات کەمتر دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئەم بەکتریایانەو کەمتر تووشی نەخۆشی دێن(١).

## سوودەکانی شیردانی سروشتی (شیری دایك)(٢)

شیردانی سروشتی باشترە لەهەمووجۆرەکانی تری خۆراك بۆکۆرپە، چونکە ئەم شیرە کۆرپەکە دەپارێزێت لە زۆر دەردونەخۆشی.

شیری دایك هەمووکات و بەبەردەوامی رێژەیەکی سروشتی لە

مادده شەكری و چەوری و پرۆتینەكان لە خۆ دەگرێت كە گونجاوە بۆ تەمەنی منداڵەكە، ئەم ڕێژە سرووشتی یە زۆر ئاستەمە كۆنترۆڵ بكرێت لە شیری دەستكرد (شیری مانگا)، وەهەموو كات شیری دایك بە پلەیەكی گەرمی زۆر گونجاو دەردەچێت بۆ كۆرپەكە.

زانایان بۆیان دەركەوتوە كە شیردانی سرووشتی سوود و قازانجی زۆری هەیە بۆ كۆرپەكە و هەروەها بۆ دایكەكە.

## سوودی شیردانی سرووشتی بۆ كۆرپەكە:

١- تەنە بەرگرییەكانی شیری سرووشتی (Immunoglobulins) پارمەتی دەرێكی زۆرباشە لە ڕۆژانی سەرەتای ژیانی كۆرپە بۆ پاراستنی لەزۆرێك لە بەكتریا و ڤایرۆس كە هێرش دەكەنە سەر كۆرپە، وەهەروەها ئەم دژەتەنانە پارمەتی لەشی كۆرپەكە دەدەن بۆ دروستكردن و بونیاتنانی سیستەمی بەرگری لەش، هەندێك لە لێكۆلینەوەكان دەریان خستووە كە ئەم دژەتەنانە تەنانەت كاری یاریدەدەرن بۆ زووگەشەسەندنی سیستەمی بەرگری لەشی كۆرپەلە.

٢- شیری دایك جۆرێكی تر لە دژەتەنی بەرگری تێدایە كە پێ دەوترێت Mucin ئەم تەنانە كە لە ڕێژەیەكی زۆر لە پرۆتین و مادە (شەكریەكان پێكهاتووە كە دەنوسێن بە بەكتریا و ڤایرۆسو لەشی كۆرپەكە دەپارێزن لە كاریگەری ئەم بەكتریا و ڤایرۆسانە، بەبێ ئەوەی كە هیچ كاریگەری لاوەكیان هەبێت لەسەر تەندروستی كۆرپەكە بەپێچەوانەی هەموو داودەرمانەكان كە هیچیان بەدەرنین لە كاریگەری لاوەكی كە ئەمەش كاریگری نێگەتیڤانەی دەبێت لەسەر ژیانی كۆرپەكە.

٣- ئەو ڕێژە پرۆتینەی كە لەشیری دایك دا هەیە نیوەی ئەوڕێژەیە كەلەشیری مانگادا هەیە، جا ئەم بڕە زۆرەی پرۆتینی شیری دەستكرد لە ناو لەشی كۆرپەكە خەزن دەبێت و لە دواڕۆژ تووشی نەخۆشی قەڵەوی دەكات، هەروەها دۆزراوەتەوە كەوا هەرسكردنی شیری دایك پێویستی بە تەنها ١٥ خولەك هەیە كەچی شیری دەستكرد (مانگا) پێویستی بە یەك كاتژمێر هەیە.

٤- شیری دایك یارمەتی گەشەی ئامرازی هەرسكردن دەدات بە پێچەوانەی شیری دەستكرد كە ئەم كارە گرینگانە ئەنجام نادات.

٥- هەروەها شیری دایك ئارامی و ئاسوودەی دەبەخشێت بە كۆرپەكە و یارمەتی دەرێكی باشە لەسەر خەوتنێكی باشی كۆرپەكە.

٦- شیری دایك منداڵ دەپارێزێت لە هەموو جۆرەكانی حەساسیە وئەم نەخۆشی یە ڕادەگرێ لەلای كۆرپەكە.

٧- یەكێك لە خراپیەكانی شیری دەستكرد ئەوەیە كە ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشی شێرپەنجە هەشت ئەوەندە زیاد دەكات.

٨- شیری دایك كۆرپەكە دەپارێزێت لە زۆر جۆری تری نەخۆشی وەكو: پاراستنی لە نەخۆشیەكانی هەناسەدان و هەوكردنی(التهاب) گوێچكە و مردنی لەناكا و هەوكردنی پەردەی مێشك و وەدەبێتە هۆی پاراستنی كۆرپە لە نەخۆشی شێرپەنجە لە شەش مانگی سەرەتای ژیانی كۆرپەكە، پاراستنی لە نەخۆشی یەكانی ئێسك و ماسولكە گەدە.. هتد.(٣)

## سوودەكانی شیردانی سرووشتی بۆ دایكی كۆرپەكە:

١- لێكۆلینەوەیەك لە زیاتر لە ٣٠ وڵات ئەنجام درا و دەركەوت كەوا ئەو دایكەی شیری خۆی دەدات بەكۆرپەكەی زۆر كەمتر تووشی شێرپەنجەی (سەرەتان)ی مەمك دەبێت لەو دایكەی كە شیری دەستكرد دەدات بە كۆرپەكەی.

٢- ڕەحمی ئافرەت لەكاتی سك پڕی و منداڵ داناندا بیست ئەوەندە گەورە دەبێت، جا شیردانی سرووشتی ئەم گەورەیی ڕەحمە دەگەڕێنێتەوە دۆخی پێشووی خۆی، بە پێچەوانەی ئەو دایكانەی كە شیری دەستكرد دەدەن بە كۆرپەكانیان، ڕەحمیان زۆر گەورەتردەبێت لەدۆخی سرووشتی، هەروەها بینراوە كە شیردانی سرووشتی ڕەحم دەپارێزێت لە نەخۆشی شێرپەنجەی ڕەحم.

وەهەروەها بینراوە كە شیردانی سرووشتی پارمەتیدەرە بۆ دایكەكە بۆ خۆپاراستن لە نەخۆشی قەڵەوی.

یەكێكی تر لە سوودەكانی شیردانی سرووشتی ئەوەیە كە كاردەكات وەكو ئازار شكێنێك (مسكن) بۆ دایكەكە و یارمەتی دەدات بۆ ڕێكخستنی خوەتن هەروەكو چۆن یارمەتی ڕێكخستنی خەوی كۆرپەدەدات (٤)

## سوودەكانی شیردانی سرووشتی بۆ كۆمەڵگا:

شیردانی سرووشتی كولفەی كەمە بە پێچەوانەی شیردانی دەستكردە، لەوانەیە سەرسام بیت كاتێك بزانیت كە ئەكادیمیای ئەمریكی بۆ پزیشكی منداڵان ئەوەی ڕوون كردۆتەوە كە ئەگەربێت و ئەمەریكا پەیرەوی شیردانی سرووشتی بكات ئەوا ساڵانە بری ٣٦٠٠ ملیۆن دۆلاری بۆ دەگەڕێتەوە؟؟

شیردانی سرووشتی ڕەنگدانەوەی پۆزەتیڤانەی هەیە لەسەر ژینگە، ئەویش بەهۆی پێویست نەبوون بەكارگەی دروستكردنی قوتی شیرو مەمەی پلاستیكی و كارگەی ووشك كردنەوەی شیری مانگا كە ئەمانە هەموویان كاریگەری خراپیان هەیە لە سەر ژینگە و پیسی دەكەن(٥).

لە دەرئەنجامدا دەركەوت كەوا شیری مانگا باشترین خۆراكە بۆ

بێچووی مانگا و شیری دایك باشترین خۆراکە بۆ کۆرپەکەی. بەم جۆرە خوای گەورە بۆ هەر جۆرێك خۆراکێکی بۆ فەراهەمهێناوە (وَخَلَقَ كُلَّ شَيْءٍ فَقَدَّرَهُ تَقْدِيرًا) (٦).

ئەم هەموو بەخششە خوای گەورە بەتۆی مرۆڤی بەخشیوە، کاتێك کە تۆ کۆرپەیەکی بچوکی لە سکی دایکت و شتێك لەم دونیایە نازانیت، ئایا بەخششەکانی خوات لە یادە و سوپاس گوزەرانی لەسەر دەکەیت؟ جا لێرەوە بەتەواوی لەو فەرمودە پیرۆزەی خوای گەورە دەگەین کە دەفەرمویت (وَآتَاكُم مِّن كُلِّ مَا سَأَلْتُمُوهُ وَإِن تَعُدُّوا نِعْمَتَ اللَّهِ لَا تُحْصُوهَا إِنَّ الْإِنسَانَ لَظَلُومٌ كَفَّارٌ)(٧) واتە لەهەر شتێك داواتان کردبێت وپێویستی ژیانتان بووبێت پێمان داون.(٨).بەڵێ راستە چەندە بەخششەکانی پەروەردگارمان بژمێرین پەیان پێنابەین لەبەر زۆری ئەم بەخششانە.

## باشترین ماوەی شیرپێدانی سرووشتی کەی یە؟

هەردوو رێکخراوی تەندروستی جیهانی و یونیسێف زۆر لێکۆلینەوەیان ئەنجام دا، دواجار بۆیان دەرکەوت کەوا باشترین ماوە بۆ شیرپێدانی کۆرپەلە بریتی یە لە دووساڵی یەکەمی تەمەنی ژیانی کۆرپەکە، چونکە لە ماوەی ئەم دوو ساڵەی یەکەمی ژیانی کۆرپەکە زۆر پێویستی بە خۆراکێکی پاکە و دووربێت لە بەکتریا چونکە هێشتا ئامراز و سیستەمی بەرگری لەشی کۆرپەکە گەشەی نەکردوە تاوەکو بەرگری لە خۆی بکات دژی بەکتریاو ڤایرۆسەکان. هەرچەندە کۆرپە کاتێك لەناوسکی دایکیتی ئەم دژەتەنانە لە دایکی وەردەگرێت بەڵام کاتێك دێتە دونیاوە، ئەم کۆرپەلەیە دەوردەدرێت لە هەموولایەك بە بەکتریاو ڤایرۆس، بۆیە ئێستا زۆر زیاتر پێویستی بەم دژەتەنانە دەبێت ئەمەش تەنها لەشیری دایك دەست دەکەوێت.(٩)

گرنگترین و ناسکترین ماوەوە لە تەمەنی مندالْ بریتی یە لە دوو ساڵی یەکەمی ژیانی کە لەو ماوەیەدا منداڵ دووچاری زۆر گرفتی تەندروستی دەبێتەوە وەکو سك چون.. جا شیری دایك بەهۆی ئەو دژەتەنانەی کە هەیەتی دەتوانێت بەرگری لە کۆرپە بکات لەم نەخۆشیانە.

## شیردانی سرووشتی لە قورئانی پیرۆزدا:

براو خوشکی خوێنەر بابەیەکەوە گوێ بیستی ئەم ووتە شیرنانەی پەروەردگارمان بین کە دەفەرموێت: (وَالْوَالِدَاتُ يُرْضِعْنَ أَوْلَادَهُنَّ حَوْلَيْنِ كَامِلَيْنِ لِمَنْ أَرَادَ أَن يُتِمَّ الرَّضَاعَةَ....) (١٠) ئەم بانگێشتە خواییە کە پرە لە سۆزو بەزەیی، کاتێك داوادەکات لە دایکان بۆ ماووەی دوو ساڵی تەواو شیربدەن بەکۆرپەکانیان، رەحمەتێکە بە دایکان کە باشترین کاتی شیردانەکەی بۆ دیاری کردوون کە بریتی یە لە دوو ساڵی یەکەمی ژیانی کۆرپەکە.

ئەم بانگێشتە خواییە سێ معجیزە لە خۆدەگرێت:

١- لە بەشی (وَالْوَالِدَاتُ يُرْضِعْنَ أَوْلَادَهُنَّ) واتە با دایکان شیری خۆیان بدەن بە کۆرپەکانیان. ئەم بانگێشتە خواییە بۆ هەموو دایکێکە تاوەکو لەشیری خۆی بدات بە کۆرپەکەی نەوەك شیری دەستکرد. ئەمرۆ ئەم بانگێشتە زۆر تەئکیدی لەسەر دەکرێتەوە لەلایەن ریکخراوی تەندروستی جیهانی و ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئەمەش بەهۆی ئەو هەموو سوود و چاکانەی کە شیری دایك هەیەتی لەسەر شیری دەستکرد. جا ئەم بانگێشتە خواییە پێش بانگێشت مرۆڤەکان کەوتوە بە نزیکەی چوارده سەدە.

٢- لە بەشی (حَوْلَيْنِ كَامِلَيْنِ) واتە: دوو ساڵی تەواو. ئەمەش دیاریکردنێکی زۆر وردە بۆ ئەو ماوەیەی کە پێویستە دایك شیری خۆی بدات بە کۆرپەکەی، کە بریتیە لە دوو ساڵی یەکەمی ژیانی کۆرپەکە.

٣- لەبەشی (لِمَنْ أَرَادَ أَن يُتِمَّ الرَّضَاعَةَ) واتە: بۆ کەسێك کەدەیەوێت شیری تەواو بدات بەکۆرپەکەی. شیردانی دروست چاك نایەتەدی ئەگەر دوو ساڵ نەخایەنێت لە ژیانی کۆرپە. بینیمان زانایان چۆن ئەمەیان دۆزی یەوە کە دوو ساڵی یەکەمی ژیانی کۆرپە گرنگترین قۆناغی ژیانی کۆرپەکە.

لە کۆتایدا دەڵێم پاکی و بەرزی بۆ ئەو خودایەی کە ئەم کارە گرنگەی پێ راگەیاندوین و ئەرك و زەحمەتی لێکۆلینەوەی لەسەر هەڵگرتووین و ئەو ماوە ناسك وحەساسەی پێ راگەیاندووین. ئەمەش بەڵگەیەکی روون وئاشکرا لەسەر راستی ودروستی پەیامی پێشەواممان (ﷺ). (وَمَا يَنطِقُ عَنِ الْهَوَى(٣)إِنْ هُوَ إِلَّا وَحْيٌ يُوحَى) (١١)

سەرچاوەکان:


١- لە نوسراوێکی عبدالدئم الكحيل لە بلاوکراوێك لە ئنتە رنێت وەرکیراوە کە بە زمانی عە رە بی بلاکرابوە.

٢- منهج التربية النبوية للطفل- ابي الحسن علي الحسني الندوي- ل٧٢.

٣- منهج التربية النبوية للطفل- محمد نوربن عبد الحفيظ سويد- ب١-ل٣٠٠

٤- هەمان سەرچاوەکانی پێشوو.

٥- منهج التربية النبوية للطفل- ابي الحسن علي الحسني الندوي- ل٧٤.

٦- سورةی الفرقان (٢)

٧- سورەی ابراهيم-ژمارەی ئەيەت (٣٤).

٨- تەفسیری رامان لەما ناو مەبەستی قورئان- ئەحمەد کاکەمحمود- ل ٥١٩

٩- هە مان سەرجاوەکانی پێشوو

١٠-٠سورە ی البقرە ژمارەی ئايەت (٢٣٣)

١١- سورە ی النجم (٣-٤)



# فێرکردنی کارا

**د.هەڵگورد فتح الله احمد**
مامۆستای زانکۆ

چارلی چاپلن هیچ قسەناکات کەچی هەموو خەڵك تێیدەگات.

ئەنیشتاین قسەدەکات شیدەکاتەوە کەس تێیناگات.

زۆرزانین پێویستی بەشێوە زمان و دەربڕینێك هەیە، بەرامبەرەکەت تێبگەیەنیت.

(لیث کوڕی سعد) زانایەکی زۆر گەورەی فیقهی، کەچی زانستەکەی مرد نەیتوانی قوتابی فێربکات بەشێوەی پێشەوا مالك وانەی دەگوتەوە هەربەخۆی قسەی دەکرد زۆر توندلەگەڵ قوتابی، کەس مافی قسەکردن وپرسیارکردنی نەبێ.

بەڵام پێشەوا ئەبو حنیفە، ئەگەر ئاستی زانستیشی وەك ئەوان نەبووبێ، فێرگەی ڕادەربڕینی دانا وانەکانی هەمووی گفتوگۆبوو دەیان قوتابی پەروەردەکردو زانستەکەی ئەوا ١٢٠٠ ساڵە هەر برەوی پێدەدرێت.

لە دونیای ئەمڕۆش زۆرگرینگە هۆکاری نوێ بەکاربێت وەك پاوەرپۆینت (ناوی بەرنامەکە واتا توانا بە دەربڕینەکەت دەدات) تاوەکو باشتر بەرامبەرەکەت تێبگەیەنیت، سلایدی پاوەرپۆینتیش ٦برگەبێت هەربڕگەی لە٦ ووشە زیاتر نەبێ، وێنەوڤیدیۆ بەکاربێت، وە دەبێت قوتابیش پێش وەختە بزانێت بابەتی وانەی داهاتوو چیە.

بەگوێگرتن (وەك ڕادیۆ و قسەکردن) مرۆڤ تەنها ٧٪فێردەبێ، ئەوەی تر هەمووی لەبیردەکات.

بینین(پاوەرپۆینت)٢٠٪ وەردەگرێت هێشتاش زۆری لەبیردەچی.

هەردووکیان(بینین وبیستن) ٥٠٪ بەبیردەمێنێ.

بەکرداری بەدەستی خۆی بیکات ٦٥٪ بەبیردەمێنێت.

بەخۆت ئامادەی بکەیت وبۆ کەسانی تر بیڵێیتەوە٨٠٪ بەبیردەمێنێ. گەروویستت زانستێك ئەزبەربکەیت بیڵێرەوە، زانست بەبەخشین زۆردەبێت.

چینی دەڵێن:

پێم بڵێ..................لەبیری دەکەم

نیشانم بدە............ڕەنگە...... بەبیرم بێتەوە

گفتوگۆبکەم.....................تێدەگەم

بەکرداربیکەم..................لەمێشکم دەچەسپێ.

وانە: بریتیە لە گواستنەوەی زانیاری لە پەڕاوی مامۆستا بۆ پەڕاوی قوتابی بێ ئەوەی بە مێشکی کامین دا تێپەڕێت (پێناسەیەکی نادروستە).

وانەی باش سێ بەشە:دەستپێك، ناوەرۆك، پوختە، ئەمیش زۆرتر بەگفتوگۆ نەك دکتاتۆریانە مامۆستا لە سەرەتاوە تاکۆتایی هەرخۆی قسەبکات.

باشترین فێربوونیش هاوتەمەن بەیەکەوە گفتوگۆی لەسەر بکەن، مامۆستا دابنیشێ قوتابی لەگەڵ قوتابی گفتوگۆ بکات، مامۆستاش ئاراستەیان بکات، چونکە شەرم لەیەکتری ناکەن هەموو پرسیارێك بەمێشکیان داهات لەیەکتری دەکەن، بەزمانی یەکتری دەدوێن ئاستی زانستیان لەیەکتری نزیکە.

مامۆستای دەریای زانست کەمتر قسە دەکات، وانەکەی کورت وپوختە.

ئەوە نیە زۆر دەزانێ هەرچی دەیزانێ هەمووی بەسەر مێشکی قوتابیەکانی فڕێبدات، تاخەڵکی بڵێن بەڕاستی زانایە.

شبكة بوابة الخير
للدعوة والتوعية الإجتماعية
Khair Network Gateway for Dawa and Social Awareness



# خولی تۆڕی دەروازەی چاکە

لە میانەی چالاکییەکانی تۆڕدا، لە ژێر ناونیشانی (زانستە شەرعییەکان گرەنتی تێگەیشتنی دروستە) بەشی خولو ڕاهێنان لەشاری سلێمانی هەستا بەکردنەوەی خولێکی هاوینەی زانستە شەرعییەکان بۆ خوشکان لە (٢٠١٦/٧/٢٤) تا (٢٠١٦/٩/١).

بۆ ئەم بابەتانەی خوارەوە لە لایەن مامۆستایانی پسپۆڕەوە:
(فیقە- تەفسیر- زمانی عەرەبی- ڕۆشنبیری خێزانی- گەشەپێدانی مرۆیی- ئاداب و تەزکیە).















# تەنها بیر لە خۆت بکەرەوە!

ڕەنگبێ ناونیشانەکەت پێ سەیر بێت و بێژیت شتەکان پێچەوانە بوونەتەوە.. بەڵێ بە شێوەیەك لە شێوەکان هەر وایە! شتگەلێك هاتوونەتە کایەوە، شتەکانی تر پێچەوانە دێنە پێش چاو، یاخود دوور لە مانا ڕاست و جوانەکانی خۆیان.

تەنها بیر لە خۆت بکەرەوە، ئەگەر کەسێکیت بە بەختەوەری و شادمانی خۆت گەیشتوویت و کەسانی دیکەش پێی بگەن یا نەگەن بە تۆ چی، ئەوا هەر بیر لە خۆت بکەرەوەو خەریکی بەختەوەرییەکەی خۆت بە، با بەچاو نەچێت!

ئەگەر مامۆستایەکیت، بیر لە قوتابییەکانت نەکەیتەوەو پێت خۆش نەبێت لە داهاتوودا لە تۆ زیرەکتر دەرچن و، لەوپێناوەشدا زانستەکەی خۆتیان باش فێر نەکەیت، ئەوا هەربیر لە خۆت بکەرەوەو، داهاتووی ئەوان گرینگ نییە!

ئەگەر باوکێکیت ناتەوێت کوڕەکەت لە خۆت پیاوتر و زرنگتر دەرچێت، یا دایکێکیت ناخوازیت کچەکەت لە خۆت کابانووتر و لێهاتووتردەرچێت، ئەوا هەر بیر لەخۆت بکەرەوەو بەس، با تەکنەلۆجیا ئەوان پەروەردە بکات!

ئەگەر دادوەرێکیت، بە تەلەفۆنێکی ئەم و ئەو بڕیار بدەیت و حیسابی تاڵە باریکێکی وەك نێو دەنکە خورما نەکەیت بۆ ئەوانەی سزایان بەسەردا دەسەپێنی، ئەوا هەر بیر لە خۆت بکەرەوە، با عەبایەکەت با نەیبات!

ئەگەر خواپێداوێکیت، نابینابیت لە ئاست ژمارەی زۆری نەداران و دەزگای بیستنیشت کارنەکات لە ئاست سەدای برسێتی نێو سکیان، ئەوا هەر بیر لە خۆت بکەرەوە، با دز نەدا بەسەرتاو سەروەت و سامانەکەت بۆخۆی نەبات، یاخود ئاگر نەیسووتێنێت و بەر لافاو نەکەوێت!

ئەگەر خواپەرستێکی چرا بە دەستی تەنها ڕاهی خۆتبیت، هەموو ئەوانی تر گومڕا بن و نەبن ئۆباڵیان بەسەر خۆیان بێ، ئەوا هەر بیر لە خۆت بکەرەوە، با چرایەکەت خامۆش نەبێ!

ئەگەر خاوەن دەسەڵاتێکیت، هەر لە خەمی تێرکردنی سك و فەرجت دابیت، گاڵتەت بە چینەکانی دیکە بێت، ئەوا هەر بیر لە خۆت بکەرەوە، نەوەك بە بیرکردنەوەت لەوان ساتێك لە ژیان دواکەویت!

ئەگەر دکتۆرێکیت، مردووی پارەبیت و زگهەڵبڕینی نەخۆشەکانت پێ تاکە ڕێگا بێت بۆ چنگخستنی پارەو پووڵ، ئەوا هەر بیر لە خۆت بکەرەوە، با جلە سپی و جوانەکەی بەرت پەڵەیەکی ڕەشی تێنەکەوێ!

ئەگەر فیتەرێکیت، بە لێکهەڵوەشاندنی ئۆتۆمبێلی قوربەسەرێك و هەژارێك خۆت فێری پیشەکە بکەیت، ئەوا هەر بیر لە خۆت بکەرەوە، نەوەك سبەی پارەیەکی حەرامت دەسنەکەوێت و گیرفان خاڵی بێت!

ئەگەر تەلارساز یان بیناسازێکی، باڵەخانەکان بە ئارەزووی خۆت بەرز بکەیتەوە بە کەلوپەلی ماوە کورت و، هی خۆشت بە پێچەوانەی ئەوە، ئەوا هەر بیر لە خۆت بکەرەوە، با چاوت لاواز نەبێت و هەژار نەکەویت!

ئەگەر هەر کەسێکیت و بیر لە هیچ کەسێکی تر نەکەیتەوە، ئەوا هەر بیر لە خۆت بکەرەوە، نەوەك سبەی پەنجەی پەشیمانی بگەزیت و حاشا لە ئەقڵ و ژیریت بکەیت!

ڕابەر ئەحمەد وەرتی





# دڵ پیسی نێوان ژن و مێرد

حمە رەشید پێنجوێنی

ئەمرۆ زۆرێک لە خانەوادەکان گیرۆدەی دەردی دڵ پیسین بە جۆرێك کە چەندین جار ناکۆکی لێ دەکەوێتەوەو زۆر جار سەری کێشاوە بۆ لێك جیابونەوەش، جاری واهەیە زیاتر دڵ پیسیەکە لە ئافرەتەکەیە بەرامبەر بە مێردەکەی و جاری واش هەیە لە مێردەکەیە بەرامبەر بە هاوژینەکەی و دەشکرێت هەندێك جار هەردوکیان بەرامبەر یەکتر وابن، لەدەرەنجامەکانی ئەم دڵ پیسی یە هەمیشە کرداو گوفتاری هاوسەرەکەی جێگەی گومان دەبێت و بۆهەر هەڵس وکەوتێك تیری ژەهراوی خۆی دەبێت بەجۆرێك لە سەیر کردنی هەر ئافرەتێك بە مەبەست و بە بێ مەبەست خێزانەکەی دڵ گران دەبێ و گومانی خراپ زاڵ دەبێت و شەڕی لەسەر دروست دەبێت! بەڕاست یان بە سۆعبەت باسی ئافرەتێك بکات ئەم مۆری تاوانی بۆ ئامادە کردووە و بە پێچەوانەشەوە هەمان تاس و حەمام لەسەر ژنەکەش ڕوودەدات و تەنانەت هەر سەیرکردنێك یان تەلەفۆنێك کەدەیکەن لێکۆڵینەوەی زۆری لەسەر دروست دەبێت، ئەو کەسەی کەدڵ پیسیەکەی هەیە ژنەکە بێت یان پیاوەکە لەناخیدا دەست دەکات بەڵێ کۆڵێنەوە ئەوکەسە کێ بوو قسەی لەگەڵ کرد کچ بوو یان کوڕ! ئەو کچە یان ئەو کوڕە دەبێت کێ بێت بۆچی بۆمن هیچ نازێکی نیەو قسە ڕەقە بەڵام لەگەڵ ئەوکەسە بەزمانی شیرین و بەنازەوە دوا ئەوە حەتمەن ئەو ماستە موویەکی تیایە! ئەمجار لەبۆسەدا دەبێت کە دەبێت بزانێت ئەو کەسە کێ بوو بۆ دەرفەتێك دەگەڕێت کە هاوسەرەکەی تەلەفۆنەکەی دابنێت و بچێت بۆ خەوتن یان بۆ سەرئاو یان لەبیری بچێت بۆ ئەوەی بەوردی سەیری تەلەفۆنی هاتوو و ڕۆشتووەکانی بکات و بزانێت لەمۆبایلەکەیدا ڕەقەمی کێی تیا خەزن کراوە دواتر سەیری مەسجەکان دەکات تا بزانێت چ مەسجێکی بۆ هاتووەو کێ بۆی ناردووە و چی تیا نوسراوە!! یان چ وێنەیەکی تیایەو لەگەڵ کێ گرتوویەتی جا خوا بەورۆژە نەکات ئەگەر بێت و

بەلگەیەکی دەست بکەویت ئەگەر بچوکیش بێت ئیتر قوڕەکە خەست تر دەکاتەوەو دەمەقاڵەی زۆری لەسەر دروست دەبێت!! بەوەشەوە ناوەستێت بگرە ئاژاوەکەش هاوڕێی کارەکانیشیان دەگرێتەوە ئەگەر ئەوان لەسەر ئەم دڵ پیسیە بەردەوام بن ئەوا گومان دروستدەکەن لەسەر ئەو ئافرەتانەی لەگەڵ مێردەکانیان کار دەکەن و بەهەمان شێوەش گومان دروست دەبێت بۆ مێردەکانیان لەسەر ئەو پیاوانەی لەگەڵ هاوسەرەکانیاندا پێکەوە کاردەکەن و بگرە دەمەقاڵێش لەگەڵ ئەوان دروست دەبێت و بەچاوی تاوان و دوژمن کاریەوە هەڵس و کەوتیان لەگەڵ دەکرێت ئەگەر چی زۆرێك لەو هاوڕێی کارانە کورد گوتەنی ئاگایان لە حسەینی شەهید نیەو بێ تاوانن بەڵام ئاگری گومانی دڵ پیسی ئەمانیش دەسوتێنێت بە خۆیانەوە!!. ئەم ئاکارە نا تەندروستە! ئەم لێك تێ نەگەشتنە دواکەوتوییە! ئەم دوژمنایەتیە ناوخۆییە ! ئەم گومانە بەد کاریە گەر چارەسەرێکی خێرای بۆ دانەنرێت ئەوا بەیەکجار ئەو خانەوادە لە بن دێت و زۆرترینی کات دەمە دەمێو شەڕوو عاجزی دەبێت و ئارامی و ئاسوودەیی لەنێو ئەو خانەوادەدا باردەکات و نامێنێت و کاریگەری زۆر خراپیش لەسەر منداڵەکانیان دروست دەکات.

لەهۆکارەکانی ئەم دەردە کۆمەڵایەتیە هەندێکی مێژووییەو دەگەڕێتەوە بۆسەردەمی هاوسەرگیریان کەئەوکات مەست بوون و بیریان لەڕۆژێکی وەکو ئەم ڕۆژە نەکردووەتەوە و هەندێکی تریش هەندێك کرداو گوفتاری بێ داناییە کە لەیەکێك یان لەهەردوو هاوسەرەکەوە ڕوودەدات.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ بەشە مێژووییەکەی کاتێك بەشێك لە کوڕو کچەکان بە دڵ و دڵ خوازی و بە خۆشەویستی یەکتر هەڵ دەبژێرن زۆرێك لەم جۆرە هەڵ بژاردنە (نالێم هەمووی) لەکاتێکدایە کچ و کوڕەکە پێش مارە برین چەند مانگێك یان بگرە چەند ساڵێك بە بێ ئاگاداری ماڵی باوکیان دڵیان وابەستەی یەك دی دەکەن و لە قوتابخانە یان زانکۆ یان بازاڕو شوێنە گشتیەکان یان لەسەر کار ئەمان گفت و گۆو بگرە پیاسەو قسەو باسی زۆر دەکەویتە نێوانیان بە ناوی خۆشە ویستیەوە و لەوانەیە ڕاستیش بکەن پێکەوەو نێتیان هاوسەرگیریەکی هەمیشەیی بێت لەگەڵ یەکتر بەڵام کاتێك ئەمانە هەمووی دەبن بەڕاست و هاوسەرگیریەکەیان سەردەگرێت و ماوەیەك پێکەوە دەبن و ووردە ووردە تەجرەبەی ژیان بۆ دروست دەبێت ئەمجار لای بەشێك لەو هاوسەرانە هێواش هێواش بەردی قەڵای پۆڵاییینی ئەو هاوسەرانە دەپروێ و کەلێنێك دروست دەکات تاوای لێ دێت لە کەلێن دەردەچێت و دەبێتە دارمان و کۆشکێکی جالجاڵۆکەیی تر بنیات دەنێت لەبری ئەو کۆشکەی پێشوو کە هەرگیز سەقامگیری تیا نابێت و بە تەنها فوویەك دەڕوخێت!! ئەویش بە خوێندنەوەی کردارو ڕەفتاری ئێستایان لەگەڵ کاتی دڵداریەکەیان تاوای لێ دێت گومان دروست دەبێت و سیقەو متمانە بەیەکجاری نامێنێت و لێکی دەدەنەوە کە کاتی خۆی ئەم هاوسەرەم بە بێ پرسی ماڵی باوکی و بەدزیەوە لەگەڵ من دەهاتە دەرەوەو قسەوباسی زۆرمان کردوە پێکەوە کە تەنها خوا نەبێت و پاشان خۆیان کەسی تر بەئاگا نیە لێیان! دەڵێن کەواتە چی ڕێگر دەبێت لەوەی کە ئێستا ئەو هەنگاوە هەڵ نەگرێت و بەدزی هاوسەرەکەیەوە لەو پەیوەندیانە نابەستێت لەگەڵ کەسی بێ گانەدا!! بەم شێوەیە ژنەکە بێت یان پیاوەکە یان هەردوکیان ئەم خواست نەستە ویرانکاریە وەکو خوێن بە نێو دڵ و دەرونیاندا گوزەردەکات و چونکە یەقینیشە و خۆیان بەعەمەلی ئەو هەڵس وکەوتانەیان کردووە ئاسان نیە هەروا زوو بڕوا بەیەك بکەنەوە!!

هەندێك جار کردارێك یان گوفتارێکی نا تەندروست ئەم گومانە دەخولقێنێت بۆ نمونە کەسێك بۆی گێرامەوە وتی لەگەڵ خێزانم لە بازارێك بوین شتمان دەکڕی ئافرەتێکم بینی شکڵی جوان بوو بە خێزانم گوت ئەو ئافرەتە شکڵی زۆر جوانە وتی ئیتر ئەوەندە بەس بوو کەگەشتینە ماڵەوە هێندەی بۆڵە کرد بەسەرمداو شەڕوئاژاوەکی لەسەر دروست بوو ناچار ماڵم بە جێ هێشت تا چەند هەفتەیەك نەم توانی بگەڕێمەوە ماڵەوە! وشەیەك کە هیچ حیکمەتێکی تیا نیە کە بیکەیت ئاوا ژیانت لێ تاڵ دەکات و دەبێتە بەلگەیەکی بەهێز بەدەست هاوژینەکەتەوە کە مەودای متمانە کەم بکاتەوەو گومانەکانی زیاتر بکات لەسەرت.

ژن و مێرد دەبێت لەهەموو کەس زیاتر ئاشنا بن بەوەی هاوژینەکانیان بەچی نیگەران دەبن و بەچی دڵخۆش دەبن و بەچی متمانە دەچەسپێ‌و بەچیش گومانی خراپ ڕەگ دا دەکوتێت بۆ ئەوەی خۆ بەدور بگرن لە و ئاکارانەی پەشێویی بەدوای خۆیاندا دەهێنن و کێشەی گەورەیان لەسەر دروست دەبێت!

بەتایبەت ئەو کەسانەی هاوسەری غەیری کوردیان هێناوە دەبێت زۆرتر وریابن لە کردارو گوفتارەکانیاندا چونکە پێکەوە گرێدانی دوو نەتەوە

که دوو کولتوری جیایان هەیە و هەروا بەئاسانی متمانە جێگیر نابێت، بۆیە زۆر جار ئەو هاوژینانە کە هەوڵیان نەداوە ئاشنا بن زیاتر بەکولتوری هاوسەرەکانیان بەوهۆیەوە کێشەی زۆر گەورەیان بۆ دروست بووە لە گومان و دڵ پیسی بەرامبەر یەکتر.

چارەسەر لەوەدا دەبینم کە خۆ بەدور بگیرێت لە هێنانی هاوسەر بە دڵداری ئەگەر چی خۆشەویستی پایەی پێکەوەنانی خانەوادەیە بەڵام ئەو جۆرە دڵ و دڵ خوازیەی کە پێش لە هاوسەرگیری کچ و کورەکان دەیکەن، بەوەی کە درەنگ دەچن بەدەم پێکەوەنانی هاوسەرگیریەکە یانەوە بە بیانووی ئەوەی هێشتا خوێندنمان تەواو نەکردووە یان بۆ ئەوەی زیاتر لەیەکتر تێ بگەین! هەموو ئەمانە دەرەنجامی باش بەدوای خۆیدا ناهێنێت لەکاتێکدا ئەمرۆ خەڵکی زۆر کراوەیە و زۆر بەئاسانی زانیاری تەواوت لەسەر هەرکەس بوێت دەست دەکەوێت بەتایبەت ئەوانەی قوتابین یان فەرمانبەرن چونکە هەموو ئاکاری جوان و ناشیرینیان دەردەکەوێت بۆ ئەوانەی لەدوروبەریانن و هیچ شتێکی وا نامێنێتەوە کە پەنهان بێت و هۆکاری دوا خستنی بریار بێت لەسەر ئەو هاوسەر گیریە هەروەها خۆ دوور گرتن لەهەر شتێك کە ببێتە هۆکاری گومان دروست کردن و لەدەست دانی متمانە وەك سەیر کردنی نامەحرەم زیاد لە پێویست بۆ رایی کردنی کارەکان یان شاردنەوەی مەسجێك یان تەلەفۆنێك کە بۆت دێت خۆت پێشتر ئاشکرای بکە بۆ هاوژینەکەت کە ئەوە فلان کەس بوو ئەو داوایەی هەبوو بۆ ئەوەی دەرگای گومانی خراپی لەسەر دابخەیت و بەدواداچونی زیاترو نادروست نەکات بۆت.

دەربرینی خۆشەویستی خۆت بۆ هاوژینەکەت و رێز لێ گرتنی بەربەستێکی باش دەبێت بۆ رەوینەوەی گومانە خراپەکان لەنێوانتاندا. چۆن رێز دەگریت لە ئافرەتێکی بیگانەو بە شیرینی دەدوێیت لەگەڵی هەر ئاواش بدوێ لەگەڵ هاوژینەکەی خۆت کێشەت لەسەر کەم دەبێتەوە.

تەنانەت دەبێت هاوژینەکان ئەوە بزانن هەموو پەنجەکانی دەست وەك یەك نین بەشێك لە هاوسەرەکان تەنانەت سۆعبەتیش حسابی راستی بۆ دەکەن و دەبێت بەسۆعبەتیش بێت وشەیەك لەدەمی نەیەتە دەرەوە کە دەرگای گومانیان بەروودا بکاتەوەو و ژیانیان لێ تاڵ بکات.

لەکۆتایی ئەم بابەتەدا دەتوانم بڵێم بە پێی ئەزمونی خۆم لەگەڵ ئەوهاوسەرانەی گیرۆدەی ئەم دەردە کوشندە بوون هەردوو هاوسەر کەم تازۆر بە پێی دەرەجات لای هەندێکیان زیادو لای ئەوی تریان کەمتر بەشدارن لە خوڵقاندنی ئەو کەشە پڕ لە سۆیەدا و ناتوانرێت بەتەنها تاوانەکە بخرێتە سەرشانی یەکێکیان ئەگەر چی بەدڵنیاییەوە ئەگەر لای یەکێکیان بەشێکی کەم لەو هەڵانە هەبووبێت بەڵام لای ئەوی تریان سنوری بەزاندووەو زیادەرەوی زۆر دەبینرێت!!

بگرە زۆرێکیش لەم گومانانە بێ بنەمان و زۆرێك لە هاوسەرەکان بێ تاوانن و لەخۆرایی شەریان پێ دەفرۆشرێت!! بۆیە دەتوانرێت بوترێت ئەم گومانی دڵ پیسی یە وەکو نەخۆشی وایەو پێویستی بە دەوای تایبەتی خۆی هەیە و باشترین دەوایەکیش لەخوا ترسانی هاوژینەکانە کە بەهۆیەوە متمانە دەگەرێتەوە نێو ماڵەکانیان و خۆ دورگرتن لە و ئاکارانەی گومانی خراپ بەدوای خۆیدا دێنێت.

**کەسێک بۆی گێرامەوە وتی لەگەڵ خێزانم لە بازارێک بوین شتمان دەکری ئافرەتەتێکم بینی شکڵی جوان بوو بە خێزانم گوت ئەو ئافرەتە شکڵی زۆر جوانە وتی ئیتر ئەوەندە بەس بوو کەگەشتینە ماڵەوە هێندەی بۆڵە کرد بەسەرمداو شەڕوئاژاوەکی لەسەر دروست بوو ناچار ماڵم بە جێ هێشت تا چەند هەفتەیەک نەم توانی بگەڕێمەوە ماڵەوە!**

**ژن و مێرد دەبێت لەهەموو کەس زیاتر ئاشنا بن بەوەی هاوژینەکانیان بەچی نیگەران دەبن و بەچی دڵخۆش دەبن و بەچی متمانە دەچەسپێ و بەچیش گومانی خراپ ڕەگ دا دەکوتێت بۆ ئەوەی خۆ بەدور بگرن لە و ئاکارانەی پەشێویی بەدوای خۆیاندا دەهێنن و کێشەی گەورەیان لەسەر دروست دەبێت!**

# هاوڕێ بە...

و: کۆچەر فائق

- هاوڕێ بە لەگەڵ مسوڵمانان.
- هاوڕێ بە لەگەڵ نامسوڵمانان.
- هاوڕێ بە لەگەڵ ئاژەڵ و باڵندەکان.

مەبەستمان لە هاوڕێیەتی سۆز و بەزەیی وڕێز و خۆشەویستیە لەکاتی مامەڵەکردن لەگەڵ دروستکراوەکانی پەروەردگاری جیهانیان لە مرۆڤ و ئاژەڵان، هەر کۆمەڵگەیەک هاوڕێیەتی تێدابێت ئەوا لە خۆشی و خۆشەویستیدا دەژین و ئاشتی و ئارامی و برایەتی تێیدا بەرقەرارە.

چونکە پەیوەندیەکان بەهێز دەکات، وا لەکۆمەڵگا دەکات وەک جەستەیەك بن هەرکاتێك ئەندامێکی ئازاری هەبێت ئەوا هەموو ئەندامەکانی تر ئارام و قەراریان لێ دەبڕێت.

لێرەدا بە کورتی باسی هاوڕێیەتی و دەرەنجامەکانی دەکەین لەم روانەوە.

١- هاوڕێ بە لەگەڵ مسوڵمانان:

هاوڕێیەتی لە رەوشتە بەرزەکانی مرۆڤی مسوڵمانی راستەقینەیە کە خۆی لە سۆز و بەزەیی دا دەبینێتەوە لە کردار و گوفتاریاندا لەگەڵ مسوڵمانان بە شێوەیەکی گشتی.

هەروەها چی کەسێك گەورەترە لەو کەسەی لەگەڵ فێرخوازەکانی مامەڵەیەکی هاوڕێیانە دەکات و بەهۆی عیلم و زانستەوە خۆشی بوێن و واش لەمان بکات بەهۆی ئەم خۆشەویستی و هاوڕێیەتیەوە ئارەزویان لە خوێندن و فێربون زیاد بکات.

هەروەها هاوڕێیەتی لەگەڵ منداڵاندا کە ئاینی پیرۆزی ئیسلام گرنگیەکی زۆری پێداوە و پێویستە ئاگاداریان بین و بە سۆز و بەزەییەوە مامەڵەیان لەگەڵ بکەین، چونکە ئەوان لەهەموو چینەکانی تر زیاتر پێویستیان بەوەیە.

ئەوەتا خۆشەویستمان پێغەمبەر (ﷺ) نوێژی بەپەلە کردوە و کورتی کردۆتەوە بە هۆی گریانی منداڵێکەوە



لە کاتی نوێژەکەیدا، بەڵکو دایکی بتوانێت دوای نوێژەکە ژێری بکاتەوە، ئەمەش ئەوپەڕی سۆزە لەگەڵ منداڵدا.

هەروەها هاوڕێیەتی لەگەڵ ئافرەتاندا یەکێکی ترە لەو هاوڕێیەتیانەی کە شەرعی خوا فەرمانی پێکردوین، کەخۆی لە خۆشەویستی و ڕێزی نێو خێزان دەبینێتەوە و ئەم خۆشەویستیەش پێویستە بە گوفتار و کردار بەرجەستە بکرێت، چونکە ئافرەتان بە سروشتی خۆیان دروستکراوێکی عاتفین و زیاتر پێویستیان بە لەبەرچاوگرتنە لەم ڕووەوە، هەروەك پەروەردگاری جیهانیان دەفەرموێت (وعاشروهن بالمعروف).

هاوڕێیەتی لەگەڵ خادم یەکێکی ترە لە سیما جوانەکانی ڕەوشتی مسوڵمانان و باشترین وێنەشە باشترین دروستکراوی خوا پێشانی داوین (ﷺ) کە ئەنەسی کوڕی مالیك ١٠ ساڵ لە خزمەتیدا بوو و هەرگیز (ئوف)ی لە دەست نەکردوە و کاتێك کارێکی کردوە نەیوتوە بۆ کردوتەوەو کاتێکیش کارێکی نەکردوە سەرزەنشتی نەکردوە بەوەی بۆ نەتکرد.

هەروەها هاوڕێیەتی لەگەڵ دایك‌و باوك و خزم و دۆستان و فەقیرو هەژاران لەو هاوڕێیەتیانەن کە دینەکەمان فەرمانی پێکردون.

بەرهەم‌و پاداشتی ئەم هاوڕێیەتیەش کە لەبەرخاتری بەدەستهێنانی ڕەزامەندی پەروەردگارەو بێگومان دەبێتە هۆی بەدەستهێنانی پاداشتێکی بێ ئەندازە لای پەروەردگارو بەدەستهێنانی بەهەشتی بەڵێندراو، و تەنانەت لەم ژیانەشدا بەرهەم و دەرەنجامەکەی دەبینین کە ئەویش بەدەستهێنانی خۆشەویستی خەڵکە.

٢- هاوڕێ بە لەگەڵ کەسانی نامسوڵماندا:

ئاینی پیرۆزی ئیسلام ئاینی ڕەحمەتە بۆ تەواوی مرۆڤایەتی، بۆیە داوامان لێ دەکات هاوڕێ بین لەگەڵ کەسانی نامسوڵمانیش کە دیارە لێرەدا مەبەستمان ئەو نامسوڵمانانەیە کە دژایەتی مسوڵمانان ناکەن. دەبێت کردار و گوفتارمان لەگەڵیاندا باش بێت و چاکەیان لەگەڵ بکەین و نانیان لەگەڵ بخۆین و ئاڵوگۆڕی دیاری بکەین لەگەڵیاندا و تەنانەت کار دەگاتە ئەوەی پەیوەندی ژن و ژنخوازیش لەگەڵیان دێتە ئاراوە کە ئەمانەش بە دەقی ئایەت لە قورئانی پیرۆزدا چەسپاوە بۆمان.

هەموو ئەمانە دەبنە مایەیی دروستکردنی هاوڕێیەتی و خۆشەویستی لە نێوانمان و سەرەنجام کۆمەڵگایەکی ئارام و ئاسایشی بەرقەرارو دروستدەبێت و هەمومان لێی بەهرەمەند دەبین.

کەواتە بەرهەمی ئەم هاوڕێیەتیە بەدەستهێنانی ڕەزامەندی پەروەردگارە لەلایەك و لەلایەکی تریشەوە ئەم هاوڕێیەتی و ڕێز و خۆشەویستیەش ڕەنگە ببێتە ڕێگاخۆشکەر بۆ شیرین بونی دینەکەمان لای بەرامبەر و سەرەنجام ببێتە هۆی هیدایەتدانی کەسەکە بۆسەر ئاینی پاکی ئیسلام.

٣- هاوڕێ بە لەگەڵ ئاژەڵ و باڵندەکان:

هاوڕێیەتی لەگەڵ ئاژەڵان فەرمانی دینەکەمانەو ڕێوشوێنی تایبەتی بۆ دانراوە.

ئەم هاوڕێیەتیە خۆی لەو بەزەییەدا دەبینێتەوە کە ئیسلام داوامان لێ دەکات هەمان بێت بەرامبەر بە ئاژەڵان، چونکە سەرئەنجام ئاژەڵانیش یەکێکن لە دروستکراوەکانی خوای گەورەو بۆ خزمەتی مرۆڤایەتی فەراهەم کراون.

وەك دەگێڕنەوە ئافرەتێك پشیلەیەکی سجن کردبوو و ئاو و نانی پێ نەدابوو هەتاوەکو مردار بووەوە، ئەمەش بوە هۆی بچێتە ئاگری دۆزەخەوە چونکە نان و ئاوی پێ نەداو ڕێگریشی کرد کە خۆی هەوڵی پەیداکردنی بدات.

هەروەها چەندین فەرمایشتی ڕاست و دروستمان هەیە لە بارەی ڕێزگرتنی ئاژەڵان چونکە ئاژەڵان بۆ ستایشی پەروەردگار دروستکراون تاکو بە کارەکانییان تسبیحات و شوکری خودا بکەن و دروستکراون تا ببنە هۆی ئاوەدانی زەوی و کارئاسانی بۆ مرۆڤایەتی بکەن.

بەرهەمی ڕێزگرتن لە ئاژەڵان دەبێتە هۆی ڕەزامەندی پەروەردگار و ڕژاندنی سۆز و ڕەحمەتی خۆی بەسەرماندا و دوربین لە خەشم و قینی پەروەردگاری جیهانیان.

هەروەها دەبێتە هۆی ئەوەی کە مسوڵمانی ڕاستەقینە لەڕێگەی ئەم ڕێزگرتنەوە ڕاستی دینەکەی پیشان بدات و ببێتە هۆی هیدایەتدانی کەسانی تر و پیشاندانی ئەو ڕووە جوانەی بەرنامەکەمان کە بەرنامەکانی تر لێی بێ بەشن.

پەروەردگارا فێرمان بکە لەوەی باشە بۆمان و هەرچیش باشە ئاسانی کە بۆمان.

ئاینی پیرۆزی ئیسلام ئاینی ڕەحمەتە بۆ تەواوی مرۆڤایەتی، بۆیە داوامان لێ دەکات هاوڕێ بین لەگەڵ کەسانی نامسوڵمانیش کە دیارە لێرەدا مەبەستمان ئەو نامسوڵمانانەیە کە دژایەتی مسوڵمانان ناکەن. دەبێت کردار و گوفتارمان لەگەڵیاندا باش بێت و چاکەیان لەگەڵ بکەین و نانیان لەگەڵ بخۆین و ئاڵوگۆڕی دیاری بکەین لەگەڵیاندا و تەنانەت کار دەگاتە ئەوەی پەیوەندی ژن و ژنخوازیش لەگەڵیان دێتە ئاراوە کە ئەمانەش بە دەقی ئایەت لە قورئانی پیرۆزدت چەسپاوە بۆمان.




# شانس چی‌یە؟

زانا ناصح/ ڕاهێنەری گەشەپێدانی مرویی

شانس بە فەرەنسیەکەی یا چانس بە تەعبیرە ئینگلیزیەکەی هەمان ئەو ئیشە باشانەیە کە تۆ ئەنجامت داوە لە تەبیعەتدا و تەبیعەتیش ئیشێکی باشی تۆ قەرزارە، کە ڕۆژێك دێت و ئەو قەرزەت ئەداتەوە. شانس لە پێشیناندا لەسەری وتراوە وەك دەڵێت (چاکە بکەو بیدە بەدەم ئاوەوە) لە قورئاندا ئاماژەی پیکراوە وەك دەفەرمویت (فَمَنْ يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ خَيْرًا يَرَهُ * وَمَنْ يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ شَرًّا يَرَهُ) لەڕوی میتافیزیکیەوە دەوترێت شانس یەعنی هەر وزەیەك کەلە سروشتدا بەکاری دێنی حاڵەتەکەی ئەگۆڕێت و دواتر دێتەوە بۆ لات.

نظم و شعورێك لە سروشتدا حاکمە کە هیچ کەس ناتوانیٚ ئینکاری بکات هیچ کەسێك، تەنانەت ئەوەشی کە ئینکاری‌و جودی خوا ئەکات ناتوانێت بۆ نمونە ئینکاری هێزی کێشکردنی زەوی بکات، یا ئینکاری نەکولانی ئاو لە ١٠٠ پلەدا بکات. ئەمانە یاساو شعوری تەبیعەتن یاخود هەڵهاتن‌و ئاوابونی خۆر لەکاتی خۆیدا، کەواتە یاسا، نظم و شعور لە تەبیعەتدا حاکمە.

تەبیعەت شعوری هەیە چونکە خەڵکی زاڵم و دز سزا دەدات بەوەی ئارامی و بەختەوەریان لیٚ دەسێنێتەوە. کەواتە تەبیعەت شعوری هەیەو کەسی خراپکار سزا دەدات. سیٚ شت لە تەبعەتدا بونیان هەیە:- (مروف- حەیوانات- اشیاء) هەر زەرەرو زیانێك بەمانە بگەیەنیت ئەوە قەرزاری تەبیعەت ئەبیت وە دەبێت ڕۆژێك ئەو قەرزە بدەیتەوە.

وە هەر سودێك بەمانە بگەیەنیت تەبیعەت چاکەیەك قەرزاری تۆیە.

مرۆڤ بۆ نمونە ئەگەر کەسێك دڵت بشکێنیت یا ئازارێکت بدات، نیگەران مەبە، تەبیعەت خراپەیەك قەرزاری ئەوەو چاکەیەك قەرزاری تۆ تا برینداربونەکەت قەرەبوو بکاتەوە.

حەیوانات ئەگەر مێرولەیەك بە ئەنقەست بکوژی کە تەمەنی ٧ ڕوژ بێت ئەوە تۆ ٧ ڕۆژ لە تەمەنت قەرزاری و تەبیعەت ئەم قەرزەت دەداتەوە بەشێوازێك لە شێوازە خراپەکانی.

اشیاء ئەگەر لەناو پاسێکی نەفەر هەڵگردابیت و کوشنەکەی بدڕێنیت و بێکەڵکی بکەیت ئەوا خەڵکی یان لەسەری دانانیشن یان ناڕەحەت ئەبن کە دادەنیشن، کەواتە بە ئەندازەی ئەو ناڕەحەتیەی ئەوان ئەیچەژن، تەبیعەت هەمان ئەندازە ناڕەحەتی قەرزاری تۆ ئەبێت. یاخود کاتێك ئەڕۆیت بۆ گەشت و سەیران، پاشماوەی خۆراکی فڕیٚ دەدەیت و دواتر خەڵکی دێنە هەمان شوێن وە ناڕەحەتی ئەچەژن و بێزار ئەبن، تەبیعەت بە هەمان ئەندازە ناڕەحەتیت بۆ دەنێرێت ڕەنگە بەشێوەی نەخۆشی، توشی نەخۆشییەك ببیت زۆر ئازار بچەژیت بەدەستیەوە. (هەرکەس خراپەیەك لەبەرامبەر تەبیعەتدا واتە مرۆڤ حەیوانات اشیاء ئەنجام بدات، قەرزاری تەبیعەتەو دەبێت بیداتەوە کاتێك کەسێك تۆ ئازار دەدات و نیگەرانت ئەکات، بە هێمنی پێی بڵێ کارەکەت خراپ بوو ئیتر وازی لێبێنە تەبیعەت خۆی حەقی لێ دەکاتەوەو بێچارەی ئەکات ئێستا تۆ لەبەرامبەر ئەو ناخوشی و خەسارەتانەی بەسەرتیان هێناوە وزەیەکی زور قەرزاری تەبیعەتی نیگەران مەبە خۆی دێتە سەر حسابی بانکی تەمەنت، بەڵام مەڵیٚ کەی؟

تاقەتت هەبێت و صەبر بکە، ڕەنگە پاش سەعاتێك، ڕۆژێك، مانگێك یا تەمەنێك پاداشتێکی باشت دەداتەوە کەواتە گلەیی دەرمەبڕە و ئارام بگرە، چاوەڕێی پاداشتێکی باشبە لە لایەن خوداوە نەك بەندەی خودا. بزانە کاتێك شتێکی خۆش دێتە ڕێت و کارێکی باشت بۆ ڕێك دەکەوێت، ئەوە نەتیجەی ئیشێکی باشە کە کردوتەو قەرزێکی باشت لای تەبیعەت بووە، بویە تا ئەتوانی لە ئەنجامدانی کاری باش دریغی مەکە، بە دەستەواژە عامیانەکە تاوەکو شانسێکی باشت هەبێت



# تەنها ماسیەکی گەورەت بەسە؟!

ابراهیم برهان

دوو هاوڕێ بەیەکەوە دەڕۆن بۆ ڕاوکردنی ماسی یەکێکیان ماسیەکی گەورەی ڕاوکرد خستیە ناو جانتاکەیەوە، خۆی کۆکردەوە و هەستایە سەرپێ بۆ ئەوەی بڕوا، هاوڕێیەکەی پێی ووت بۆ کوێ دەڕۆی؟

ووتی: بۆماڵەوە، ماسیەکی زۆر گەورەم ڕاوکردووە و بەسمە.

هاوڕێیەکەی پێی ووت: چاوەڕێکە بۆ ئەوەی ماسی گەورەی زیاتر ڕاو بکەیت وەکو من.

پرسیاری لە هاوڕێکەی کرد: لەبەرچی ئەم کارە بکەم؟!

هاوڕێیەکەی پێی ووت: ئەگەر ماسی زیاتر ڕاوکرد دەتوانی بیفرۆشی.

ووتی: لەبەرچی ئەم کارە بکەم؟!

هاوڕێیەکەی: بۆئەوەی پارەی زیاتر بەدەست بێنی.

ووتی: باشە چ لەو پارانە بکەم.

هاوڕێیەکەی ووتی: دەتوانی پاشەکەوتی بکەی، لە بانك بەلانست زیاد بکەیت.

ووتی: بۆچی ئەم کارە بکەم.

هاوڕێیەکەی: بۆئەوەی دەوڵەمەند بی؟

ووتی: چ لەو دەوڵەمەندییە بکەم

هاوڕێیەکەی ووتی: دەتوانی ڕۆژێك لەڕۆژان کە گەورەبووی کاتێکی خۆش لەگەڵ منداڵ وخێزانەکەت بە سەر ببەیت.

ووتی: منیش ڕێك ئێستا ئەوکارە دەکەم ئەو ماسیەیان بۆ دەبەمەوە دڵیان خۆشدەکەم، ناشمەوێ دوای بخەم تا گەورە دەبم ئەم هەموو تەمەنە بە زایە بدەم!

بۆچونی من لەسەر ئەم چیرۆکە دەبێ واگومان نەبەین ئەوەی ڕازیە بەبەشی خۆی لەگەڵ ئەوەی خەونی گەورەی هەیە دژی یەکن، هەیە وادەزانێ ئەوەی ڕازی بوو بە بەشی خۆی نابێ کەسێکی بەرزە فڕو خاوەن ئامانج بێ! بەدڵنیاییەوە ئەمە بیرکردنەوەیەکی هەڵەیە، ئەو پیاوەی کەبەبەشی خۆی ڕازی بوو ئامانجی ئەوەبوو ماسیەکی گەورە ڕاوبکات بەشی خۆی و خێزانەکەی بکات، نیەتی زیاتری نەبوو بیفرۆشی یان پاشەکەوت بکات، ئەوە خەونی ئەم پیاوە بوو، کاتێ ماسیە گەورەکەی ڕاوکرد دەستی هەڵگرت و ماسیەکەی خستە ناو جانتاکەیەوە بەرەو ماڵەوە گەڕایەوە بۆ ئەوەی ئەم چەند کاتەی لە گەڵ خاو خێزانی بەخۆشی بەسەر ببات.

بەکورتی بەدوای ئامانجی نا ڕوون و خەونی بێ سنوور ڕانەکەین تاوەکو نەکەوینە داوی چڵێسی و چاوچنۆکی هەموو ژیانمان بەهەدەر بڕوا ئەو شتانەش وون بکەین کەلە ژیانمان گرنگن، بەرەو خەونێکمان ببەن کە خەیاڵ و بێ بنەمان.

خەونی گەورە وهیممەت بەرزی شتی زۆر جوانن، بەڵام دەبێ ئێمە کۆنترۆڵی بکەین بەسەری دا زاڵ بین نەك ئەو بەسەرمان زاڵ بێ.

سەرچاوە: الأسلوب الأقوى والألطف في التغيير: نايف عبد الرحمن الزريق

ئەڵقەی چوارەم

# پەیوەندی نێوان هاوسەران

# دانیشتنی خێزانی

ن: عبدالكريم البكار
و: یاسین زەنگەنە

- گرنگە لە دانیشتنی خێزانیدا دایباب نەهێڵن نوکتەو قسەو باسی خراپ بکرێت، بەتایبەت ئەوانەی ئاماژەی سێکسیان تێدایە، چونکە منداڵان بە قۆناغێکدا تێدەپەڕن زۆر لەو قسەوباسانە لە هاوڕێکانیان دەبیستن و دواتر لاساییان دەکەنەوە، لەسەر دایبابە بە توندی دژی ئەمانە بوەستنەوە.

- بەختەوەری ماڵ بەفراوانی یان گرانبەهایی کەرەستەکانی نیە، بەڵکو بە دامەزراوەیی کەسەکان و ڕێزو خۆشەویستیان بۆ یەکتری و، ئەو خۆشی و شادیەی دەتوانن بۆ خانەوادەکەیان فەراهەمی بکەن، دایباب دەتوانن ئەمانە بە هەوڵ و کۆششێکی کەم دەستەبەر بکەن.

- کاتێك ژمارەی منداڵ لە ماڵدا زۆر دەبێت دایك پێیانەوە سەرقاڵ دەبێت، وادەکات هەندێك لە مافەکانی مێردەکەی فەرامۆش بکات، یان کاتی وای نەبێت قسەی لەگەڵدا بکات، ئەمەش شتێکی ناڕاستە، هەندێك ئاگایی و ڕێکخستنی کارەکان یارمەتی



ئافرەت دەدات بۆ رزگاربوون لەم بارە، رەحمەتی خوا لەو کەسانەی کە مافی هەموو خاوەن مافێك دەدەن.

- بەڕێوەبردنی بودجەی دارایی خێزان لە بەرپرسیاریتی ئافرەتدایە، جا لەم بارەوە لەسەریتی بەئاگایی و رێکو پێکی پارە خەرج بکات، لەگەڵ هاوسەرەکەیدا رێك بکەویت سەبارەت بەپێکهێنانی سندوقێکی یەدەك، لە پێناو باش فێرکردنی نەوەکانیان، خەرج کردن لەپارەی سندوقەکە لە رۆژانی نارەحەتی و کاتی نائاساییدا.

- لەو نەریتە چاکانەی هەندێك خێزانی مسوڵمان لەسەری راهاتوون پاشەکەوتکردنی بری ٢٪ لە خەرجی مانگانەیان، ئەمەش لە پێناو یارمەتیدانی خێزانە هەژار و لێقەوماوەکانداپە، دەکرێت ئەم بڕەمان دەست کەوێت ئەگەرپارەی رۆژێکمان لە هەر مانگێکدا پاشەکەوت کرد ئایا کەسێك هەیە کار بەم دەستپێش خەرییە بکات؟

- هەندێك لە دایکان و باوکان بەدەست هەندێ نەحۆشی دەروونیەوە دەناڵێنن وەك خەمۆکی و دڵەڕاوکێ و زوو توڕەبون،پێویستە لەسەریان چارەسەری خۆیان بکەن تا ماڵەکەیان نەبێتە ژینگەیەکی پەروەردەیی خراپ، تا منداڵەکانیان لاساییان نەکەنەوە لەو هەوڵسوکەوتانەیاندا.

- بە پێی راپرسییەك کە کۆمەڵەی نیشتیمانی بۆ مافەکانی مرۆڤ ئەنجامی دابوو، جەختی کردۆتەوە کە لە لاوازی واعیزی ئاینی هۆکاری سەرەکییە لە رودانی حاڵەتی توندوتیژی خێزانی، هەربۆیە دورکەوتنەوە لە خوای گەورە وا دەکات مرۆڤ رێگایەکی تاریك بگرێتەبەر، رێگایەك جگە لە سزاو ئازاردانی خەڵکی هیچی تری تێدا نەبێت.

- ئێمە پێویستمان بەوە هەیە لەسەر ئەقڵیەتێکی گەورە پەروەردە بین، بەخششەکانی پەروەردگار گەورەیەو، هەڵەکانیش زۆرن،کاتێك نارەحەتیەکان توند دەبن و تەنگمان پێ هەڵدەچنن، دەبێت بزانین سۆزو بەزەیی خوا بەکاری پیسکەیی و چروکی دانابەزێت، بەڵکو بە خێر و چاکە و هاوکاری و بیرکردنەوەی هاوبەش دادەبەزێت.

- ئاشکرایە زمان هەست و سۆز دروست دەکات، هاوسەران بە شێوەیەکی بەردەوام پێویستیان بە هەست و سۆزی گەرم هەیە، ئاڵوگۆڕکردنی دەستەواژەی وا کە بەڵگە بێت لەسەر خۆشەویستی و رێز و سوپاس و بایەخدانی هاوبەش لەلایەن هاوسەرانەوە، لەگەڵ بانگەشەی راستگۆیانەدا، هەموو ئەمانە یارمەتیدەرن بۆ بەدیهێنانی هەست و سۆزێ کە هەمووان پێویستمان پێیەتی.

- دایباب پێویستە پەیوەندی تایبەتی نێوانیان بە ئاگایی و نهێنی تەواو داپۆشن، هەروەها ئاگاداربوون لە دەربڕینی ئەم پەیوەندییە، شەریعەتی خوا مۆڵەت وەرگرتنی داناوە بۆ کوڕان و کچان کاتێك دەچنە ژوورەوە بۆ لای دایبابیان ئەمەش لە پێناو پاراستنی ئەم تایبەتمەندییەدایە.

- گفتوگۆی نێوان هاوسەران خۆی لەخۆیدا خوازراوە،پێویستە لەسەریان ئاخاوتنیان بکەنە هۆکارێك بۆ خۆشی و دڵخۆشکردنی یەکتری، هەرچەند بابەتێکی دیاریکراویش نەبێت بۆ ئاخاوتن، بێدەنگی زۆر هەردوو هاوسەر لێك دووردەخاتەوە، پاڵیان پێوە دەنێت تا هەر یەکەیان لەجیهانی تایبەتی خۆیدا بژی.

- دوورکەوتنەوە لەسەر جێگا هۆکارێکی رەوایە بە مەبەستی ئاگادارکردنەوەی ئافرەت، بۆ ئەوەی وازبێنێت لە ئەنجامدانی هەندێك رەفتاری هەڵە، پێویست ناکات نوستن لە جێگایەکی تر یان لە ژورێکی تردا بێت، چونکە ئەمە زیاتر دڵساردی و بێمەیلی زیاد دەکات، ئەمەو دورکەوتنەوەی سەرجێگا پەیوەندی ئاسایی رۆژانە ناگرێتەوە چونکە ئەمەیان ناشێت.

- ژن و مێرد هەندێك جار هەنگاو دەنێن بۆ وێران کردنی ژیانی خێزانیان، یان خاڵی دەکەنەوە لەسۆزو گونجاندن، بەرێگایەك کە مەبەستیان نیە، ئەمەش لە میانەی رەخنەگرتنی بەردەوام لە یەکتری و جەختکردنەوە لەسەر کەلێن و کەموکورتی، ئەمەش بۆشاییەکی گەورە لە نێوانیاندا دروست دەکات.

- دەمەقاڵێی زۆر لە نێوان ژن و مێردا رودەدات بەهۆی بەکارهێنانی زمانەوە، تۆ وات وت،من ئەوەم نەدە ویست، تۆ خراپ تێگەیشتی... هتد. زۆر گرنگە ژن و مێرد بزانن هەردوکیان بەرێگایەکی جیاواز دەدوێن، هەروەها بەرێگایەکی جیاواز شی کردنەوە دەکەن بۆ ئەوشتانەی دەیبیستن.

- خۆ بەگەورە زانینی یەکێك لە هاوسەران بەسەر ئەوی تردا بەهۆی ماڵ و سامان یان جوانی یان پایە یان بڕوانامە پشتی ژیانی خێزانی دەشکێنێ و توشی دەردو ناتەواوی بەردەوامی دەکات.

کاتێك ژمارەی منداڵ لە ماڵدا زۆر دەبێت دایك پێیانەوە سەرقاڵ دەبێت، وادەکات هەندێك لە مافەکانی مێردەکەی فەرامۆش بکات، یان کاتی وای نەبێت قسەی لەگەڵدا بکات، ئەمەش شتێکی ناڕاستە، هەندێك ئاگایی و رێکخستنی کارەکان یارمەتی ئافرەت دەدات بۆ رزگاربوون لەم بارە، رەحمەتی خوا لەو کەسانەی کە مافی هەموو خاوەن مافێك دەدەن.

# بنەماکانی راگرتنی پەیوەندی لەگەڵ هەرزەکاراندا

## وەرگێڕانی بە دەستکاریەوە: نەرمین مستەفا

**بنەمای یەکەم هاوبەشی کردن:**
هاوبەشی و بەشداری هەرزەکارەکەت لەو چالاکیانەدا کە حەزی لێیەتی، گفتوگۆیان لەگەڵ بکەو بیاندوێنە لەو شتانەدا کە دڵخۆشیان دەکات کاتێك بەشداریان پێ دەکەیت هەست بە نزیکی و بونت دەکەن لە ژیانیاندا بە رۆح و بەجەستە، کاتێك قسەیان لەگەڵ دەکەیت تەماشای چاوەکانیان بکە، بەسەرهاتێکیان بۆ بگێڕەوە کە لە ئاست تەمەن و بیرکردنەوەیاندا بێت، یاریەکیان لەگەڵ بکە گونجاو بێت لەگەڵیاندا، ئەم بەشداری کردنەت هاوکاریەکی باش دەبێت بۆ هەرزەکارەکەت.

**بنەمای دووەم خۆشەویستی:**
خۆشەویستی بکەرە چوارچێوەی پەیوەندیەکانت لەگەڵ هەرزەکەتدا، واتە خۆشەویستیەکی بێ مەرج و ئەم خۆشەویستیە بە رەفتار و گوفتار نیشان بدە. لە روی گوفتارەوە هاوکاریان بە لە چارەسەرکردنی کێشەو هەڵەکانیان، دژایەتی مەکەو ناوی مەزرێنە بەڵکو ئامۆژگاری بکەو دەستی بگرەو چارەسەری گونجاوی بۆ بدۆزەرەوە.

خۆشەویستی بۆ هەرزەکارەکەت لەوەدایە دان بە کەسایەتی و سەربەخۆیی ئەودا بنێیت، مەبەستم لەو سەربەخۆییە لە سنورێکی دیاریکراودا.

ئەوەش بزانە ئەوان مافی خۆیانە هەڵە بکەن و هەروەك چۆن مافی خۆیانە لە هەندێ شتدا بیپێکن بەو مەرجەی بتوانن بەرپرسیارێتی هەڵەکانیان لە ئەستۆ بگرن.

**بنەمای سێیەم گوێگرتن:** زیاتر گوێ لە هەرزەکارەکەت بگرە لەوەی قسەی بۆ بکەی چونکە ئێمە بە هۆی دەستەڵاتی دایکایەتی و باوکایەتیەوە راهاتوین زیاتر لە رویاندا بوەستینەوە، ئەمەش هۆکارێکە کەمتر گوێیان بۆ بگرین.

ئامۆژگاری لە رادەبەدەریان مەکە و



بەردەوام وتاریان بۆ مەدە واتە زۆریان لەگەڵی مەڵی بەڵکو گوێیان لێ بگرە.

بە هۆشداری تەواوەوە لەگەڵ تێبینی کردنی نێوچەوان و دەم و زمان جوڵەی چوار پەلی.

هانی بدە لەسەر قسەکردن و رادەربرین بەشێوازێکی ئازادانە.

**بنەمای چوارەم بەکارهێنانی شێوازی گفتوگۆ:**

ئەو بابەتەی گفتوگۆی لەسەر دەکەن پێویستی بە رازی کردنی یەکترە نەك شێوازی سەپاندن لە خۆبگرێت و بە کۆمەڵ فەرمان کۆتایی بێت وەك ئەوەی هیچ روینەدابێت، ئەمە لە نێوان بەخێوکەر و هەرزەکاراندا دورکەوتنەوە دروست دەکات و رۆژ لەدوای رۆژ ئەو دورکەوتنەوەیە زیاد دەکات تا دەگاتە ئاستێك دیوارێك لەنێوانیاندا دروست دەبێتو دەبێتە هۆی بچڕانی پەیوەندیان و کەسیان گوێ لەوەی تریان نابێتو کێشەکە لێرەوە دەست پێ دەکات بە تایبەتی لای هەرزەکاری خاوەن خولیا چونکە ئەو لە خەیاڵی خۆیدا کۆمەڵێ بەرنامەی دیاری کردوە کە ئاواتەخوازە ببێتە راستی بەڵام راستیەکی تر خەیاڵەکەی پوچەڵ دەکاتەوە لە کاتێکدا بەرامبەرەکەی لێی حاڵی نابێت وگوێی بۆ راناگرێت لە ئەنجامدا گرژی رودەداتو کێشەکان سەرهەڵدەدەن.

**بنەمای پێنجەم هاوسۆزی نواندن:**

نیشانەی هاوسۆزی نواندن ئەوەیە تەماشا بکە و گوێ بگرە پێش ئەوەی بە خێرایی بڕیار بدەی، هەروەها متمانەیان لا دروست بکە بۆ ئەوەی بە راشکاوانە قسە لەسەر کێشەو هەڵەکانیان بکەن، بەشێوازێك خێرا مەبە لە بڕیار و کاردانەوەکانت، ئەگینا کێشەو هەڵەکانت لێ دەشارنەوە تا دەگاتە ئەوەی ئەم حاڵەتە ئاسایی بێتەوە لایان و ئەوجا هەرزەکارەکەت بە رێگای خۆی چارەسەر بۆ کێشەو هەڵەکانی خۆی دیاری دەکات بۆ ئەوەی رزگاری بێت لە بڕیار و کاردانەوەکانت.

**بنەمای شەشەم هیوات هەبێ:**

هیوات مەپچڕێنە لە چاك بوون و سەرکەوتن و رزگاربونی هەرزەکارەکەت لە هەر بارودۆخێکدا بێت، ئەگینا زیانی گەورەت پێ دەکەوێت چونکە هەرزەکارەکەت هیچی نیە تا لەدەستی بدات، لەبەرئەوەی ئەو لەسەرەتای ژیانی پەروەردەو راهێناندایە، ئەگەر هیوات نەبوو پێی ئەوا خۆت و هەرزەکارەکەت لە بازنەی فەشەل داناوە.

بێگومان ئەمەش راست نیە چونکە هەموو مرۆڤێك فرسەتی هەستانەوەو راست بونەوە لەبەردەمیدایە، کاتێك هەرزەکارەکەی تۆ لەسەرەتای ژیانیەتی زۆر ئاگاداربە نەکەی دەرگای بەروودا دابخەی، دەرگای چاك بوون و گۆڕانکاری بەڵکو هیوای باشترین ژیانی بۆ بخوازە و رایبهێنە پەند لە کێشەکانی وەربگرێت و پێی بڵێ هەموو کەوتنێك راست بونەوەی بەدواوەیە.

**بنەمای حەوتەم یەکسانی:**

ئەگەر لە خێزانەکەتدا چەند هەرزەکارێك لە کوڕان و کچانی تێدایە ئەوا بە یەکسانی مامەڵەیان لەگەڵدا بکەو ئاگاداریان بەو جیاوازیان لە نێواندا مەکە، بەجۆرێك فەزڵی کوڕەکان بدەی بەسەر کچەکاندا یاخود بەراوردی هەرزەکارەکەت بکەی لەگەڵ هەرزەکاری کەس وکارو دەوروداروسێدا، چونکە هەموو مرۆڤێك جیاوازی هەیە لە نێوانیاندا لە روی کردەوەو تواناو بیروبۆچونەوە.

دیسانەوە ئاگادار بە داوای شتێکی لێ مەکە لەسەرو تواناکانیەوە، هەر یەکەیان بەو شێوازەی کە لەگەڵیدا گونجاوە مامەڵەی لەگەڵدا بکە.

**بنەمای هەشتەم بەهەند وەرگرتنی فرسەتە بچوکەکان بۆ وروژاندنی بابەتە گرنگەکان:**

بۆ نمونە لە کاتی گوێگرتن بۆ بەرنامەیەك لەسەر مادە هۆشبەرەکان، ئەو بابەتە لە مێشکتدا بوروژێنەو بڵێ رات چۆنە دەربارەی ئەو کەسانەی مادەی هۆشبەر بەکاردێنن؟ یاخود بڵێ: ئایا کارێکی قورسە گەنجان واز لە مادەی هۆشبەر بهێنن یاخود خۆیانی لێ بەدوربگرن؟ باسی زیانەکان و تێروانینی ئاینی بۆ بکە لەسەر ئەو بابەتە.

یان لە کاتی خوێندنەوەی رۆژنامەیەکدا بڵێ ئەم بابەتە سەرەنجی منی راکێشاوەو پێم باشە تۆش بیخوێنیتەوەو دواتر قسەی لەسەر دەکەین، یان لەکاتی چوونە دەرەوەتاندا پێکەوە جابۆ بازاڕ بێت یان سەردان و سەفەر ئەگەر لەو جێگایەدا دیاردەیەك یاخود دیمەنێکی نائاسایتان بینی هەوڵبدە پێکەوە گفتوگۆی لەسەر بکەن.

یاخود بابەتێك لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بڵاو دەکرێتەوەو هەراو دەنگۆیەکی زۆری لەسەر دروست دەبێت و شایەنی ئەوەیە ئێوەش تێروانینەکانی یەکتر بەهەند وەربگرن و لەو رێگایەوە راستیەکان بگەیەنیتە مێشکی هەرزەکارەکەت.

شایەنی باسە ئەم بنەمایانە هۆکارێکی سەرەکین بۆ نزیك بونەوەو لەیەکتر حاڵی بوون لەنێوان هەرزەکار و خانەوادەدا، بە ئومێدی رەچاو کردنیان.

**خۆشەویستی تۆ هەرزەکارەکەت لەوەدایە دان بە کەسایەتی و سەربەخۆیی ئەودا بنێیت، مەبەستم لەو سەربەخۆییە لە سنورێکی دیاریکراودا.**



# گەشتی خەیاڵ

ئەسماء خالید

هەمیشە ئاشقی ئەو سەفەرە بووم کە دیدەنم شادببێ بە ماڵە بەرەکەت و موحیبەتەکەی ئەم شارە پڕشکۆیە، شاری ئەزیزو دلگیرم، شاری ئاسوودەیی و ئاواتی بێ سنوورم.

کە لە تەمەنی بەهاری ژینما گەشتێکی رۆحانی سازبکەم بۆ نێو مەملەکەتی خۆشەویستی وسۆزو ئەوین، تاکو هەتوانی سارێژی برینەکانی جەستە ماوە دەست خەم، هێندە حەزین و مەراقی ئەم سەفەرە عیرفانیە بووم تا خەیاڵ بردمی بەرەو ئەم گەشتە پڕ لە مەعشوق و شاهانەیە، مەلی هیوام لە شەقەی باڵی دا بۆ ماڵی چراخانی روناکی و ئومێد، فەرش وسەیوانی بوونەتە ساباتی خوازیاران، قوبەی رازاوەو نەخش ونیگارە رەنگینەکان و باق و بریقەکانی فرمێسکیان کردە میوانم، ئای چ گەشتێکی خەیاڵی بوو! لە شەوی یەڵدای شەوگاری میهرو بێگەردا، نمەی بارانی زووڵاڵ لێزمە لێزمە دەبوو بەخانەخوێی زەوی، پەرەی گوڵاڵەی مەرکان و گۆزەی هەیوانم گەش و ئاڵ ئاوێزانی یەکتر دەبوون، لە ژوورە وەنەوشەیەکەما لەسەر بەرماڵە رووناهیەکەما سەری سوجدەم سەفەری بەرائەتی بەجۆشترکرد، ئایەتی (لاتقنطوا من رحمة الله) رۆندکی چاوەکانمی کردە دڵۆپەی بارانی نەرم و ئەوین، رازونیازەکانی ژینی تاڵم کردە گفتووگۆیەکی هێمنانەو بە ئاسایی دەمگوتەوە، تا گوناهەکانم چەشنی گەڵای پایزهەڵوەرن و ببنە خەزانی وەریو، شەکەتی و خەم و پەژارەم نەمێنێ، ئامانجە رەنگینەکانم رۆشن بن و لەم سەفەرە ناسك و پڕشنگدارە شاگوڵی وولاتم بتریسکێتەوە، شیلەی شادانی نەمامی کۆشکم شەوقدار بێت و چرکەساتێکی بەهادار، لە سەرگەردانی ئەم سەفەرە دڵەی بێ چارەم ئەسوتێ وەکو شوعلە.

لە یادی ئەم گەشتە خەیاڵییەو پڕ سۆزە سەرتاپای ژینم دەدرەوشێتەوە، گوڵبەندو ئیلهامی رازم دەتریسکێتەوە، باڵندەی هیواو گوڵزاری وەحدەتی فیدام دەفڕێ بەرەو ئاسمانی جوانی.




وەرگێڕانی: لێزان ئەحمەد

# پێنج ڕێگا بۆ وتنی من هەڵە بووم و نیشاندانی مەبەستەکەت لێی

١- ئەگەر بکرێ ئەو کەسەی هەڵەت بەرامبەری کردووە لە باوەش بگرە. زەحمەتە ئەو کات بە خەمباری و نارەحەتی بمێننەوە کە لە باوەشی دەگریت. دەست لێدانێکی فیزیاییانە دەتوانێت ئەو هەستە سۆزدارییە دەربڕێت.

٢- هۆنراوەیەك بنووسە یان بدۆزەرەوە، کە ئەوە نیشان بدات تۆ چەندە هەست بەوانە دەکەیت کە لە دەرەوەی ئەم بارودۆخەن. هۆنراوەکە بدە بەو کەسەی کە هەڵەت بەرامبەری ئەنجام داوەو، بشڵێ «بمبورە، من هەڵەبووم. دەزانم کە ڕەنگە ئێستا باش نەبێت و دەبوو زووتر داوای لێبووردنم کردبا، بەڵام هەوڵی زۆرم داوە تا ئەو ووشە ڕێك و پێکانەم دۆزیوەتەوە کە لە پشتیانەوە مەبەستی (من هەڵەبووم، بمبورە!) هەیە. ئەم هۆنراوەیەم دۆزیوەتەوە کە وشەگەلێکی باشتری تێدایە لەوەی من بتوانم بۆتی بنووسم تا پێت بڵێم «تۆ چەندە بۆ من گرینگی!». تکایە داوای لێبووردنم قبوڵ بفەرموو.

٣- لیستێك لەو (٥) هۆکارەی پێبدە کە بۆت گرنگن. تێبینییەکیش لە کۆتایی شیکردنەوەکەدا دابنێ، بۆ نموونە «ماوەیەکی زۆر پێش ئێستا بە خۆمم وت، کە ئەم (٥) شتەم لەبیر بێت کە وا لە تۆ دەکات بۆ من ببیتە تایبەت. ئەمڕۆش کە ئەمانەم لەبیر کرد، هەم تۆم دڵتەنگ کرد، هەمیش خۆم. تکایە بمبەخشە! ناتوانم تاکە ساتێکیش لە پێش چاوی خۆمی ونبکەم، چونکە من بەکارهێنانی وشەگەلێکی هەڵەم هەڵبژارد، هەڵەم بەرامبەرت کرد و ئازارم دایت».

٤- شتێك دروست بکە لە ١٠ وێنەی ئەو شوێنە سەرسوڕهێنەرو جوانانە پێك هاتبێت کە پێشتر پێکەوە تیایدا بوونە. نامەیەکیش بۆ ئەو دیارییە ئامادە بکە، بۆ نموونە «هیچ شتێك نییە، گرنگتر لەو ساتە سیحراوییانەی تۆ بە ژیانمت بەخشیوە! بەڵام، ئەمڕۆ کەمتەرخەم بووم، داوای لێبووردنم هەیە».

٥- شتێك دروست بکە بۆ چاکەدانەوەی. وەسڵێکیش بۆ ئەمە دروست بکەو بیدە دەستی و بڵێ «بمبورە، لە هەمووان باشتر دەزانم کە کردار شەرتە و بەرزترە لە قسە، بەڵام ئەو قسانە ئازاربەخش بوون. من شانازی بە تۆوە دەکەم، ڕێزت دەگرم و، بەها و نرخێکی زۆریشت لای من هەیە، ئەو شتەشم دەوێت کە بۆ ئێمە باشترە. من دەزانم تۆ کێیت، بۆچی بوونت هەیە و، هەموو ئەوەی دەمەوێت بیکەم، خۆشویستنی تۆ و پشتگیری کردنە لە تۆ. من هەڵە بووم و ئەوڕۆ ئەوانەم لەبیرکرد. بەو هیوایەم داواکەم قبوڵ بفەرموویت و ئەمەش وەك ئەوە ببینیت کە بگەڕێینەوە بۆ ڕێگا ڕاست و دروستەکەی خۆمان.

ئەمانە پێنج خاڵی گرینگ بوون.

بەڵام لەبیرت بێت، هیچ لەم داوای لێبووردنکردنانە، کاری خۆی ناکات ئەگەر بە ڕاستگۆیانە نەبێت بۆ ئەو بارودۆخەی تێی کەوتوویت.

دەتوانیت دوو لەو هەنگاوانە بەکاربهێنیت کە باسمان کردن، دەشتوانیت شتێکی تریش زیاد بکەیت کە تایبەت بێت بە خۆتان و کاریگەری ئەرێنی باشی بۆتان هەبێت و شتێکی جوان بێ بۆ داوای لێبووردن کردن.

شتێکی جوان دەربارەی داوای لێبووردن کردن: ئەگەر ئەوان دڵسۆزبن، ئەوا بەڕاستی تۆ تەنها پێویستت بە دوو وشە دەبێت (من ببەخشن). بەڵام هەمیشە جوانە کە شتێکی تریش بکەیت، کە بتەوێت دەستپێشخەری بکەیت لە پەرەپێدانی پەیوەندی، ئەمە وەك هەڵێك بە گرنگ بزانە بۆ گەڕانەوەی ڕەنگ و بۆی ژین و، مرۆڤایەتیت.

دەکرێت بپرسین ئاخۆ تا ئێستا چ جۆرە داوای لێبووردنێکی بێوێنەت پێشکەشکردووە؟ یان پێی کاریگەر بوویت؟ دەی با ئەمڕۆ هەمووان دەست بە چاککردنەوەی خۆمانو پەیوەندییەکانمان بکەینەوە.

سەرچاوە:
www.pickthebrain.com

# له بەخشینی کەم شەرم مەکە نەبەخشین لەو کەمترە

ئیلهام فازیل احمد

ئەگەر سەرەنج بدەین ئەوا هەست دەکەین کە بەخشین یەکێکە لەو کردارانەی کە بە چاوێکی بەرزەوە سەیر دەکرێ، ئەو مرۆڤەی تەنها لە پێناو خوای گەورەدا ببەخشێت هەموو کات خاوەنی ڕێز و دڵێکی ئاسودەیە و هەرگیز لە یاد ناچێت و جێی شانازیە ئەگەر کەمیش بێت. با ببەخشین ئەوا بەردەوام بین چونکە هەموو کات خوای میهرەبان لەوە زیاترمان پێ دەبەخشێت کە بەخشیومانە هەروەك لەم بەسەرهاتەدا بۆمان ڕوندەبێتەوە، کچێك ناوی (ڕۆژایە) و تەمەنی دوانزە ساڵە دایکی کرینی هەندێ پێداویستی پێ دەسپێرێت، ڕۆژاش بەدڵ خۆشیەوە جێبەجێ دەکات و بەرەو فرۆشگاکەی نزیك ماڵی خۆیان بەرێ دەکەوێ بەڵام لە گەڕانەوەیدا لەسەر شەقامەکە کوڕێکی بچوك دەبینێت کە لەسەر کورسی شەقامەکە پاڵ کەوتووە دەڵێت ئەو کەسەی پێداویستیم جێبەجێ بکات خوا سەرکەوتوی بکات و نیعمەتی زۆری پێ ببەخشێت بەختەوەر بژی، ڕۆژاش بە بیستنی ئەم نزایە زۆر ناخی دەهەژێت و بەڵێن دەدات ئەگەر لە توانایدا هەبوو ئەوا یارمەتی بدات، وە لەدڵی خۆیدا دەڵێت دەبێت چ پێداویستیەك هەبێت وای لەم کوڕە کردبێت ئەم نزایە بکات، بەهەر حاڵ کوڕەکە بەردەوام دەبێت لەم نزایانە وە (ڕۆژا)ش پاش سڵاوکردن لێی دەپرسێت ناوت چیە ؟ ئەویش وەڵام دەداتەوە دەڵێت ناوم (ئەحمەد)ە، ئەویش پێی دەڵێت باشە پێم ناڵێیت بۆ بەم سەرماو سۆڵەیە تۆ لەسەر کورسی ئەم شەقامە پاڵ کەوتویت و نزا بۆ ئەو کەسە دەکەیت کە پێداویستی تۆ جێبەجێ دەکات؟

پێم ناڵێت ئەم پێداویستیەی تۆ چیە؟! ئەحمەدیش بەچاوی پڕ فرمێسکەوە وەڵامی دەداتەوە دەڵێت چ هەڵوێستێکی من وای لێ کردی کە ئەم پرسیارەم ئاراستە بکەی، ڕۆژاش وەڵام دەداتەوە دەڵێت ئەو نزایەیی کە کردت باشە چ پێداویستیەکت هەیە تا بۆتی جێبەجێ بکەم؟

ئەحمەدیش وەڵامی دەداتەوە دەڵێت من دایك و باوکم نیە، شەوانە دەسازم لەگەڵ تەنیایی شەقامەکان ئێستا سەرماو برسێتی تەنگی پێ هەڵچنیوم، گەر تۆ بتوانی یارمەتیم بدەی ئەوا لەو نزایەیی کە کردومە هیوام وایە بەرامبەر تۆ قبوڵ بێت، ڕۆژاش ئەو پێداویستیانەی کە بۆ ماڵەوە کڕیویەتی پێشکەشی ئەحمەدی دەکات لەگەڵ چاکەتەکەی پاش سوپاس کردنی لەلایەن ئەحمەدەوە بە پاسکیلەکەی دەڕواتەوە بۆ ماڵ بێ ئەوەی هیچ پێداویستیەکی بۆ ماڵ پێ بێت، کە دەگاتەوە ماڵ دایکی لێی دەپرسێت بۆچی پێداویستیەکانت نەکڕیوە؟ ئەی کوا چاکەتەکەت ؟ ئەویش تەواوی بەسەرهاتەکەی بۆ دەگێڕێتەوە دایکی زۆر دەستخۆشی لێ دەکات بۆ ئەنجامدانی ئەو کارەی وە دڵنیاشی دەکاتەوە کە خوا پاداشتی دەداتەوە، نیوەڕۆ دادێت باوکی لەکار دەگەڕێتەوە بە خێزانەکەی دەڵێت کە بەهۆی ئەوەی کارێکی چاکم کردوە بەڕێوبەرەکەم لە پۆستەکەم بەرزی کردمەوەو پارەیەکی زۆری پێدام و ئۆتۆمبیلێکی پێشکەش کردم، ڕۆژاش بە باوکی دەڵێت من دەزانم هۆی ئەم هەموو نیعمەتانە چیە، باوکی پێی دەڵێت ڕۆژا گیان دەکرێت پێم بڵێیت نهێنی ئەو کارە چیە ؟ ئەویش تەواوی بەسەرهاتەکەی بۆ دەگێڕێتەوە، باوکی زۆر سوپاسی دەکات و بەڵێنی دیاریەکی پێ دەدات لەبەرامبەر ئەو کارەی ئەنجامی داوە، لە کۆتاییدا دەڵێین ببەخشن چونکە ماڵەکانتان بە بەخشین کەم ناکات بەڵکو زیاد دەکات.



# هەستی خوێندکار دوای پۆلی دوانزە

بابەتی ئەم جارەم لەسەر هەستی خوێندکارە لە قۆناغێکی هەستیاری ژیانیدا، بگرە ئەتوانم بڵێم چارەنووس سازە بۆی، ئەویش کاتێکە کە نمرەی پۆلی دوانزە وەردەگرێتەوە تا ئەو کەتەی ڕەنگە لە داخلی (بەشی ناوخۆیی)بژی. ئینجا لێرە چەن خاڵێك زۆر بە کورتی باس دەکەم.... ژیان وەك ئەوەیە کە لە داخلی بەیانی بە دەنگی هاوڕێیەکی خۆشەویستت هەڵدەستی ناوت دێنێ و دەڵێ خێراکە کاتی دەوامە، بەڵێ ئەوەش ژیانەو یەکێکە لە خۆشترین ساتەکانییش، چونکە لە ماوەی چەندساڵێکدا ئەم هەلەت بۆ دەرەخسێ کەوا دووریت لە ژیانی ڕۆتینی خۆت و هەست بە بوونی خۆت دەکەیت، هەست دەکەی کەوا گەورەبووی و ئیتر پشت بە خۆت ببەستی.. ئیتر نەما بڵێی دایکە کوا جلەکانم، کوا کوپەکەم، کوا قەڵەمەکەم...هتد. بەڵێ لێرەدا تووشی دوو شت دەبیت و هەریەکەیان بە ئاراستەیەك دەتکێشن:

١- یان ئەوەیە پشت بە خۆت ببەستی و ڕۆژانە کاری ماڵێك بکەی و ببی بە دایك و باوك و خوشك و برای خۆت

٢- یان ئەوەیە تووشی شۆك ببی و بڵێی من چی دەکەم لێرە، من توانای تەنیایم نییە، دووربم لە ماڵەوە.. نانا من چیتر بەرگەی ئەم دۆخە ناگرم! من چی "هەڵەیەك"م کردووە و خۆمم خستۆتە نێو ئەم گێژاوەوە!

لەم دوو ئاراستەیە تۆ کامیان هەڵبژێری ژیانی خۆتی پێ دیاری دەکەی. یەکەمیان هەڵبژێری ئەوا هەڵدەستی بە ئەنجام گەیاندنی ئەو ئەرکەی کە لە سەرتە و لە دوا ڕۆژدا شانازی بە خۆتەوە دەکەی و دەبیتە نموونەیەك لە خۆڕاگری و سەرکەوتن بۆ کەسانی دەورووبەرت. خۆ ئەگەر دووەمیان هەڵبژێری ئەوا تۆ هەڵدەستی بە وازهێنان لە کارێکی "گرنگ" کە بەلای تۆوە "گران" بووە، بەڵام دواتر کە کارێکی ئاسانتر بە ئەنجام دەگەیەنی سەرەتا هەست بە خۆشی دەکەی، لە دوا ڕۆژیشدا کە بیر دەکەیەوە دەڵێی خۆ من ئەگەر بۆ ئەو چەند ڕۆژە خۆمم بگرتایە ئێستا حاڵم باشتر دەبوو، بەڵام ئێمە باش دەزانین هەرچی لەچەتری چارەنووسدایە هەر ئەوەمان تووش دەبێ.

دڵپاك غەفور



# ژیان وا فێری کردم

نووسینی: رابەر ئەحمەد وەرتی

### ژیان وا فێری کردم
هەر کاتێك شتێکی نامۆت لە نێو خێزانەکەتدا بینی، دەستەوسان دامەنیشە، هەستەو چاودێرییەکی ژیرانەی ئەو ئەندامە بکە کە گومانت لێی هەیەو پەیوەندی بەو شتە نامۆوە هەیە، بۆ ئەوەی گەر شتێك هەبێت، بۆت روونبێتەوەو چارەی بکەیت، پێش ئەوەی کار لە کار بترازێت.

### ژیان وا فێری کردم
نابێت خۆشویستنی کەسێکی ئازیز، هەڵەکانیت لێ ون بکات، باشتریش وایە بە نهێنی بۆی راستکەیتەوە.

### ژیان وا فێری کردم
هەرگیز شەرم لەو شتانە مەکە کە پێویستە لە شوێن و کاتی خۆیاندا ئەنجامیان بدەیت، ناوی خوایان لێبێنە و سەربەرزانە ئەنجامیان بدە.

### ژیان وا فێری کردم
مرۆڤ هەمیشە خەوالووە، تا کەسێك خەبەری دەکاتەوە.

### ژیان وا فێری کردم
مرۆڤێ کە کاری خراپی بە ئاشکرا کرد، توانای زۆر شتی تریشی دەبێ کە کەسانی دی بیریان بۆی ناچێ یا لێی چاوەڕێ ناکەن.

### ژیان وا فێری کردم
ئەگەر توانای خزمەتکردنی کەسانی دیکەشت نەبوو، بە خزمەتکردنی خۆت رابە.

### ژیان وا فێری کردم
باشترین شت بۆ لەبیرکردنی ناخۆشی و دووركەوتنەوە لە هەستی دووری و غوربەتی و خەمۆکی، یادی خودا و سەرقاڵبوونە بە کارێك یان چەند کارێکەوە.

### ژیان وا فێری کردم
مـرۆڤ چەندە پێویستە خۆی لە نەخۆشی بپارێزێ، هێندەش دەبێ خۆی لە پزیشك بپارێزێ!

### ژیان وا فێری کردم
ئەو دڵدارەی، دڵبەرەکەی گرینگی پێ دەدات، لەشساغ و ساغڵەمە.

### ژیان وا فێری کردم
ژیانت وەکو کامێرایەك لێ بکەو خۆشت وەکو وێنەگرێك؛ فۆکس بدە لە شوێنە گرینگەکان، ئەگەریش جوان دەرچوو، بیشۆرەوە یان وەکو یادگارییەکی فرەخۆش هەڵی گرە، ئەینا بیسڕەوەو هی تر بگرەو بیخەرە شوێنی.





ئەمیر ئەحمەد عبدالقادر
ڕاهێنەری بواری پەرەپێدانی مرۆیی

# ترس لەلای منداڵ

منداڵ هەر لەکاتی لە دایك بونیدا، وەڵامی کاریگەری دەرەکی دەداتەوە کە دەوری داوە، بەڵام وەڵام بەپێی جۆر و ماوەی کاریگەری دەگۆڕێت، بۆ نمونە ڕوناکی زۆر وا لەمنداڵ دەکات چاوی بەخێرایی بجوڵێنێ، و دەنگی بەرز بەرەو گریان و خۆ جوڵاندنی دەبات تا وەکو بەرگری لە خۆی بکات، ئەم ڕەفتارانە سەبارەت بەم ڕوداوانە پێیان دەوترێت ترس.

ترس هەموو جوڵەو دەنگ و گۆڕنی دەنگ و فراوان بوونی گلێنەی چاو و زیاد بوونی لێدانی دڵ، و هەموو کاردانەوەیەکی جەستەیی بریتییە لە خۆ ڕزگار کردنی منداڵ لەم کاریگەریە کە هەڕەشە لە ژیانی دەکات.

ترس لای منداڵ لە شێوەی سامێکی قوڵ، کە گشت ڕوخساری دادەپۆشێت پاشان لەرزین و هاوار کردن، کە لەکۆتایدا لەرزینی لێوەکان و تەتەڵەی زمانی لێ دەکەوێتەوە.

ترس تەنها لای منداڵ نییە، بەڵکو لای گەورە و پێگەشتوان هەیە لە ڕێگەی هەندێك ڕووداو کە وەك هێزێکی کارا لە دروست کردنی کەسێتی و لە ناوبردنی هێزی ژیری ئەو کەسە، هەروەك چۆن ئاراستەی دەکات بەرەو ڕێگەیەکی ڕاست و دروست، و مەترسی لێ دوور دەکاتەوە.

توێژینەوەکان دەریان خستووە کە ئەو منداڵەی نەترسێ لە دەووروبەر ئەوا لە تاریکیش ناترسێ هەرچەندە دەستیش بدات لە هەندێ گیاندار، یان باڵندە، یان هەندێ شت، دەریان خستووە بوونی دوشت لای شیرەخۆر ترس دروست دەکات بەتایبەتی. وەك بونی دەنگێکی بەرز و نەمانی، و ئەگەر شتێکی تر بەراورد بکرێت وەك تاریکی یان گیانداریك یان ئاگرێك بەیەکێك لەم دوو هۆکارە ئەوا ترس ڕوو دەدات لە بوارەکانی تردا بە گشتی لەگەڵ دووبارە بونەوەی چەند جارێك، بەم کارە دوترێت (کاردانەوەی مەرجدار) هەروەها ترسان لە سەگ هەمان ترسانە لە دەنگی پێش گەستن و پەلامار دانی.

هەر بەم شێوە هەستکردنی منداڵ بە ترسو سام، کاتێك بە تەنها جێ دەهێڵرێت بۆ یەکەم جار لە تاریکیدا، خۆ تاریکی هۆکار نیە بەڵکو جیابونەوە و تەنهایی کاریگەری زیاترە لە تاریکی. وە خودی گیاندار جێگەی ترس نییە، بەڵکو دەنگی گیاندارەکە بە تایبەت کاتێك دایك و باوك یاری منداڵانی دەخەنە بەردەم و پاشان لاسایی گیاندارەکان دەکەنەوە.

با منداڵێك وەك نمونە وەربگرین کە لەگەڵ دایکیدا دەژیت کاتێك دەرگایەکان بەتوندی دادەخرێن وە بەدەنگی بەرز قسە دەکرێت، ئەگەر بەشێوازێکی جوان خواردنی پێنەدا، ئەوا زۆر ئاساییە، کە دایکەکە خۆی جێگەی مەترسی بێت بۆ منداڵەکە کە بە تایبەت لە کاتی خواردندا، هەر بۆیە زۆرێك لە منداڵان خواردن لە دایکیان وەردەگرن بەڵام لە باوکیان وەرناگرن، یاخود بەپێچەوانەوە، یاخود منداڵەکە لەگەڵ کەسێك ڕادێت و لێی وەردەگرێت، بەڵام لە کەسانی تر دەترسێت، بە زۆری وایە کە منداڵ لە شتێك دەترسێت کە دەنگێکی بەرزی لێدەربچێت و بەدووبارە بونەوەی ئەم کارە دەبێتە ڕاستیەکی چەسپاو لە مێشکی منداڵەکەدا، و هەندێ ترسی تر هەیە لە دەرونی منداڵەکەدا سەر هەڵدەدات، لەگەڵ چونەناو، ژیان و ئەرکی خێزانەوە.



ناصح برزنجی

ماستەر لە بەڕێوەبردنی دامەزراوەکان

# بەڕێوەبەری سەرکەتوو و کاریگەر کێیە؟

نوێترین تیوری بەڕێوەبردن، تیوری ڕۆڵی بەڕێوەبردنە، بنەمای ئەم تیوریە دەڵێت دیاری کردنی ڕۆڵی بەڕێوەبەر لە سەرنجدانی ئەو کارانەیە کە ئەنجامی دەدات و لە سەر بنەمای کارەکانی هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێ.

ئادیزس Adizes کە زانایەکی بواری بەڕێوەبردنە بۆ هەر بەڕێوەبەرێکی کاریگەر چوار ڕۆڵی دیاریکردوە کە ئەوانیش (بەرهەم، جێبەجێکردن، داهێنان و تەرکیبە) هەر یەکە لەم ڕۆڵانە لە گەڵ سیستەمە بچووك و کۆمەڵایەتیەکان پەیوەندییان هەیە، ئەم زانایە ڕای وایە کە کۆکردنەوەی هەر چوار ڕۆڵەکە لە یەك بەڕێوەبەردا ئەستەمە، چونکە ڕۆڵەکان بە پێی سروشتی کەسەکان و کار دەگۆڕێت، بەڕێوەبەرێك کە بتوانێت لەم چەشنە بێت پێویستە تەکنیك کارێکی باش،سەرۆك و داهێنەر بێت.هەر بەڕێوەبەرێك بە پێی ئاستی دامەزراوەکەی و بارودۆخی ژینگەی کارەکەی پێویستی بە پلەیەك لە شارەزایی هەیە.جۆرەکانی بەڕێوەبردن بریتی یە لە(بەڕێوەبەرانی جێبەجێکار، بەڕێوەبەرانی ناوەندی و بەڕێوەبەرانی باڵا)

بەڕێوبەرانی جێبەجێکار زۆر سەرقاڵن و بەردەوام لە پەیوەندی دان و پەیوەندییان پێوە دەکرێ و ناچارن بۆ چاودێری کارەکان بەردەوام لە هاتوچۆدا بن.کار بۆ کارمەندان دیاری دەکەن و پلانی کورت ماوە دادەڕێژن.

بەڕێوبەرانی ناوەندی ڕاپۆرت دەدەنە بەڕێوبەرانی سەروتر،کاریان بەڕێوبەردنی سەرپەشتیارانە و لە نێوان بەڕێوبەرانی جێبەجێکار و بالادان،زۆرترین کات سەرقالی شیکردنەوەی داتا و زانیارین و زانیارییەکان بۆ بریار دەگۆڕن و بریاری بەڕێوبەرانی بالاش بۆ پرۆژە دیاری کراوەکان، هەروەها ئاراستەی کاری بەڕێوبەرانی جێبەجێکار دیاری دەکەن.

بەڕێوبەرانی بالا هەڵسەنگاندن بۆ کاری تەواوی دامەزراوە دەکەن و لە بارەی بابەت و پرسی گشتی لە گەڵ بەڕێوبەرانی خوارەوە ئاڵوگۆڕی ڕا دەکەن و زۆرترین کاتیان لە گەڵ کەسانی دەرەوە لە پەیوەندی دان و لە گەل ناوەوەی دامەزراوە گرنگی بە ژینگەی دەرەوەش دەدەن و پلا ماوە و دیاری کردنی ڕۆیای دامەزراوە لە ئەستۆی ئەماندایە.

بەڕێوبەران پێویستە داهێنەر بن، داهێنان بە واتای بەکارخستنی تواناکانی زیهن بۆ دروستکردنی بیرۆکە و مەفهومی نوێ، بەردەوام ژیانی دامەزراوە بەندە بە بەڕێوبەرانەوە، بە بیرۆکەکانیانەوە، ئەرکی نوێکردنەوەی دامەزراوە بە لە بەرچاوگرتنی ئامانجی دامەزراوە، هەروەها ڕەچاوکردنی بارودۆخی هەنوکەیی و چاکسازی و باشتر کردنی ڕێگاکانی گەیشتن بە ئامانج لە ئەستۆی بەڕێوبەرانە.

مەکسیم گۆرکی دەڵێت: ئەگەر کار کردن کات بە سەر بردن بێت، ژیان چێژی دەبێت بەڵام ئەگەر ئەرک بێت ژیان کۆیلایەتی یە.

بەڕێوەبردنی سەرکەوتوو بریتی یە لە بەدەست هێنانی ئامانجی دامەزراوە.

ویلیام جیمز لێکۆڵینەوەیەکی لەسەر ئەنگیزەی کارەوە ئەنجام داوە گەشتوە بەو ئەنجامەی ئەو کەسانەی کە بە کاژێر کار دەکەن بە خەرجکردنی ٢٠ بۆ ٣٠ لە سەدی تواناکانیان دەتوانن کارەکانیان بپارێزن و دەرنەکرێن، هەر لەم لێکۆڵینەوە ئەوە دەرکەوتوو کە کەسانێك کە بە ئەنگیزە و خۆشەویستی بۆ کارەکانیان ئەنجام دەدەن ئەوا ٨٠ بۆ ٩٠ لە سەدی کارەکانیان ئەنجام دەدەن.

بەڕێوەبەرێکی سەرکەوتوو ئەوەیە کە بتوانێت سوود لە توانای ٨٠ بۆ ٩٠ لە سەدی کارمەندەکانی وەربگرێت ئەویش بە دروست کردنی ئەنگیزە و هەستی خۆشەویستی بۆ کار لە ڕێگەی سیستمی پاداشت و سزای کارمەندان.

بەڕێوەبەران و بڕیاردانی کاریگەر ودروستکەر:

بڕیاردان پرۆسەیەکی بەردەوامە و لە سەرجەم چالاکیەکان بوونی هەیە و سەرجەمە بەڕێوەبەران و کارمەندان لە پرۆسەی بڕیاردان بەشدارن، یەکێك لە تیوری زانانی بەڕێوەبەرن، بڕیاردان بە جەوهەر و بنەمای بەڕێوەبردن دەزانێت، بەڕێوەبەرێکی سەرکەوتوو لە هەمان کاتدا بڕیادەرێکی سەرکەوتووە.

گریفیس بڕیاردان بە دڵی دامەزراوە لە بواری بەڕێوبردن دا دەزانێت و بڕوای وایە کە تەواوی کارکردەکانی بەڕێوەبردن و چوارچێوەی دامەزراوە لە سەر بنەمای بڕیاردان وەستاوە.

لە ڕاستیدا بڕیاردان کلیلی گرنگی کردنەوەی ئاڵۆزییەکانی دامەزراوە و کارەکانی بەڕێوەبردنە.

پرسی بڕیاردان لە بەڕێوەبردن گرنگی بەرچاوی خۆی هەیە چونکە پەیوەندی بە مرۆڤەکانەوە هەیە، بڕیاردان بەندە بە پەروەردە و پێگەیاندنی مرۆڤەکان کە ئەگەر ئەو بڕیارانە جێبەجێ نەکرێت یاخود هەڵە بن زیانی گەورە بە تاك و کۆمەڵ دەگەیەنێت.

پرۆسەی بڕیاردان لە بەڕێوەبردن بریتی یە لە:

دیاری کردن و پێناسەی کێشەکە.

دیاری کردنی ڕێگە چارەسەرە جیاوازەکان.

دیاری کردنی پێوەری هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەی ڕێگە چارەسەرەکان.

شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی ڕێگە چارەسەرەکان.

هەڵبژاردنی ڕێگەی چارەسەری تەندروست.

دەرکردنی بڕیار.

ئەنجام:

بە سەرنج دان لەو بابەتانەی کە باسکرا بەڕێوبەرێکی سەرکەوتوو و کاریگەر سەرەڕای ڕۆڵی بەڕێوبردنەکەی پێویستە داهێنەر بێت تا بتوانێت زۆرترین هەست و ئەنگیزە لە ناو کارمەندەکانی دروست بکات تا لە بەردەم ئامانجی دامەزراوە هەست بە بەرپرسیاریەتی بکەن، بەڕێوبەری کاریگەر لە کاتی ڕوبەڕوبونەوە لە گەڵ کێشەکان ڕێگە چارەی گونجاو دیاری دەکات و بڕیاری کاریگەر و دروست دەردەکات.

بەڕێوەبەرێکی سەرکەوتوو ئەوەیە کە بتوانێت سوود لە توانای ٨٠ بۆ ٩٠ لە سەدی کارمەندەکانی وەربگرێت ئەویش بە دروست کردنی ئەنگیزە و هەستی خۆشەویستی بۆ کار لە ڕێگەی سیستمی پاداشت و سزای کارمەندان.

# پرۆژەی پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری بە بەشداری هاوڵاتیان و کەرتی تایبەت و حکومەتی هەرێمی کوردستان

## زەویەکانی ٨ ی حەساروٚک بە نمونە

**پێناسەی پرۆژە:**

بیرۆکەیەک بۆ ئاوەدان کردنەوەی زەویەکانی ٨ی حساروٚک.

ئەم زەویانە زیاتر لە (٢٥) هەزار یەکەی نیشتەجێبوون، چەند ساڵێکە لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دابەش کراوە بەسەر هاوڵاتیان، تا ئێستا هیچ خزمەت گوزاریەکی بۆ دابین نەکراوە و هاوڵاتیش چەند ساڵێکە چاوەڕێی خزمەت گوزارین بۆ ئەم ناوچەیە.

ئێمە وەکو ڕیکخراوی کەشە بیرۆکەیەک دەخەینە بەر دەست لایەنی پەیوەندیدار بۆ ئاوەدان کردنەوەی ئەم بەشەی شاری هەولێر.

**سودەکانی ئەم پرۆژەیە:**

١- خاوەن زەویەکان سوودمەندی سەرەکین لەم پرۆژەیە، بۆ نمونە ئەگەر بەراورد بکەین لە نێوان زەویەک لە ٨ی حساروٚک نرخی (٢٦،٠٠٠ $) کە خزمەتگوزاری نییە، لەگەڵ زەویەک لە ٥ ی حساروٚک (کە دەکەوێتە تەنیشت ٨ی حساروٚک) وە خزمەتگوزاری هەیە نرخی (٧٥،٠٠٠$) ئەگەر ئەم خزمەتگوزاریانە جێبەجێ بکرێت نرخەکانی ٨ی حساروٚک بەهەمان شێوەی ٥ی حساروک بەرز دەبێتەوە و جیاوازیەکەی بەم شێوەیە دەبێت.

٧٥،٠٠٠ $ - ٢٦،٠٠٠ = ٤٩،٠٠٠ $

واتە بە نزیککراوەیی هەر زەویەک بڕی (٤٩،٠٠٠ $) قازانج دەکات.

٢- هەروەها حکومەتیش سوودمەندێکی سەرەکیە لەم پرۆژەیە کە لەم قەیرانی داراییەدا دەرباز دەبێت لە گەیاندنی خزمەتگوزاری بۆ ئەم ناوچەیە کە چەندین ساڵە پێی نەکراوە، وە هاوڵاتیان دەست دەکەن بە مۆڵەت وەرگرتن کە بەمەش حکومەت رسومات وەردەگرێت، بەهەمان شێوە لە کاتی کڕین و فرۆشتنیش دیسان حکومەت رسومات وەردەگرێت.

٣- هەلی کار دەستەبەر دەکرێت بۆ هاوڵاتیان و کرێکاران لە بەشەکانی ئاوەڕۆ، کارەبا، شەقام.

٤- هەلی کار بۆ چەند کۆمپانیا و کارگە و دووکان دارەکان پەیدا دەبێت بۆ فرۆشتنی کەل و پەلەکان

٥- دابین کردنی شوێنی نیشتەجێبوون و رزگار کردنی ژمارەیەکی زۆری کرێچی.

٦- جموجۆڵێکی زۆر دێتە بازاڕی عەقارات و کڕین و فرۆشتنی خانووبەرە.

باکگراوندی پرۆژەکە:

حکومەتی هەرێمی کوردستان وەکو هەموو حکومەتەکانی تری دونیا ناتوانێت تەواوی خزمەتگوزاریەکان بۆ هاوڵاتیان دابین بکات، بۆیە لە وولاتانی پێشکەوتوو لە کاتی ئاسایی و سروشتی (کەرتی گشتی- حکومەت) بەشێکی زۆری خزمەتگوزاریەکان

ئا: عەلی ئیبراهیم حەسەن



لە ڕێگای کەرتی تایبەت پێشکەش دەکات، تاکو قەبارەی حکومەت بچوک بێت خەرجیەکانیشی کەمتر دەبن، کاراکردنی کەرتی تایبەت (کۆمپانیاکان) کاتی پێویستە بەڵام دەبێت ئەم هەنگاوە هەر دەست پێبکرێت.

ڕێکخراوەکەمان بەشێکی نوێی کردۆتەوە تایبەت بە (پرۆژە و توێژینەوە) تاکو هاوکاری حکومەت و پەرلەمان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن بکات بە پێدانی ئامار و شیکردنەوەی ئابوریانە بۆ کەرتی زەوی و زارو بەرهەمهینان و بازرگانی تا بەشێوەیەکی زانستیانە و سەردەمیانە کەرتی زەوی و زار بەرز بکەینەوە، بیکەینە سەرچاوەیەکی تری داهات بۆ حکومەت و زیاتر ئاوەدان کردنەوە و بنیاتنانی ژێرخانی ئابووری هەرێمی کوردستان بە گشتی و هەولێری پایتەخت بە تایبەت. بەشێوەیەکی گشتی زەوی و زار لە هەرێمی کوردستان ناسنامەی دیار نیە لە بواری زەوی کشتوکاڵی بە هۆی نەبوونی یاسای سەردەمیانە و کەمی کۆمپانیای وەبەرهێنان لە بواری کشتوکاڵی و نەبوونی پرۆژەی بچوک و مامناوەند بەشێکی زۆری جوتیاران مامەلەیان بە زەویەکان کردووە و ئەگەر وەزارەتی کشتوکاڵ بە بەرنامە و یاسای گونجاو کارنەکات زیدەڕۆیی زەویە کشتوکاڵیەکان کێشەوگرفتی گەورە بۆ حکومەت و هاوڵاتیان دروست دەکات، بۆیە لە داهاتووی نزیك بۆ بواری زەوی کشتوکاڵیش پرۆژەی تایبەتمان دەبێت بە هاوکاری لایەنە پەیوەندیدارەکان.

لە بواری زەوی نیشتەجێکردن و بازرگانی بە هۆی کەم و کورتی لە یاسای وەبەرهێنان و کەمی ڕێنمایی و چاودێری ورد لەسەر هەندێك وەبەرهێنان و سەرمایە گوزار، چەندین پرۆژەی نیشتەجی بوون لە کارکەوتوون و سەدەها هاولاتیش زەرەرمەند بوون.

لە دوای ساڵی ٢٠١٤ بە هۆی شەڕی نەگریسی داعش و دارمانی نرخی نەوت لە بازارەکانی جیهان و ناکۆکیە سیاسیەکان لە هەرێمی کوردستان کەرتی زەوی و زار توشی کێشە و گرفت و قەیرانی گەورە هات.

لە ئەنجامی ناجێگیری بارودۆخی سیاسی لە هەرێمی کوردستان، بەشێك لەسەرمایەداران پارەکانیان بردە دەرەوەی هەرێم و ڕۆژ لە دەوای ڕۆژ جموجوڵی بازار ڕووی لە کز و نزمی کرد.

لە ئێستادا بە هۆی بەرەو کۆتایی چوونی شەڕی داعش لە عیراق و سووریا و سەقامگیر بوونی نرخی نەوت و باشتر بوونی دۆخی سیاسی لە ناوخۆیی هەرێمی کوردستان و پەسەند کردنی پلانی سێ ساڵەی ئابووری حکومەتی هەرێمی کوردستان بەهاوکاری بانکی نێودەوڵەتی و هاتنی کۆمپانیا گەورەکان بۆ کارکردن لە کوردستان و دەستپێکردنی پرۆسەی جاکسازی و بەڵێنی وولاتانی خۆرئاوا بە دووبارە ئاوەدانکردنەوەی ناوچە زەرەرمەندەکانی دەستی داعش ئاماژەن بە جوولەیەکی پلەبەند لە ڕووی ئابوری و دارایی لە بازارەکانی هەرێمی کوردستان.

وەکو ووتراوە (هەر زەبرو هێزێك نەتکوژێت بەهێزترت دەکات) دوای ئەم قەیرانە خەریکە شارەزایان و سەرمایەداران لە بواری عەقارات و زەوی و زار لە شێوەی کۆمپانیا و گروپ تواناکانیان کۆ دەکەنەوە و خۆیان بۆ قۆناغی ئاینده ئامادە دەکەن.

ریکخراوەکەمان دەیەوێت بە ئەرکی نەتەوەیی و نیشتیمانی خۆی هەڵبستێت و باری قورسی حکومەت و هاوڵاتیانی سووك بکات لە ڕێگەی ئامادەکردنی پرۆژە و بیرۆکەی نوێ، تاوەکو ڕۆڵی کارامان هەبێت لە بنیاتنان و ئاوەدانکردنەوەی هەولێر بەتایبەتی و هەرێمی کوردستان بە گشتی.

بەڵام ئەم بەرەو پێش چوونە تەنها بە حکومەت ناکرێت، پێویستە کۆمپانیاکانیش گۆڕانکاری لە شێوازی کارکردنیان دروست بکەن و خواست و داواکاری هاوڵاتیان لە بەرچاو بگرن.

بۆ سەرکەوتنی ئەم پرۆژەیە پێویستە حکومەت پاڵپشت و هاوکاری ئەم ئەزموونە نوێە بکات و تاکو دەرئەنجامی باشی هەبێت و پەرلەمانیش لە ڕووی یاساییەوە هەوڵی دارشتن و هەموار کردنی یاساکان بدات تاکو ژینگەیەکی وەبەرهێنانی ڕاستەقینە بێتە کایەوە کە لە کۆتاییدا هاوڵاتی سوودمەندی یەکەم دەبێت.

### بیرۆکەی پرۆژە:

بەشداری هاوڵاتیان لە پرۆژە خزمەت گوزاریەکان بنەمایەکە وولاتانی پێشکەوتوو کاری لەسەر دەکەن و ئەزموونێکە لە زۆربەی وولاتان تاقی کراوەتەوە و دەرئەنجامی زۆر باشی هەبووە، بۆ نموونە ڕێکخراوی (CAD CA) لە ئەمریکا لە ڕێگەی (٥٠٠٠) هاوپەیامنێتی ڕاو سەرنجی هاوڵاتیان وەردەگرێت بۆ دیاری کردنی کێشەکان و ڕیگاکانی چارەسەری، هەروەها ڕێکخراوی (VO GA) ماوەی چەند ساڵێك لەگەڵ پارێزگاکان لە چەند شار و شارۆچکەیەك ئەم ئەزمونەیان لە بواری ڕاوێژکردن بە هاوڵاتیان بۆ ئەنجامدانی پرۆژەکانیان لە هەرێمی کوردستان جێبەجێ کردووە لە زۆربەی شارو شارۆچکەکان خەڵکێکی دەست ڕۆیشتوو بە زیدەڕۆیی زەوی کشتوکاڵی هێناوە کردوویەتی بە پارچە پارچە بۆ نیشتەجێ کردن و خزمەت گوزاری سەرەتایی بۆ ڕاکێشاوە، بە داخەوە چەند گەڕەکێکی بەم جۆرە لەدەور و بەری هەولێر بە نمونە لە کۆمەڵگای بەحرکە و گرد جوتیار و پیرزین و بنصلاوە و دارەتوو و مامزاوە دروست بوونە!!! ؟ بۆیە تا ئەم حاڵەتە نەبۆتە دیاردە کۆمپانیاکەمان دەیەوێت زەویە

بەتاڵەکان کە چەندەها ساڵە هیچ خزمەت گوزاریەکی نیە و بە هیچ جۆرێك سوودی لیوەرناگیرێت، بە بەشداری هاوڵاتیان لە قۆناغی یەکەم خزمەتگوزاری سەرەتایی بۆ دابین بکرێت تاکو دیاردەی زیادەڕۆیی کەم بکرێتەوە و هاوڵاتیانیش سوود لە زەویەکانی وەربگرن .

ئەم بیرۆکەیە ئێمە دەمانەوێت لە کەرتێکی ٨ی حسارۆك ئەزموونی بکەین و تاقی بکەینەوە و دواتر دەکرێت سوود لەم ئەزموونە وەربگیرێت لە شار و پارێزگاکانی تری هەرێمیش دووبارە بکرێتەوە و لەکەرتەکانی تریش کە خزمەت گوزاریان نیە.

هەروەها ئەم بیرۆکەیە دەکرێت لە لایەن پسپۆڕ و شارەزایان و ڕێکخراوەکانی پەرەپیدانی ئابووری و ژووری بازرگانیەکان و لێژنەکانی پەرلەمان لە کەرتی پەروەردەو تەندروستی و ئاوو کارەبا سوودی لیوەربگیرێت.

ئەم بیرۆکەیە دەبێتە هۆی کارکردنی کەرتی بانکی لە هەرێمی کوردستان وەکو ووڵاتان ڕۆڵیان هەبێت لە بواری عەقارات و زەوی زار لە ئەنجامدا جموجوڵێکی گەورەی ئابووری دروست دەکات.

### مەبەستی پرۆژەکە:

١- کەمکردنەوەی زێدەڕۆیی لە سەر زەوی شارەوانی و کشتوکاڵی

٢- کەمکردنەوەی کێشەی کرێنیشینی

٣- بەشداری هاوڵاتیان بە بڕێك پارە لە پرۆژە خزمەتگوزاریەکان کە دەبێتە هۆی خێرا جێبەجێ کردنی پرۆژەکان وە کەم کردنەوەی خەرجی حکومەت لە بواری خزمەت گوزاری.

٤- دەبێتە سەرچاوەیەکی داهات بۆ حکومەت لە ڕێگەی وەرگرتنی باج و ڕسومات لە مامەڵەکانی کرین وفرۆشتن وەرگرتنی مۆڵەتی خانوو بۆ زەویەکان.

٥- دروست بوونی جموجۆڵێکی گەرم لە بواری کرین و فرۆشتن وە سورانەوەی پارە لە بازاڕ، لە ئەنجامدا وەبەرهێنەرەکانی بواری زەوی و زار سوودمەند دەبن وەکو نوسینگە و کۆمپانیاکانی بواری عەقارات وە هەروەها حکومەتیش لە کاتی بەناو کردن.

٦- بەگەڕخستنەوەی کارگەکانی بواری بیناسازی و دروست کردنی بەهەزارەها دەرفەتی کار و کەمکردنەوەی بێ کاری.

٧- تەنها بە جێبەجێکردنی ئەم پرۆژەیە لە ٨ی حسارۆك نزیکەی ٢٠٠٠٠ هەزار هاوڵاتی دەبنە خاوەن خانوو لە کێشەی کرێ نشینی و بێخانوویی ڕزگار دەکرێن.

٨- بوار دەرەخسێنێ بانکەکان لە ڕێگەی پیدانی قەرز لەم پرۆژانە سوودمەند بن و وەبەرهێنان لە بواری عەقارات دا بە هاوکاری بانکەکان دەچیتە قۆناغێکی نوێ..

### لایەنی جێبەجی کار:

پێشنیارکراوە بەسەرپەرشتی پارێزگای هەولیر و فەرمانگە پەیوەندیدارەکانی شارەوانی و تەندروستی و پەروەردە و ئەوقاف و کارەبا و ئاو و ئاوەڕۆی هەولێر و بانکێکی متمانە پیکراو جێبەجێ بکرێت.

شێوازی جێبەجێکردنی پرۆژەکە:

١- جێبەجێ کردنی ئەم پرۆژەیە پێویستی بە لێکۆڵینەوەی وورد هەیە بە هەماهەنگی لە نێوان حکومەت و پسپۆڕانی ئابووری و هاوڵاتیان، دەبێت حکومەت هاوکار بێت بۆ وەرگرتنی ئەو برە پارەیە بە شێوەیەك هاوڵاتی دڵنیا بکاتەوە کە مافەکەی نافەوتێت، وە ڕاپرسیەك بکرێت بۆ خاوەن زەیەکانی ئەم ناوچانە کە تاچەند ئامادەییان تێدا هەیە ئەو برە پارەیە بدەن، ئەگەر هاتوو لە نیوەی زیاتر ئامادە بوون کە پارەکە بدەن بە اقساط بۆ بانکێکی نیشتیمانی، ئەوانی تر حکومەت دەبێت پابەندیان بکات بۆ دابینکردنی ئەو برە پارەیە لە کاتی کرین و فرۆشتن یان لە کاتی مۆڵەت وەرگرتن.

٢- دەبێت پارێزگا و ئەنجومەنی پارێزگا ڕاستەوخۆ ڕۆڵیان بۆ دیاری بکرێت لەم پرۆژەیە، چونکە سەرکەوتنی ئەم پرۆژەیە بە دەستکەوتێکی گەورە بۆ پارێزگای هەولێر دەگەڕێتەوە.

٣- دەبێت بەڕێوەبەرایەتی گشتیەکان (شارەوانی- تەندروستی- ئاوو کارەبا- هتد) لە نزیکەوە ڕاو سەرنجیان وەربگیرێت و ڕۆڵیان لەم پرۆژەیە دیاری بکرێت.

٤- بە هاوکاری حکومەت چەند بانکێکی وەبەرهێنان و پەرەپێدان دەکرێت گفتوگۆیان لەگەڵ بکرێت و ڕۆڵی بانکەکان لەم پرۆژەیە دەست نیشان بکرێت، بۆ نمونە بانکی جیهان و بانکی کوردستان کە ئاسان کاری بکەن قەرز بدەنە فەرمانبەران و هاوڵاتیان.

یاخود لەو قەرزانەی دەدرێتە حکومەتی هەرێم برێك پارە بۆ ئەم پرۆژەیە تەرخان بکرێت و بە قەرز بدرێتە خاوەن زەویەکان.

**دواتر دەکرێت بە نوسراوی فەرمی ئەم پرۆژەیە بۆ هەر یەك لەم شوێنانە بنێردرێت.**

ا- لێژنەی چاکسازی سەرۆکایەتی هەرێم.

ب- لێژنەی ڕووبەڕووبونەوەی قەیرانەکان– سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.

ج- لێژنەی پەیوەندی دارەکان- - شارەوانی، ئابووری/ پەرلەمان کوردستان.

د- لیژنەی پەیوەندی دارەکان لە ئەنجومەنی پاریزگای هەولیر– سلیمانی- دهۆك.

هـ- ڕێکخراو و سەندیکا و ژوورە ئابوریەکان.

و- دەزگاکانی ڕاگەیاندن.



# سەرە گوێرەکە

تۆفیق کەریم

زستانی ساڵی (١٩٩٩) ئیفلیجبوونی بەشێکی لەشم و بێ هیوایی لە چارەسەری کوردستان، گەیاندمیە تاران، کەچی تۆوی شیفای ئەویش پوچ دەرچوو، ناچار خزامە باژێڕە خنجیلانەکەی شێخ حمەسەعیدی شێخ حەسەنی قەیتولی لە شارۆچکەی (ڕوانسەر)ی ئێران، کە جگە لە شێخێتییەکەی، شارەزا و کارامە بوو لە گژوگیای کوردەواریدا، کتێبخانەیەکی دەوڵەمەند، دیوەخانەکەی ئاوەدانکردبووەوە، کە دەیان سەرچاوەی گەورەی لە نموونەی بوخاری و موسلیم و فەتاوای کوبرای ئیبن تەیمیەی لەخۆگرتبوو.

جەنابی شێخ، شێخێکی خاکیی بوو، بینیم کە دەهاتە ژوورەوە دەچووە دەرەوە بە بێزارییەوە بەو خەڵکەی دەوت کە لەبەری هەڵدەستان: ئەمە سەد جارە پەژم لەبەر من هەڵمەستن.

هەر لەو هەوڵی ئەو خۆبەخاکییگرتنەیدا لە کابرایەکی پرسی کە دیاربوو خەڵکی بیا شووشی نێوان روانسەرو جوانڕۆ بوو وتی: سۆفی محەمەد، حاڵ و ئەحواڵتان چۆنە؟ سۆفی بەوپەڕی ئەدەبەوە وتی: قوربان لە سایەی خوا و سەری جەنابتەوە باشین، شێخ بە بزەیەکەوە وتی: تەنیا بێژە لە سایەی خواوە، بڕوا بکە سەری من سەری گوێرەکەیەك ناژێ، مامە سۆفی بە شەرمو لەرزینەوە کەوتە ئەستەغفیروڵڵا و قوربان قوربان، کەچی شێخ بە نەزاکەتێکەوە وتی: ئەستەغفیروڵڵای نەگەرەکە، قسەکەی منە، ئیتر کەوتە بەراوردکردنی سەری خۆی و سەرە گوێرەکەوە و فەرمووی: سۆفی محەمەد سەرە گوێرەکەیەك لەم سەرماو سۆڵەی زستانەدا لێی بنێیت بەشی پێخۆری دوو سێ ڕۆژی خۆت و منداڵەکانت دەکات، بەڵام سەری من ببڕە دەبێتە ملت و پووڵێك ناکات، کەواتە سەری گوێرەکە لەسەری من باشترە بۆتان.

ئەم وەڵامە سادە پڕ مانایەی جەنابی شێخ تەواو سەرنجی ڕاکێشام، کە هێشتا مورشیدی وەها ماوە بەو شێوەیە موریدەکانی بموچێنێت.

سەرنووسەر



# با زمانمان بەڵاى سەرمان نەبێت!

به زمان بیناى دڵ و دەروونمان دەکەین و یادى خوا دەکەین و قورئان دەخوێنین، هەر بەهۆیەوە دەبینە دەروازەو کلیلى خێرو چاکەو داخستنى دەرگاى خراپەو تاوان، بەڵام گەر زمان توشى ئافات و بەڵا و پەتابوو، ئەوا غەیرى خوا دەپەرستێ و هاوەڵى بۆ پەیدا دەکات و داهێنان دەکات لە دین و پەرستندا، دڵى خەڵکى ئازار دەدات و کەسانى بێ تاوان دەچەوسێنێتەوە و ماڵى خەڵك وێران دەکات و بوهتان دەکات.

مرۆڤ وەك دەوترێت بەدوو بچوکەکەیەوە (دڵ و زمانى) مرۆڤە.

گەر پەروەرێن و دڵێکى پارێزراوى زمانى پاکو پاراوى پێ بەخشى ئەوا خێرو بەرەکەتى بەسەردا رژاوە.

زمان دەروازەو پەرینەوەیە بۆ دڵەکان، مرۆڤ بریتیە لە دڵێك لە ناوەو زمانێك کە خێرو چاکەو خراپەى لێ وە دەبیین.

گەر دڵ بریتى بێت لە دەفرێك ئەوا زمانیش لەو دەفرە دەردەکات، بە ئەندازەى ئەوەى ئەو دڵە پڕ بێت لە خێر و چاکە، ئەو چاکە و خێرە لە زمانى دا رەنگدەداتەوە.

بەڵام پەنا بەخوا گەر پڕبوو لە خراپەو گوناە و تاوان، ئەو زمانیش هەر ئەوەى لێ دەوەشێتەوە خەڵکانێکى زۆر بێ ئاگان و گوێ نادەنە مەترسیەکانى ئەم ئەندامەى لاشە، مەترسى و کارەساتەکان کە لە زمانەوە دەردەچن.

مەترسیەکان ئەوەى لە زمانەوە دەنوسرێتەوە.

ئەوەتا معاذ خواى لێرازیبێت سەرى سور دەمێنێت و بە سەروەرمان دەڵێت ئایا ئێمە لێمان دەپرسرێتەوە لەوەى کە دەیڵێن و لە زمانمانەوە دەردەچن پێغەمبەریش (ﷺ) دەفەرموێت (ثکلتك امك یا معاذ و هل یکب الناس على وجوههم او على مناخرهم في النار الا حصائد السنتهم)